بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

گۆڤاری

ئەیووب A و B ی

ژمارە (٣)

بەهاری ٢٠١٧

گۆڤاری

ئەیووب A و B ی

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئایینی وەرزی یە بۆ
ئاشناکردنی مرۆڤ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام

خاوەن ئیمتیاز

شێروان صادق علی

سەرنووسەر

سامی مصطفی حسن

دەستەی بەڕێوەبردن و دەرهێنان

ئیسماعیل کریم قادر

بێوار فهمی شکری

هێژا صباح حسن

ناونیشان:

هەولێر/ بەختیاری

هەولێر/ بەحرکە

موبایل

٠٧٥٠٣٠٣٠٢٠٢

https://www.facebook.com/ayobipage
Gmail: ayobigovar@gmail.com

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ
فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ
حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴾

النساء:٦٥

خطبة الحاجة:

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، و نستغفره، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا، و من سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، و أشهد أن محمداً عبده و رسوله.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾[1].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا﴾[2].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ۝٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَـٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾[3].

أما بعد:

فإن خير الحديث كتاب الله، و خير الهدي هدي محمد (صلى الله عليه وسلم)، و شر الأمور محدثاتها، و كل محدثةٍ بدعة، و كل بدعةٍ ضلالة، و كل ضلالةٍ في النار.

---

(١) (آل عمران: ١٠٢).

(٢) (النساء :٢).

(٣) (الأحزاب: ٧٠ ـ ٧١).

دُعاءُ النبـيِّ (صلى الله عليه وسلم)

حِينَ يُصْبِحُ وَ حِينَ يُمْسِى

«اللَّهُمَّ إِنِّى أَصْبَحْتُ أُشْهِدُكَ

وَأُشْهِدُ حَمَلَةَ عَرْشِكَ

وَمَلاَئِكَتَكَ

وَجَمِيعَ خَلْقِكَ

أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ

وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُكَ وَرَسُولُكَ»

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: «ئەوەی چوار جار بڵێت خودا لە ئاگر رزگاری دەکات »

أخرجه أبو داود:٥٠٧١

پێرست

نزای دەست پێك..... ٩

دەست پێك..... ١٠

سەروتار:..... ١١

چەند وێستگەیەکی هزراندن لە سەر لاپەڕەی یەکەمی قورئانی پیرۆز..... ١٢

گەشتێك بە ناو واتا بەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا (٢٨ ـ ٢٩)..... ١٣

وێستگەی بیست و هە شت..... ١٤

بۆچی لە فاتیحەدا باسی(حەمد) کراوە ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بەڵام باسی (تسبیح) نەکراوە!؟ هەروەها باسی (ڕەحمەت)کراوە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەڵام باسی (حیکمەت) نەکراوە!؟..... ١٤

- ماناکانی (حمد) و (تەسبیح) و جۆری پەیوەندی نێوانیان، هەروەها ماناکانی (ڕەحمەت) و (حیکمەت) و جۆری پەیوەندی نێوانیان..... ١٤

- چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماناکانی (حەمد)، (تەسبیح)، (ڕەحمەت)، (حیکمەت) لە ژیانی ڕۆژانەماندا..... ١٦

وێستگەی بیست و نۆ..... ٢٥

سێگۆشەی: * یەك خوداپەرستی * بنەماکانی ئیسلام * ڕووەکانی چاکسازی لە سێ ئایەتی یەکەمی فاتیحەدا..... ٢٥

هۆکارەکان سەرکەوتنی خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب رضي الله عنه) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا... ٣٧

بەشی دووەم ـ عومەر (رضي الله عنه) و پاراستنی ئاسایشی تاکەکەس و کۆمەڵگا..... ٣٨

یەکەم : پاراستنی ئاسایشی دەروونی تاکەکەس بە پاراستنی ماناکانی یەك خودا پەرستی (حفظ الدين)..... ٤١

دووەم : پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس بە پاراستنی عەقلی تاکەکەس (حفظ العقل)..... ٥١

سێیەم: پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس، بە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی کوشتن (حفظ النفس)..... ٥٥

چوارەم: پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس بە پاراستنی مافی ئافرەت (حفظ الشرف و النسب ـ الأمن الإجتماعي ـ)..... ٥٨

پێنجەم: پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس، بە پاراستنی سەرمایەی خەڵك (حفظ المال ـ الأمن المالي و الغذائي ـ).....٦٨

(خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) دایکی موسڵمانان قوتا بخانەیەکی پەروەردەیی و کەسایەتییەکی بێدەنگ! ٧٥

یەکەمیان: فیترەتێکی پاك و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (لا إله إلا الله).....٨٠

دووەمیان: ژیرییەکی تەندروست و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (محمدٌ رسول الله)..... ٨٢

سێیەمیان: بەخشندەیی و ســـــەخـــــــاوەت.....٨٤

پرسیار و وەڵامی A و B ٨٧

بەشی یەکـەم : پرسیار و وەڵام لە ئەحکامی فیقهیدا ٨٧

١- ئایا دەستنوێژگرتن نییەتی پێویستە؟ ئایا نییەتەکە بە زوبان دەگوترێت یان تەنها لەناو دڵدایە؟.....٨٧

٢- هەندێك کەس تووشی وەسوەسەی دەستنوێژ دەبن چارەسەریان چییە؟.....٨٩

٣- ئایا دەستنوێژگرتن وێرد(أذكار)ی تایبەتی خۆی هەیە؟ و ئەگەر هەبێ ئایا گوتنیان واجبە؟.....٩١

٤- ئەرکەکانی دەستنوێژگرتن چین؟ ئەوانەی کاتێك یەکێکیان نەهێتەدی دەستنوێژگرتن بە هۆیەوە بەتاڵ ببێت؟.....٩٣

٥- ئایا ڕادانی ئاو بە ناو دەم (المضمضة) و لوت(الإستنشاق) بەشێکە لە شوشتنی دەموچاو (الوجه) و هەمان حوکم وەردەگرن؟.....٩٥

٦- ئایا ڕادانی ئاو بە ناو دەم (المضمضة) سوننەتێکی تایبەتە بە دەستنوێژگرتن؟.....٩٧

٧- سوننەتەکانی دەستنوێژگرتن چین؟.....٩٨

٨- ئایا ئەو ئەندامانەی دەستنوێژگرتن، کە شوشتنیان پێویستە، دەتوانین زیاتر لە سێ جار بشۆین؟.....١٠١

٩- ئەگەر سەری پیاو بە جەمەدانی بێت، یان سەری ئافرەت بە خیمار پۆشراو بێت، ئایا ئەوکات خۆ سەرکۆتکردن، پێویستە بۆ مەسحکردنی سەر؟.....١٠٢

١٠- ئەو ئافرەتانەی نێنوکیان بۆیە دەکەن، ئایا دەتوانن دەستنوێژ بگرن بە بێ لادانی بۆیەکە؟ ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو جۆرە بۆیانەی بۆ نێنوك بەکاردێن نایەڵن ئاو بگاتە نێنوکەکە؟.....١٠٤

بەشـی دووەم : پرسیار و وەڵامی گشتی : ١٠٥

١- ئایا فتوحاتی ئیسلامی بەڵگەی ئەوە نین کە ئیسلام بە شمشێر بڵاوبووتەوە و خۆی سەپاندووە؟! یان دەیان ئایەتی قورئان و دەقی فەرموودە کە هانی جەنگ دەدەن فەرمان بە کوشتنی سەرپێچیکاران دەکەن! بەڵگەنین بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە زەبری هێز؟! ئەگەر ئەمە وابێت، ئەوا ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام ئاینی توندڕەوییە؟!.....١٠٥

٢- ئایا وەرگرتنی سەرانە لە جولەکە و نەساراو مەجوسەکان، بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ناعەدالەتی کۆمەڵگای موسڵمانان نییە؟ ئایا ئەمە پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی نییە لە ناو کۆمەڵی موسڵمانان و دەوڵەتەکەیان؟.....١٤١

شەڕە بوختان بە ئەهلی ئیسلام، ناڕاستی و ناپاکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانستیدا.....١٤٧

یەکەمیان: بوختانکردن بە (أبو بكر الصِّديق ـ رضي الله عنه) کە کەسێکی بە ئاگر سووتاندووە! ١٤٨

دووەمیان: بوختانکردن بە (عمر بن الخطاب ـ رضي الله عنه) کە کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی سووتاندووە! ١٤٩

سێیەمیان: بوختانکردن بە (ابن تيمية) کە لە بابەتی (الأسماء و الصفات) خالق بە مەخلوق دەشوبهێنێ ! ١٥٣

دوا بابەت ، بەرەو یەکتر قەبوول کردن لە پێناوی خودادا ١٥٧

دعاء النبـي (صلى الله عليه وسلم)

إذا قام من الليل

((اللَّهُمَّ رَبَّ جِبْرِيلَ وَمِيكَائِيلَ وَإِسْرَافِيلَ

فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ

عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ

أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ

اهْدِنِى لِمَا اخْتُلِفَ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِكَ

إِنَّكَ أَنْتَ تَهْدِى مَنْ تَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ))

أخرجه أبوداود:٧٦٨

نزای دەست پێك

خودایە پەنات بۆ دەبەین،
کە ئەوەی لەم لاپەڕانەدا دەنووسرێت،
تەنها لە پێناوی تۆدا بنووسرێت.
ئەوەی لەم لاپەڕانەدا دەخوێنرێتەوە،
تەنها لە پێناوی تۆدا بخوێنرێتەوە.

دەست پێك

ئێمە دەستەی کارای دەرهێنان و ئامادەکردنی گۆڤاری ئەیووبی، زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە هاندەرمان بوون بۆ زیاتر خۆ ماندووکردن لە سەر دەرخستنی گۆڤارەکە، و دەستخۆشیان لێکردین بە ڕەخنەی بونیاتنەر، و پێیان ڕادەگەیەنین کە ئەوان بەشێکن لە ئێمە، ئێمەو ئەوان لە ڕێی لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەوە، بە دوای ئەوانی تردا دەگەڕێین، تاوەکو چاویان ڕووناك بکەین بە پەیامی قورئان، بەرزی کەسایەتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)، لە پاشان پیرۆزباییان لێبکەین لە سەر هەڵگرتنیان بۆ جوانی ئیسلام و مانا بەرزەکانی یەك خودا پەرستی.

سەروتار:

بایەخدان بە ڕووکەشی(ظاهر)ی کێشەیەك و غەفلەت لە ناوەڕۆکەکەی، لە خودی کێشەکە ترسناکترە، بەڵام ئەوەی لە مەش ترسناکتر دۆزینەوەی چارەی هەڵەیە کاتی ئاوڕدانەوە لە ناوەڕۆکی کێشەکە، لە پاشان ڕووکەشکردنی هەڵەی چارەسەری بە ڕووکەشێکی ئەدەبی بۆ هەڵخەڵەتاندنی خاوەن کێشەکە! لەوانەیە ئەم عیبارەتانە هەندێك قورس بن، بۆیە بە نمونە ڕوونیان دەکەینەوە: لە **هەشتاکانی** سەدەی ڕابردوو دوژمنانمان بە وشەی (الأنفال) دژایەتی کردین، کەچی کێشەی ڕۆشنبیرانمان ئەوەبوو ئایا (وشە) بە یەك(و) دەنووسرێت یان دوو (وو)! لە **نەوەدەکانی** سەدەی ڕابردوودا، وڵاتە پەرتەوازەکەمان تووشی شەڕی ناوخۆ بوو، کێشەی ڕۆشنبیرانمان ئەوەبوو ئایا ئەم شەڕە ناوخۆیە ناوی بکەینە شەڕی براکوژی یان شەڕی خۆکوژی یان...یان...؟ لە **پاش نەوەدەکان** بۆ کێشەی ناوچە کورد نشینەکانی دەرەوەی هەرێم، بە دوای ناوێکدا دەگەڕاین، خۆشبەختانە ناوێکی خۆشمان دۆزییەوە، ئەویش: ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەم چەند نمونەیە بەشێکی باشی کاروانی ڕۆشنبیرانمانە دوور لە حیزبایەتی! بەڵام لە هەمان کاتدا دوور لە ئاوڕدانەوە لە ناوەڕۆکی کێشەکان، ئایا ئێمەی کورد چ بە منداڵەکانمان بڵێین؟ پێیان بڵێین: ئێمەی کورد عەلمانین، یان ئیسلامین، یان عەلمانی موسڵمانین، یان موسڵمانی نوێخوازین یان ... یان...! لەم پەرتەوازە فیکرییەدا، ئێمەی کورد وەکو دایك وباوکێکی موسڵمانی نۆژنەکەر دێینە بەر چاو، کە لە ترسی چاو و زاری خەڵك ناوی کوڕە نوبەرەکەیان بکەنە (أحمد)! ئەمە لە کاتێکدا، چارەی کێشەکانمان لە ناودا نییە، کە ناوی نوبەرەکانمان بکەینە (**أحمد**)! بەڵکو لە پەروەردەکردنی نۆبەرەکانمانە، لە سەر **پەیامی أحمد** (صلى الله عليه وسلم) کە گۆڤارەکەمان هەنگاوێکە بۆ ئەم پەروەردەیە... ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء:٦٥).

آية الكرسي

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا
نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي
يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا
خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ
وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ
وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ﴾

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ((هەر کەسێك پاش
هەموو نوێژێك (آية الكرسي) بخوێنێت، هیچ ڕێگرێك نییە لە بەردەم
چوونە بەهەشتیدا، تەنها مردن نەبێت))



(چەند وێستگەیەکی هزراندن لە سەر لاپەڕەی یەکەمی قورئانی پیرۆز)

گەشتێك بە ناو واتا بەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا (٢٨ ـ ٢٩)

ـ بەشی سێیەم ـ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١
ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣
مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ
٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ
أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا
ٱلضَّآلِّينَ ٧

بە پشت بەستن بەخودا بەردەوام دەبین لە گەشتەکەماندا بە ناو مانا بەرزەکانی سورەتی فاتیحە، لەم بەشەشدا لە سەر چەند نهێنییەکی ئایەتە پیرۆزەکانی ئەم سورەتە دەوەستین لە چەند وێستگەیەکدا لەوانە:

وێستگەی بیست و هەشـــــت (٢٨)

بۆچی لە فاتیحەدا باسی(حەمد) کراوە ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بەڵام باسی (تسبیح) نەکراوە!؟ هەروەها باسی (ڕەحمەت)کراوە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەڵام باسی (حیکمەت) نەکراوە!؟

وەڵامی ئەم پرسیارە و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لە ماناکانی (حمد) و جۆری پەیوەندییەکەی بە (تسبیح)ەوە، هەروەها لە ماناکانی (ڕەحمەت) جۆری پەیوەندییەکەی بە(حیکمە)تەوە بۆمان دەردەکەوێت. کەواتە بۆ زیاتر ئاسانکردن وەڵامەکە دەکەینە دوو بەش:

بەشی یەکەمی وەڵامەکە :

ماناکانی (حمد) و (تەسبیح) و جۆری پەیوەندی نێوانیان، هەروەها ماناکانی (ڕەحمەت)و (حیکمەت) و جۆری پەیوەندی نێوانیان.

لە ڕووی مانایەوە(حمد) ماناکەی بەرزدانانی ناو و سیفەتەکانی پەروەردگارە، (تەسبیح) ماناکەی دوورخستنەوەی هەموو کەمو کورتییەکە لە ناو و سیفەتەکانی پەروەردگار. جۆری پەیوەندی نێوان ئەم دوو مانایە، یەکتر پێویست کردنە (تلازم)، واتە هەر کاتێ وشەی (حمد) بە تەنیا هات، ماناکانی (تەسبیح)ی لەگەڵە و هەرکاتێ وشەی(تەسبیح

بە تەنیا هات، ماناکانی (حمد)ی لەگەڵە و ئەگەر پێکەوەهاتن، ئەوا هەریەکەیان مانای خۆی هەڵدەگرێت[١].

واتە کاتێ مرۆڤ دەڵێت: (الحمد لله رب العالمين) واتە: خودایە مانا گەورەکانی ناو و سیفاتی تۆ لە دڵمدا بەرز ڕادەگرم ـ ئەمە مانای : (حمد)ە ـ ، ئەم مانایە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە هەر کەموکورتییەك هەبێ لە ناو و سیفاتی تۆ دوورە ـ ئەمەش مانای: (تسبیح)ە ـ . لەبەرئەوەی سورەتی فاتیحە پوختەی قورئانی پیرۆزە، کەواتە باسی (حمد) و فەرمان پێکردنی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ماناکانی (تەسبیح) دەگرێتەخۆی، کەواتە ناگوترێت (تسبیح) باس نەکراوە!

بەهەمان شێواز باسکردنی فاتیحە بۆ(ڕەحمەت) لە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾دا ناگوترێت باسی (حیکمەت) نەکراوە! چونکە ناکرێت ڕەحمەتی پەروەردگار حیکمەتی لەگەڵدا نەبێت، ئەمەش لە مانای دوو وشەکە (الرحمه ، الحکمه) بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر ئێمە بڵێین: (ڕەحمەت) مانای میهرەبانی، یان دلۆڤانی، یان سۆز و بەزەیی دەگەیەنێت کە مانای لە یەکتر نزیکن، ئەوا گشت ئەم مانایانە پێویست دەکەن، کە جیاوازی بکرێت لە نێوان ستەم و سزاکەی لەگەڵ دادپەروەری و پاداشتەکەی، ئەم جیاوازیکردنەش مانای (حیکمەت)ە، کە دانانی شتی شیاوە لە کاتی شیاودا لە جێی شیاو[٢] ! کەواتە

---

(١) قال شيخ الإسلام : ((التسبيح يتضمن التنزيه المستلزم للتعظيم، و الحمد يتضمن إثبات المحامد، المتضمن لنفي نقائصها)) (قاعدة حسنة في الباقيات الصالحاص ص٢٣). و ينظر: كتاب التسبيح في الكتاب و السنة و الرد على المفاهيم الخاطئة فيه لدكتور محمد كندو (١\١٩٣ ـ ٢٠٧).

(٢) قال ابن كثير في تفسيره (١\١٨٤،٣١٥،٤٥٩): ((الحكيم في أفعاله و أقواله فيضع الأشياء في محلها بحكمته و عدله)) و ينظر : النهج الأسمى في شرح الأسماء الحسنى تأليف محمد الحمود ص١٧٠ ط: مكتبة الإمام الذهبي ـ الكويت.

ماناکانی (ڕەحمەت) و (حیکمەت) یەکتر پێویست دەکەن، پەیوەندی نێوان ئەم دوو وشەیە پەیوەندی یەکتر پێویستکردنە(تلازم)، بۆیە بە باسکردنی (ڕەحمەت) لە فاتیحەدا باسی (حیکمەت)یش کراوە، ناگوترێت باسی حیکمەت نەکراوە.

لەبەشی دووەمی وەڵامەکە زیاتر ئەم مانایانەمان بۆ نزیك دەبێتەوە:

بەشی دووەمی وەڵامەکە:

چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماناکانی (حەمد)، (تەسبیح)، (ڕەحمەت)، (حیکمەت) لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

ئەم جێبەجێکردنە ـ بە پشت بەستن بەخودا ـ بە دوو نمونە باسی دەکەین:

نمونەی یەکەم:

جێبەجێکردنی ماناکانی (حەمد)، (تەسبیح)، (ڕەحمەت)، (حیکمەت) بە تێگەیشتنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز

(ئایەتی دوعای موصیبەت ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾ وەکو نمونە)

وشەکانی قورئانی پیرۆز، کە مانای تایبەتی خۆیان هەیە، لە هەمان کاتدا کاری تایبەتی خۆیان هەیە بەسەر هەڵسوکەوت و هزری مرۆڤدا، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگدانەوەیان دەبینرێت لە خۆڕەوشتی هەڵگرانی قورئان، ئەم ڕەنگدانەوەیەش جوانییەکەی بە پێی جوان لێکدانەوەی ئەم وشانە دەگۆڕدرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمەی باسکرا، وەکو نمونە لەسەر مانای وشەکانی (ڕەحمەت، حیکمەت، حەمد،

تەسبیح) دەوەستین، لە ڕوانگەی چۆنیەتی جێبەجێکردنیان بە کردەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەمەش بە دوو خاڵ :

یەکەمیان (١):

کاتێ مرۆڤ دەڵێت: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ واتە خودایە هەموو سوپاسگوزارییەك بۆ تۆ، لە سەر هەموو شتێکی ئەم ژیانە کە تۆ پێت بەخشیوم. ژیان لەگەڵ ئەم مانایانە ئەوەیە، کە مرۆڤ بەزمانی حاڵ دەڵێت: خودایە ئێمە حەمدی تۆ دەکەین، بە دانانی هەموو سیفەتەبەرزەکان بۆ تۆ، دوورخستنەوەی هەموو کەموکورتییەك لە تۆ، کەواتە هەر نەخۆشییەك یان موصیبەتێك لەم ژیانەدا تووشمان ببێت، هۆکارەکەی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، وەك لەقورئاندا هاتووە: ﴿وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَۚ﴾[١] واتە: (هەر کارێکی نەخوازراو تووشت ببێت لە خۆتەوەیە) هەروەها لەم فەرموودەدا هاتووە: ((الخير كله في يديك، و الشَّر ليس إليك))[٢].

ئەم تێگەیشتنە بۆ ماناکانی (حەمد) و (ڕەحمەت) بریتییە لە لێکدانەوەی ڕاست و دروست بۆ ماناکانی بڕوابوون بە (قەدەر)[٣] کە هەموو کات لە ژێر چەتری ئەم مانا

---

(١) النساء : ٧٩.

(٢) أخرجه مسلم(١\٥٣٤ رقم: ٧٧١).

قال شيخ الإسلام رحمه الله: ((الشر ليس إلى الله بوجهٍ من الوجوه، فإنه و إن كان الله خالق أفعال العباد فخلقه للطاعات نعمة و رحمة، و خلقه للسيئات له فيه حكمة و رحمة و هو مع هذا عدلٌ منه، فما ظلم الناس شيئاً، و لكن الناس ظلموا أنفسهم . و ظلمهم لأنفسهم نوعان:

* عدم عملهم الحسنات، فهذا ليس مضافاً إليه.

* عملهم للسيئات خلقه عقوبةً لهم على ترك فعل الحسنات التي خلقهم لها، و أمرهم بها.

فكل نعمة منه فضل، و كل نقمة منه عدل)).

(مجموعة الفتاوى١٤\٣٣٤ ط: القديمة و ١٤\١٨٩ ط: العبيكان \ الوفاء \ابن حزم) ينظر: تمام كلامه ثمة.

(٣) بڕوانە : لاپەڕە ٤٩ ژمارەی یەکەمی ئەیووبی.

بەرزانە بەندە هەست بە چاودێری خودا دەکات بەسەر کار و کردەوەکانی، و هەموو کات ئەم مانا بەرزانە پێویست دەکەن بەندە بۆ خۆی بگەڕێتەوە، زیاتر پەیوەندییەکەی لەگەڵ پەروەردگار بە هێز بکات، بە دوو شێوە:

١ـ زیادکردنی ئیستیغفار (لەبەر کەموکورتیمان لە کاری بەندایەتی بۆ خودا، پێویستیمان بە لێبوردەیی خودا ـ المَغْفِرة ـ).

٢ـ زیادکردنی شوکرانە و چاکەکاری (لەبەر شیاوی گەورەیی ناو و سیفەتەکانی خودا، و پێویستیمان بە پاداشتی گەورەی خودا ـ الأجر الكبير ـ).

ئەمەش مانای : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ﴾ واتە: (لێبوردەیی خودا و پاداشتە گەورەکەی بۆ ئەو بەندانەیە کە کاتی توانایان بۆ سەرپێچی و تاوان، لە سەرپێچی و تاوان دووردەکەون، لە بەر هەستکردنیان بەوەی کە خودا هەموو کاتێك دەیانبینێت) .

دووەمیان(٢):

کاتێ موسڵمان دەڵێت: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ واتە خودایە تۆ خاوەن ڕەحمەتی بێ سنوری، ژیان لەگەڵ ئەم مانایە ئاشناماندەکات، کە هەر موصیبەتێك تووشمان ببێت، بەشێکە لە ڕەحمەتی ئەو! چونکە ڕەحمەتی پەروەردگار بێ حیکمەت نییە، ئەمەش وادەکات دووبارە بۆ خۆمان بگەڕێینەوە زیاتر پەیوەندیمان لەگەڵ پەروەردگار بەهێز بکەین بەزیادکردنی ئیستیغفار و دوعاکردن و چاکەکاری وەکو باسکرا.

ئەم جۆرە ژیانەش لەگەڵ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە ڕێگای تێگەیشتنی ماناکانی (حەمد، ڕەحمەت، تسبیح، حیکمەت) گەورەترین دەرگای ئاسوودەیی دڵە لە هەموو کاتێك، بەتایبەت کاتی موصیبەت، بۆیەش بنەماکانی جوان

تێگەیشتنی دوعای موصیبەت[1] وەك لە ئایەتی: ﴿ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾ دا هاتووە، بۆ ئەم مانا بەرزانە دەگەڕێنەوە، کە پوختەکەی ئەمەیە:

* ﴿إِنَّا لِلَّهِ﴾

واتە: ئێمە مولکی خوداین، ئەوەی هەمانە لەم ژیانەدا بەخششی خودایە، کاتێك مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ ئەم مانایانە دەژیت، دەرگایەکی گەورەی ڕەوشت بەرزی بۆی دەکرێتەوە کە دەرگای نواندنی ماناکانی سوپاسگوزاری (**حەمد**) بەرامبەر پەروەردگار، چونکە هەست دەکات ئەوەی کە ڕوویداوە، یان ئەو موصیبەتەی کە هاتووە، خێری ئەوی لە پاڵە، چونکە سیفەتەکانی پەروەردگار لەوپەڕی بەرزیدان و دوورن لە هەموو ستەم و کەموو کورتییەك (**التسبیح**)، کەواتە هەر گۆڕانکارییەك بەسەر ژیانی بەندەدا بێت، چاکەی خودایە بۆی، ئەگەر وەکو دیار موصیبەتیش بێت، ئەوا بە پێوەری ئیمان بەشە نادیارەکەی بۆ ئیماندار دیاردەکەوێت کە دەرگایەکی گەڕانەوەیە بۆ خودا، گەیشتنە بە پلەیەکی بەرزی خۆڕەوشت، ئەمەش لە دوو ڕوویەوە دەردەکەوێت:

١ ــ بەندە پاڵدەدات بۆ باشترکردنی دوعا و هاندەدات بۆ زیادکردنی چاکەکاری، لە پێناو پڕکردنەوەی کەمو کورتییەکانی لە بەندایەتی بۆ پەروەردگار، کە هۆکاری تووشبوونی بەندەیە بۆ کاری نەخوازراو، ﴿فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ

(١) أخرج مالك في الموطأ(١\٣٢٣ـ ٣٢٤ رقم: ٦٣٥ ط: بشار) من حديث أم سلمة (رضي الله عنه) أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال: ((من أصابته مصيبةٌ فقال كما أمره الله: إنا لله و إنا إليه راجعون، اللهم أْجُرْني في مُصيبتي، و أعْقِبْني خيراً منها، إلا فعل الله ذلك به)) قالت أم سلمة: فلما توفى أبو سلمة، قلت ذلك. ثم قلتُ: و من خيرٌ من أبي سلمة؟ فأعقبها اللهُ رسولهُ (صلى الله عليه وسلم) فتزوجها.

يَتَضَرَّعُونَ﴾[١]. واتە: (پەروردگار خەڵکێك تووشی تەنگانە دەکات لە پێناو ئەوەی بۆ خودا بگەڕێنەوە بە زۆری پاڕانەوە)

٢ ــ ڕێ لە بەندە دەگرێت لە گلەیی کردن لە خەڵك یان بۆ خەڵك، بەڵکو تەنها بۆ خودا ناخی دڵی خۆی باسدەکات، وەکو یعقوب (علیه السلام): ﴿إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾[٢].واتە: (سکاڵاو پەژارەییم تەنها بۆ خودا باسدەکەم).

هەر بۆیەش موسڵمانی تەواو لە تەنگانە زۆر خۆڕاگر و دڵنیایە، کەمتر قسە و جوانتر هەڵسوکەوت دەکات.

* ﴿وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾

واتە : گەڕانەوەمان بۆ خودایە. کاتێك مرۆڤی موسڵمان لەگەڵ ئەم مانایانە دەژیت، هەست بە کۆڵنەدەری و ماندوونەناسی دەکات، چونکە وەکو کێلگەیەك بۆ ژیانی قیامەت تەماشای ژیانی دونیا دەکات، ئەم بیروباوەڕ و هەستکردنەش، وادەکات کە خۆڕاگربێت بەرامبەر زەحمەت و موصیبەتەکانی ژیان، چونکە دەزانێ هەموو ماندوبوونێکی هەستان بە ئەرکەکان، و هەموو ئازارکێشانێك لە سەر موصیبەتەکان دوو ڕووی گەشاوەیان هەیە کە ئەمانەن:

١ ــ پاداشتێکی زۆر گەورە لە پاڵ ماندوبوون و ئازارەکانی ژیاندا هەیە، لە ڕۆژی گەڕانەوەدا بۆ لای خودا کە خاوەن **ڕەحمەتێکی** بێ سنورە، ئەم خودایە بە **حیکمەتی** خۆی بەندەکانی بە زەحمەت و موصیبەتەکانی ژیان تاقیدەکاتەوە، تاوەکو بیانگەیەنێت

(١) الأنعام : ٤٢ .

(٢) یوسف : ٨٦.

بە پلە بەرزەکانی بەندایەتی، پاداشتی بێسنوریان پێ ببەخشێت : ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ [١] .واتە (ئەوانەی ئارامیان گرتووە لەسەر موصیبەتەکانی ژیان پاداشتێکی بێ سنوریان هەیە)

٢ ــ موصیبەتەکانی ژیان دەرگای ژیانی نوێن بۆ جوانتر بیرکردنەوە، چونکە ئەم موصیبەتانە ئەگەر بە چاوێکی نەخوازراویش تەماشا بکرێن، ئەوا لە ڕوویەکی دیکەوە ئیماندار بە چاوی تێگەیشتن لە مانای ناو و سیفەتە بەرزەکانی خودا تەماشایان دەکات، کە هەرگیز ئەوەی ڕوویداوە بێ **حیکمەت** نییە! چونکە لە خوداوەیە، کە خاوەن **ڕەحمەتی** بێ سنورە. و ئەگەر ڕووینەدابا لەوانەیە کاروانی دوور کەوتنەوە لە خودا دەستی پێکردبا، کە ماڵ وێرانی یەکجارەکییە، بۆیە بەندەی موسڵمان ئاشنایە لەگەڵ موصیبەتی دونیا و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ موصیبەت، بەڕادەیەك گەورەترین موصیبەتی دونیا بە چاکەیەکی خودا ئەژمێرێت، چونکە لە دیدی ئیماندار خودی موصیبەت بەندە بۆ خودا دەگەڕێنێتەوە: ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا﴾[٢] واتە : (ئەگەر چاکە و ڕەحمەتی خودا نەبوایە بە ئێوە، ئەوا شوێن شەیتان دەکەوتن)

(١) الزمر: ١٠.

(٢) النساء: ٨٣.

نمونەی دووەم :

جێبەجێکردنی ماناکانی (حەمد)، (تەسبیح)، (ڕەحمەت)، (حیکمەت) کاتی نوێژ (سوننەتی بەیانی و مەغریب و ویتر) وەکو نمونە

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لەم سێ کاتانەدا:

*دەست پێکردنی ڕۆژ/ کاتی(سونەتی بەیانی پێش نوێژی بەیانی).

* دەست پێکردنی شەو/کاتی(سوننەتی مەغریب پاش نوێژی مەغریب).

*بەرە بەرەی کۆتایی هاتنی شەو و دەست پێکردنی ڕۆژ/کاتی(سونەتی ویتر).

سورەتی (إخلاص) : ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ...﴾ و سورەتی (کافرون) ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ....﴾ی دەی خوێندەوە[1] .

یەکێك لە حیکمەتەکانی دابەش کردنی ئەم سێ کاتە بەسەر (٢٤) سەعاتی شەو ڕۆژدا و خوێندنەوەی ئەم دوو سورەتە لەم سێ کاتەدا بریتییە لە نوێکردنەوەی ماناکانی یەك خواپەرستی لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی ماناکانی (حەمد، تسبیح، ڕەحمەت، حیکمەت) لەم دوو سورەتەدا بەم شێوەیە:

(١) ينظر: تخريج هذه الأحاديث في صفة صلاة النبي (صلى الله عليه وسلم) لشيخ ناصر رحمه الله (٢\٤٥٢ ـ ٤٥٦ و ٤٨٨ ـ ٤٨٩ و ٥٣٩ ـ ٥٤٠ \ النسخة المطولة).

سورەتی (إخلاص):

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ۝٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ۝٤﴾

ماناکانی (حەمد و تەسبیح) کۆدەکاتەوە

سورەتی (إخلاص) ماناکانی (حەمد و تەسبیح) کۆدەکاتەوە، چونکە سورەتی ناو و سیفەتەکانی خودایە، کە ئەم ناو و سیفەتانە لەو پەڕی ڕێز و گەورەییدان، ئەمەش ماناکانی (حەمد)ە. لە هەمان کاتدا ئەم ناو و سیفەتانە دوورن لە هەموو کەموکورتییەك، ئەمەش ماناکانی (تەسبیح)ە.

بەمە مانا گەورەکانی بەندایەتی لە ناخی موسڵماندا نوێ دەبێتەوە لەم سێ کاتەدا (کاتی سوننەتی بەیانی، مەغریب، وێتر) بە هەستپێکردنی ئەم مانایانەی (حەمد و تەسبیح) سەبارەت بە ناو و سیفەتەکانی پەروەردگار، ئەمەش لە گەورەترین ماناکانی نوێکردنەوەی ئیمانە لە دڵدا، کە گەورەترین هێزی بەردەوامبوونە لە سەر بەندایەتی.

سورەتی کافرون :

﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ۝٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ۝٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ۝٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ۝٦﴾

ماناکانی (ڕەحمەت و حیکمەت)کۆدەکاتەوە

سورەتی (کافرون) ماناکانی (ڕەحمەت و حیکمەت) کۆدەکاتەوە، چونکە سورەتی جیاکردنەوەیە لە نێوان:

* کردەوەکانی ئیمان و کردەوەکانی کوفر، کە پەروەردگار بە ڕەحمەتی خۆی بۆ ئەم جیاکردنەوەیە پێغەمبەرانی ناردوون، تاوەکو ئەم پەیامەی جیاکار لەنێوان کردەوەکانی

کوفر و کردەوەکانی ئیمان بە مرۆڤایەتی بگەیەنن. ئەمەش مانای : ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ﴾[١] . واتە: گەورەترین ڕەحمەت بەخشینی پەیامی قورئانی پیرۆزە بە مرۆڤایەتی، کە جیاوازیکارە لە نێوان کردەوەکانی ئیمان و کردەوەکانی کوفر، بۆیە یەکێ لە ناوەکانی قورئان (الفرقان)ە واتا جیاوازیکار یان جیاکار لە نێوان ئەم دوو کردەوەیە: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ **ٱلۡفُرۡقَانَ** عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾[٢]. ئەمەش ماناکانی (ڕەحمەتە) لە سورەتی (کافرون)دا.

* هەروەها سورەتی (کافرون) سورەتی جیاکەرەوەیە لە نێوان موسڵمانی شیاوی پاداشت و کافری شیاوی سزا، کە هەرگیز ئەم دوو کەسە لای خودا وەکویەك نین : ﴿أَفَنَجۡعَلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ كَٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾[٣] ، واتە :(ئێمە هەرگیز موسڵمانان وەکو خراپەکاران دانانێین، لە سزاو پاداشتدا) ئەمەش ماناکانی (حیکمەت)ە لە سورەتی (کافرون)دا.

بەمە مانا گەورەکانی بەندایەتی لە کردەوەی موسڵماندا نوێ دەبێتەوە لەم سێ کاتەدا بە هەستپێکردنی ئەم مانایانەی (ڕەحمەت و حیکمەت) سەبارەت بە ناو و سیفەتەکانی پەروەردگار، ئەمەش لە گەورەترین ماناکانی نوێکردنەوەی ئیمانە بە کردەوە.

کەواتە هەستکردن بە ماناکانی ئەم دوو سورەتە بەتایبەت لەم سێ نوێژەدا، لەم سێ کاتە پیرۆزەدا گەورەترین جێبەجێکردنە بۆ ماناکانی (حەمد ، تەسبیح ، ڕەحمەت ، حیکمەت)، کە ماناکانی ناوەڕۆکی سورەتی فاتیحەن وگەیشتنن بە پایە بەرزەکانی یەك خوداپەرستی کە تەنها لەوێ ئارامی و دڵنیایی هەیە ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم

---

(١) الرحمن:١ ـ ٢ و ينظر: تفسير السعدي للآيتين.

(٢) الفرقان : ١

(٣) القلم :٣٥

بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾[١] واتە: (ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بە خودا و گەورەیی ناو و سیفەتەکانی، و ئەم ئیمانەیان تێکەڵنەکردووە بە کردەوەی شرك و ستەم، ئەمانە دڵنیایی تەواویان هەیە لە دونیادا، و هیدایەت دراون)

وێستگەی بیـــســـ(٢٩)ـــت و نۆ

سێگۆشەی:

* یەك خودا پەرستی * بنەماکانی ئیسلام * ڕووەکانی چاکسازی لە سێ ئایەتی یەکەمی فاتیحەدا

لە وێستگەی دووەمی گەشتەکەمان بەناو مانابەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا، باسی ئەوەمانکرد کە ناوەڕۆکی سورەتی فاتیحە، بەتایبەتی سێ ئایەتی یەکەم: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ پێناسەی یەك خودا پەرستین[٢]. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاوەدانکردنی ناخی مرۆڤ و چاکسازبوونی مرۆڤ لەم سێ ئایەتەوە دەست پێدەکات، کەواتە ئەم سێ ئایەتە پیرۆزە بنەمای هەموو چاکسازیبوونێك و ئاوەدانکردنەوەیەکی خزمەتکارن بە مرۆڤ، یەکەم جار لە ناخی تاکەکەسدا و دووەم جار بە ڕەنگدانەوەیان لە کۆمەڵگادا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

---

(١) الأنعام : ٨٢.

(٢) بڕوانە ژمارەی یەکەمی ئەیووبی ل١٧ ـ ١٨.

ئەمەش ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە کە مرۆڤی موسڵمان بە فیترەتی خۆی هەستی پێدەکات، چونکە بەیەکتر شادبوونی بیروباوەڕی یەك خوداپەرستی و فیترەتی ئینسانە، کە تاکە خاڵی حەسانەوەی دەروونە لەم ژیانەدا و سەرچاوەی هێزی هەستانە بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوداپەرستی کە لەسەر بنەماکانی ئەم سێ ئایەتە دارێژراون، بۆ ماناکانی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ دەگەڕێنەوە، کە ئەوپەڕی بەندایەتی مرۆڤە بۆ خودایەك کە: ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ە، ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ە ، ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ە. وەك لەم سێ خاڵەی خوارەوە زیاتر بۆمان ڕوونەدەبێتەوە:

خاڵی یەکەم:

ماناکانی ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ڕاست ڕاگرتنی تێڕوانینی موسڵمان بۆ سەروەتی دونیا.

لە وێستگەی دووەمی گەشتەکەمان بەناو مانابەرزەکانی فاتیحەدا باسمانکرد کە تێگەیشتنی ماناکانی: ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ بۆمان دەردەخات، کە ئەو ماڵ و سەروەتەی هەمانە پەروەردگار پێی بەخشیوین، پێویستە بە شێوازێك هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم ماڵ و سەروەتەدا بکەین، کە لە پەروەردگار نزیکمان بکاتەوە.

ئەم شێوازەش کە ڕێگایەکی نزیکبوونمانە لە پەروەردگار، بەجێ نەهێڵراوە بۆ هەواو هەوەسی مرۆڤ، کە خۆی بە پێی ئەم هەواو هەوەسە هەڵسوکەوت لەگەڵ سەروەت و سامانی خۆیدا بکات، بەڵکو پەروەردگار لە ڕێی پەیامی پێغەمبەرانەوە (علیهم السلام) سەرووی هەمووشیان پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) یاساو ڕێسای بۆ مرۆڤ داناوە لە دوو ڕوویەوە:

یەکەمیان لە عیبادات (زکاة): دووەم بنەمای ئیسلام کە زەکاتە لەسەر ماناکانی پەروەردگاری (الربوبیة) دامەزراوە، زەکاتیش ئەرکێکی پێویستە لەسەر تاکەکەس بە

مەرجە تایبەتەکانی، کە ئەو سەروەت و سامانەی خودای پەروەردگار بە دەوڵەمەندی بەخشیوە مافی هەژار و نەدارو ڕێبوار و قەرزار.... هتد تێدایە، دەوڵەمەند بۆی نییە بە هی خۆی بژمێرێت بە ڕەهایی، بەڵکو مافی کۆمەڵی تێدایە، ئەگەر نا دەرچوونە لە پایەکانی بەندایەتی بۆ پەروەردگار، ڕووبەڕووبوونەوەی سزایەکی بە ئازارە ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [1]. واتە: (ئەوانەی زێڕ و زیو کۆدەکەنەوە، لە ڕێی خودا دا نای بەخشن، مژدەی سزایەکی بە ئازاریان پێ ڕابگەیەنە).

دووەمیان لە معاملات (البیوع): درێژترین بابەتی معاملات لە کتێبەکانی فیقهی ئیسلامی جۆرەکانی کڕین و فرۆشتنە(البیوع) کە پەروەردگار ڕێسا و یاسای تایبەتی داناوە بۆ بازرگانی و بازرگانەکان، گۆڕینەوەی پێداویستییەکانی ژیان لای خەڵك، کە پابەندبوون بەم یاسا و ڕێسایانە پاراستنی کۆمەڵگایە لە چەوساندنەوەی چینی دەوڵەمەند بۆ چینی هەژار ﴿كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ﴾[2] واتە: (بۆ ئەوەی ئەم سامانە تەنها لە نێوان دەوڵەمەندەکاندا نەسۆڕێتەوە بێ ئەوەی هەژار سوودی لێ وەربگرێت) ئەمەش بە هاندان بۆ بازاڕێکی سەربەست بە مەرجی تایبەت، وەکو حەرامکردنی ڕیبا، ئیحتیکار، قومار، زەوتکردن....هتد.

ئەمە بێجگە لە مافە تایبەتەکانی دیکەی تاکەکەس، وەکو مافی ئەو خێزانەی کەسێکی دەمرێت بە (میرات)، یان ئەو ئافرەتەی شوودەکات بە (مارەیی)...هتد.

---

(١) التوبة:٣٤

(٢) الحشر:٧.

بەم شێوەیە پەروەردگار بە بەخشینی پەیامی یەك خوداپەرستی بە مرۆڤ، لە پاشان بەخشینی پەیامی چۆنیەتی خوداپەرستی کردن بە ماڵی دونیا، کۆمەڵگا و تاکەکەس لە گشت قەیرانێکی ئابووری ڕزگاردەکات، کە ببێتە هۆی پەرێشانی و هەژاری خەڵك. هەربۆیەش پەروەردگار هۆی نەداری کۆمەڵگاکان بۆ نەبوونی ئیمان (یەك خوداپەرستی) و (تقوی) ملکەچبوون بۆ ئەمر و نەهیی خودا دەگەڕێنێتەوە، نەك بۆ کەمی دەرامەت، دەفەرمێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذۡنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾[1]. واتە: (ئەگەر خەڵکی شارەکان بڕوایان بهێنابا بە خودا و پەیامی پێغەمبەران(علیهم السلام)، سنوری شەریعەتی خودایان پاراستبا، ئەوا لە پاداشتی ئەمە دەرگای بەرەکەتی ئاسمانمان بۆ دەکردنەوە، بەڵام چونکە سەرپێچی ئەمەیانکرد پەیامی پێغەمبەرانیان بە درۆخستەوە، بۆیە سزاماندان بە هۆی کردەوە خراپەکانیان).

خاڵی دووەم:

ماناکانی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ڕاست ڕاگرتنی تێڕوانینی موسڵمان بۆ جوانی دونیا.

لە وێستگەی دووەمی گەشتەکەمان بەناو مانابەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا باسمانکرد، کە بە تێگەیشتنی ئەم ئایەتە: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بۆمان دەردەکەوێت، کە نهێنییەکانی جوانی دونیا سەرووی هەموویان جوانی ئافرەت بە مانا فراوانەکانی جۆانی بەتایبەت بەرزی خوڕەوشت، بۆ ڕەحمەتی بێ سنوری خودا دەگەڕێنەوە، کە بەرهەمەکەی دروستبوونی یەکەی یەکەمی کۆمەڵگایە کە خێزانە، خێزانێکی پڕ سۆزو خۆشەویستی

(١) الأعراف:٩٦.

﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾[1] واتە: (بۆ کەسێك کە بیربکاتەوە گەورەترین نیشانەکانی خودایەتی خودای پەروەردگار ، ئەوەیە کە هەر لە خۆمانەوە هاوسەری بۆ دروستکردووین، تاوەکو لایان بحەسێینەوە، سۆزو میهرەبانی خراوەتە نێوانمان) ئەم هاوسەرگیرییەش پایەکانی (صیلەی ڕەحم) لێدەکەوێتەوە، کە بە هۆیەوە کۆمەڵگایەکی خاوەن سۆز و خۆشەویستی دروست دەبێت، کە ڕۆژانە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە زیاتر لە هەموو شتێك گوێبیستی ناوی دایك و باوك و خۆشك و برا و خاڵ خوارزایەتی و مام و برازایەتی ... هتد دەبیت، ئەمەش گەورەترین هێزی کۆمەڵگایە کە ئاسوودەیی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

موسڵمانان لە هەموو گەلانی دیکەی دونیا زیاتر هەست بەم هێز و ئاسوودەییە دەکەن، چونکە لە ئیسلامدا دروستکردن و پاراستنی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە بۆ هەواو هەوەسی مرۆڤ و دەمارگیرییەکەی بەجێ نەماوە، بەڵکو خودای پەروەردگار بۆ دروست بوونی خێزان و پاراستنی صیلەی ڕەحم و ڕێگری لە بەرەڵایی شەهەوات، ڕێساو یاسای زۆری دابەزاندووە ، ئەم یاساو ڕێسایانەش لە کتێبەکانی فیقهی ئیسلامیدا بۆ دوو بابەت دەگەڕێنەوە:

یەکەمیان لە عیبادات (الصیام): ڕۆژوو کە یەکێکە لە پێنج بنەماکانی ئیسلام، بێجگە لەوەی کە خودا پەرستییەکی ڕەهایە، حیکمەت و ئامانجی گەورەی لە پاڵە، لە

(١) الروم:٢١.

گەورەترین ئامانجەکانی فێربوون و سەرکەوتنی مرۆڤە بەسەر شەهەوات[١] ، چونکە قوتابخانەیەکی فێربوونی ئارامگرتن و ئیمان نوێکردنەوەیە. بەتایبەت بۆ ئەو گەنجانەی خێزانداریان بۆ ڕێك نەکەوتووە، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی ڕۆژوو گرتنیان پێدەکات: « يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ »[٢]. واتە : (ئەی کۆمەڵی گەنجان، ئەوەی توانای ژنهێنانی هەیە با ژن بهێنێت، ئەوەی توانای ژنهێنانیشی نەبێت، با ڕۆژوو بگرێت، چونکە بە ڕۆژوو گرتن زاڵدەبن بەسەر شەهەوات) بەمەش لە کۆمەڵگای موسڵمانانداا نەریتە کۆمەڵایەتییە خراپەکان وەکو دیاردە دەرناکەون، چونکە مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە ڕاهێنراوە لە دوورکەوتنەوە لە حەرام بە چەندین شێوازەوە، کە گەورەترینیان ڕۆژوویە. هەر لەبەرئەمەش پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) بە ڕۆژووگر دەفەرمێت : «الصِّيَامُ جُنَّةٌ»[٣] واتە: ئاگاداربە ڕۆژوو پارێزگارییە..

دووەمیان لە معاملات (النكاح): ژن هێنان و ئادابە کۆمەڵایەتییەکانی ژنهێنان و مارە بڕی وەکو (صُداق) و(وليمه) هەروەها مافی منداڵ وەکو(رضاع) و (حضانة) و مافی خێزانەکان وەکو (نفقات) (القَسْم بين الزوجات) و یاساکانی لێکترازان و دەرچوون لە بارە نەخوازراوەکان بە کەمترین زەرەر، وەکو(طلاق) و (خُلع) و (عدّة) و...هتد.

---

(١) كاد أن يكون هذا الأمر ـ أثر الصيام في تهذيب النفوس ـ من المتفق عليه بين عقلاء البشر من غير المسلمين ومن قرأ كتاب (قصة تجاربي مع الحقيقة ـ سيرة غاندي بقلمه) تبين له ذلك، هذا مع البون بين صيام هؤلاء و صيام أهل الإسلام!.

(٢) متفقٌ عليه من حديث عبدالله ابن مسعودٍ (رضي الله عنه).

(٣) متفقٌ عليه من حديث أبي هريرة و تمام الحديث عند البخاري : «الصِّيَامُ جُنَّةٌ ، فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَجْهَلْ ، وَإِنِ امْرُؤٌ قَاتَلَهُ أَوْ شَاتَمَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّى صَائِمٌ . مَرَّتَيْنِ ، وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ ، يَتْرُكُ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ وَشَهْوَتَهُ مِنْ أَجْلِى ، الصِّيَامُ لِى ، وَأَنَا أَجْزِى بِهِ ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا»

ئەمانە لە گەورەترین بابەتەکانی فیقهی ئیسلامین، کە گشتیان بۆ بنەمای ڕەحمەتی بێ سنوری خودای پەروەردگار دەگەڕێنەوە. کە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) لەم بارەیەوە دەفەرمێت : « الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحْمَنُ ارْحَمُوا مَنْ فِى الأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِى السَّمَاءِ الرَّحِمُ شُجْنَةٌ مِنَ الرَّحْمَنِ فَمَنْ وَصَلَهَا وَصَلَهُ اللَّهُ وَمَنْ قَطَعَهَا قَطَعَهُ اللَّهُ»[١].

واتە : خودا ڕەحم بەو کەسانە دەکات کە ڕەحم بە یەکتر دەکەن، فەرمان بە مرۆڤایەتی دەکات کە ئەگەر ئێوە لە ئەرزا ڕەحم بە یەکتر بکەن، ئەوا خودای پەروەردگار لە ئاسمانا ڕەحمتان بەسەردا دەبارێنێت، ئەوەی دەست بە ڕەحمەتی خوداوە بگرێت صیلەی ڕەحم بگەیەنێت خودا دەستی دەگرێت، ئەوەی دەست بەمەوە نەگرێت صیلەی ڕەحم بپچڕێنێت، خودا بێ بەشی دەکات. لە گەورەترینی ئەم ڕەحمەتەش پەیوەندی نێوان ڕابەری خێزان و خێزانەکانیەتی، کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾.

خاڵی سێیەم:

ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ ڕاست ڕاگرتنی تێڕوانینی موسڵمان بۆ پلەو پایەی دونیا.

لە وێستگەی دووەمی گەشتەکەمان بەناو مانا بەرزەکانی سورەتی فاتیحەدا باسمانکرد، کە بە تێگەیشتنی ئەم ئایەتە: ﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ بۆمان دەردەکەوێت، ڕەهایی موڵك و دەسەڵات لە هەموو زەمان و مەکانێك بۆ خودا دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو پلە و پایە و دەسەڵاتەی کە مرۆڤ هەیەتی لە سەرپەرشتیکردنی خێزانێك، بۆ سەرداریکردنی گەورەترین دەزگا، تەنها ئەمانەتێکە خودا بە ئێمەی سپاردووە، بۆ

(١) أخرجه الترمذي(٢٠٥٩ مكنز) وقال: حديثٌ حسنٌ صحيح.

ئەوەی لە ڕێگای جوان هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم ئەمانەتە بەندایەتی خودا بکەین، نەك بەندایەتی خەڵك بە (الریاء)، یان بەندایەتی خۆمان بە لووت بەرزی(التکبر)، ئەم دوو تاوانەش کە لە بەشەکانی تاوانی هاوبەشی دانانە(الشرك) بە خودا، بت پەرستییەکە، کە ئەگەر مرۆڤ زۆر ئاگاداری ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ نەبێت تووش دەبێت.

بە دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئەو ئەرك و ئەمانەتەی کە خودا بەئێمەی سپاردووە، لە پێناو ڕازیکردنی خەڵکێك[1] یان تێرکردنی هەواو هەوەسی شەخسی[2].

هەروەها لە پێناو ئەوەی مرۆڤ تووشی ئەم جۆرە تاوانانە نەبێت، پەروەردگار ڕێگاو یاسای بۆ داناوە لە هەردوو مەیدانی (عیبادات) و (معاملات) :

یەکەمیان لە عیبادات (الصلاة): واجب بوونی پێنج نوێژ کە پێویست دەکات ڕۆژانە موسڵمان حەڤدە جار ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ دووبارەبکاتەوە، سی و چوار جار بۆ ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ سوجدە ببات، ئەمەش خاوێنکردنەوەی دەروونی موسڵمانە، لە گشت ماناکانی (الریاء) و لووت بەرزی(تکبر)، سەرچاوەی هێزو توانای موسڵمانە بۆ بەندایەتی کردنێکی ڕاستەقینە بۆ پەروەردگار، کە ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ە.

---

(١) كَتَبَ مُعَاوِيَةُ إِلَى عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ رضى الله عنها أَنِ اكْتُبِى إِلَىَّ كِتَابًا تُوصِينِى فِيهِ وَلاَ تُكْثِرِى عَلَىَّ . فَكَتَبَتْ عَائِشَةُ رضى الله عنها إِلَى مُعَاوِيَةَ سَلاَمٌ عَلَيْكَ أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّى سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَقُولُ « مَنِ الْتَمَسَ رِضَاءَ اللَّهِ بِسَخَطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللَّهُ مُؤْنَةَ النَّاسِ وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَاءَ النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّهِ وَكَلَهُ اللَّهُ إِلَى النَّاسِ » . وَالسَّلاَمُ عَلَيْكَ . أخرجه الترمذي(٢٤١٤) ينظر: صحيح ابن حبان (١\٥١٠-٥١١).

(٢) عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ - رضى الله عنه - قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « تَعِسَ عَبْدُ الدِّينَارِ » . أخرجه البخار(٦٥١١ماكنز).

هەموو مولکێك بە ڕەهایی تەنها هی خودایە کە خۆی بە مەلیکی ڕۆژی سزاو پاداشت وەسف دەکات ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾، وەکو ئاگادارییەك بۆ بەندەکانی، کە ئەو ئەمانەتەی لە ژیانی دونیا بۆ ماوەیەکی کورت داوەتە دەستیان لە مولك و دەسەلات، وەکو چۆن خودا دەیەوێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی لە سزای ڕۆژی دوایی دوورکەونەوە، بەر پاداشتەکەی بکەون.

نوێژ و دووبارەکردنەوەی ماناکانی ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ لە نوێژدا گەورەترین هۆکاری جوان بەکارهێنانی مرۆڤن بۆ ئەو ئەمانەتەی خودا پێی سپاردووە لە ژیانی دونیادا.

دووەمیان لە معاملات (القضاء): ئیسلام ئاینێکی مەدەنی یە تەماشای مرۆڤ دەکات کە مەخلوقێکە ناتوانێت بەتەنها بژیت، لە هەمان کاتدا وەکو فریشتە تەماشای مرۆڤ ناکات کە مەخلوقێکە دوورە لە تاوان، بۆیە جوانترین و ڕەواترین یاساو ڕێسای بۆ مرۆڤ دابەزاندووە لە بابەتە دادگاییەکانی وەکو(جنایات)، (حدود)، (شهادات) (دعوی ، بینات)...هتد، کە بە هۆی ئەم یاساو ڕێسایانەوە لە دادگایەکی داپەروەردا، مافەکانی تاکەکەس و کۆمەڵگا پارێزراودەبن لە دەستدرێژی سەرپێچیکاران، و مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسوودەیی بژیت لە شاری ئیسلامدا(المدينه الإسلاميه أو المدينة الفاضلة) بەمەرجێك موسڵمانانی شارەکە دەست بەم یاساو ڕێسایانەوە بگرن، وەکو ئەرکێکی بەندایەتی کردن بۆ خودا، بە ئاواتی ڕزگاربوون لە دادگای ئاسمان کە ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ بەڕێوەی دەبات.

بابەتی ئەم وێستگەیەی هزراندنی ماناکانی فاتیحە بەم خشتەیە نزیك دەکەینەوە

بنەمای چاکسازی	سیفەتەکانی خودا لە ئایەتەکانی فاتیحەدا	بابەتەکانی چاکسازی	ڕەنگدانەوەیان لە یاساو ڕێسای فیقهی ئیسلامیدا
﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ نواندنی سوپاسگوزاری بۆ خودایەك کە خاوەن سیفاتی: *پەروەردگاری *ڕەحمەتی بێ سنور *موڵك و باڵادەستییە.	﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾	چاکسازی ئابووری ((المال))	* لە عیبادات: (الزكاة) * لە معاملات: (البيوع)
	﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾	چاکسازی کۆمەڵایەتی ((الجنس))	* لە عیبادات: (الصوم) * لە معاملات: (النكاح)
	﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾	چاکسازی سیاسی ((المنصب))	* لە عیبادات: (الصلاة) * لە معاملات: (القضاء)

کەواتە: ئەرکانەکانی ئیسلام نوێژ و ڕۆژوو و زەکات پێویستە لە دوو ڕوویەوە تەماشا بکرێن:

یەکەمیان: ئەم ئەرکانانە بۆ مانابەرزەکانی ناوە جوانەکانی خودا دەگەڕێنەوە.

دووەمیان: ئەم ئەرکانانە لە گشت بارەکانی چاکسازی لە کۆمەڵگا ڕەنگدەدەنەوە.

تێگەیشتن و کارکردن بەم دوو خاڵە بریتییە لە جێبەجێکردنی ماناکانی (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، ڕوکنی (حەج) لە ئیسلامدا کۆچکردنە بۆ ئەم مانایانە، و سەر لە نوێ نوێکردنەوەی ئیمانە بەم مانایانە، کە ماناکانی نواندنی سوپاسگوزارین بۆ خودا

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾. كە یەكەم وشەیە لە زاری یەكەم مرۆڤ (آدم ـ علیه السلام ـ) دەرهاتبێ[١] دوا نزای خەڵكی بەهەشتیشە پاش هەموو نیعمەتێك[٢]. لەم هێلكارییەشدا ئەم مانایانە زیاتر بۆمان ڕوونەدەبنەوە:



لە كۆتایی ئەم بابەتەدا پێویستە خوێنەر بزانێت كە ئەم جۆرە ڕێكخستنە بۆ ماناكان، تەنها بۆ نزیكردنەوەی ماناكانە وەكو دەڵێن : ((التقسيم للتَّعليم)) واتە: دابەشكردنی

(١) عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم ((لَمَّا خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ وَنَفَخَ فِيهِ الرُّوحَ عَطَسَ فَقَالَ الْحَمْدُ لِلَّهِ فَحَمِدَ اللَّهَ بِإِذْنِهِ فَقَالَ لَهُ رَبُّهُ يَرْحَمُكَ اللَّهُ يَا آدَمُ)) (أخرجه الترمذي٣٦٩٤ ط ماكنز).

(٢) ﴿دَعۡوَىٰهُمۡ فِيهَا سُبۡحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمۡ فِيهَا سَلَٰمٞۚ وَءَاخِرُ دَعۡوَىٰهُمۡ أَنِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾.

بابەتیانە بۆ ئاسانکاری فێرکردنە، بۆیەش دەتوانین بە چەندین شێوەی تر، چارەسەری دیاردە جیا جیاکانی گەندەلی بکەین ـ بێجگە لەوانەی باسکرا ـ لە کۆمەڵگادا، بەهۆی جوان تێگەیشتنی ئەم ئایەتانە، ئەوەی باسکرا تەنها دیارخستنی دڵۆپێکی ماناکانی ڕەحمەتی پەیامی ئیسلامە بە مرۆڤایەتی و صدق اللّٰه : ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ [1] .

(١) الأنبياء: ١٠٧.

هۆکارەکان سەرکەوتنی خەلیفەی دووەم
(عمر بن الخطاب ـ رضي الله عنه ـ)
لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا

ـ بەشی دووەم ـ

لە ژمارەی پێشووی ئەیووبیدا سێ هۆکار لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا باسکرابوون، کە ئەمانە بوون:

یەکەم: ڕەچاوکردنی ماناکانی (ڕەحمەت) لە بڕیاری ئیداری و حوکمی دادگاییدا.

دووەم: چەسپاندنی یاسا بەبێ جیاوازی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

سێیەم: دانانی کەسی شیاو لە جێگای شیاو بە پێی کەفائەت.

لەم ژمارەیەشدا ـ بە پشتیوانی خودا ـ باس لە هۆکاری چوارەمی سەرکەوتنی عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) دەکەین لە کاری بەڕێوەبردندا،ئەویش:

پاراستنی ئاسایشی تاکەکەس و کۆمەڵگا بە ئومێدی ئەوەی چرایەك بێت بۆ ڕزگاربوون لە دیاردەی گەندەلی کە لەئەنجامی خراپی بەڕێوەبردن خەڵکانمان ئەمڕۆ بەدەستیەوە دەنالێنن.

چوارەم

عومەر (رضي الله عنه) و پاراستنی ئاسایشی تاکەکەس و کۆمەڵگا.

ئەگەر ئاسایش بە مانا فراوانەکانی نەبێت، ئەوا بەڕێوەبردن ناکرێت، یان سەرکەوتوو نابێت، ئەمەش ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە جیاوازی تێڕوانینی عومەر (رضي الله عنه) بۆ مانا فراوانەکانی ئاسایش لە بارە جیاوازەکاندا کە پاراستنی زەروریاتی تاکەکەس و کۆمەڵگایە لە (ئایین، سەر، شەرەف، عەقل، ماڵ)[1]، ئەم تێڕوانینە فراوانەی عومەر(رضي الله عنه) وای دەکرد کاری بەڕێوەبردن بەفراوانی بەڕێوە بچێت، لە هەموو ڕوویێکەوە گوڕانکاری بەرەوە باشترین ئەنجام بدرێت لەوانە:

* کارکردن و گوڕانکاری بۆ دروست نەبوونی قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ....هتد، پێش قەیران، بە لێکدانەوەی دروست بۆ ڕووداوەکان، خوێندنەوەی دروست بۆ داهاتوو.
* کارکردن و گوڕانکاری بۆ زوو دەرچوون لە قەیران.
* کارکردن و گوڕانکاری بۆ ڕەخساندنی هەلی پێشکەوتن.

ئەم کار و گوڕانکاریانەش مرۆڤ دروستی دەکات، بۆیە لە گەورە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) لە کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا،

---

(١) تسمى الضروريات الخمس كما في كتب أصول الفقه. قال الشاطبي رحمه الله (الموافقات١\٣١ط مشهور حسن): ((فقد اتفقت الأمة ـ بل سائر الملل ـ على أن الشريعة وضعت للمحافظة على الضروريات الخمس وهي: (الدين، والنفس، والنسل، والمال، والعقل) ، و عِلمها عند الأمة كالضروري)) . و أول من تكلم في الضروريات الخمس هو الإمام الغزالي في المستصفى (١\٤١٧).

دروستکردنی دڵنییایی بوو لە ناخی تاکەکەسدا، تاوەکو بتوانێ ئاوەدانی ناخی خۆی بداتە دەوروبەرەکەی، چونکە ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، کە کاوڵکاری دەوروبەر لەو مرۆڤانە دروست دەبێ کە لە ناخدا کاولن!.

پێشەوا عومەر(رضي الله عنه) بە چەسپاندنی دادپەروەری، کە لە ناخە خاوێنەکەی هەڵدەقوڵا، توانی ئاوەدانی و دڵنیایی بە دەوروبەری خۆی ببەخشێ، بەڕادەیەك نە عومەر (رضي الله عنه) نە هیچ تاکێکی کۆمەڵگاکەی، پێویستیان بە دەرگەوان و پاسەوان نەبوو، وکاتێ شای ئەهواز هورمزان بەم شێوەیە عومەری بینی لە مزگەوتا خەوتووە بە بێ پاسەوان، فەرمووی: (عَدِلتَ فَأمِنتَ فَنِمْتَ)[1]، واتە: (دادپەروەریت ئەنجام داوە، بۆیە بە دڵنیایی و ئارامی نووستوی!).

سەرچاوەی ئەم دڵنیاییەش کە لە ناخ و دەوروبەری عومەر و موسڵمانانداە(رضي الله عنهم) دەنگی هەبوو و ڕەنگیشی دەدایەوە تەنها قورئانی پیرۆز بوو:

* لەناخی هەموو تاکەکەسێکی کۆمەڵگای موسڵمانانداە ئایەتی ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ﴾[2] دەنگی دەدایەوە .

* لە دەوروبەری هەموو تاکەکەسێکی موسڵمانانداە ئایەتی: ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾[1] ڕەنگی دەدایەوە.

---

(١) الإستقصا لأخبار دول المغرب الأقصى(١\٨٤). و ينظر: فيض القدير للمناوي(٤\٣٧٨)(٥٦٨٥).

(٢) (الأنعام :٨٢). واتە: (تەنها ئاسوودەیی و ئاسایش بۆ کەسانێکە کە ئیمانیان هێناوە، بە شێوەیەك ئەم ئیمانە لە دڵیاندا بە هیچ جۆرە هاوبەش دانانێك بۆ خودا(شرك) تێکەڵ نەبووە، تەنها ئەم ئیماندارانە بە تەواوی لە سەر ڕێگای هیدایەتن).

ئەمەش ـ بە پشت و پەنا بەخودا ـ بە چەند خاڵێك لە پرۆژەی پاراستنی عومەر (رضي الله عنه) بۆ ئاسایشی تاکەکەس و کۆمەڵگا دەخەینە ڕوو، تاوەکو بزانین:

* ئەم پاراستنە بە چ هێزو ئەمانەتێك ئەنجامدراوە لە ڕابردوومانداا؟

* ئەم هێزو ئەمانەتە بکەینە ئاوێنەیەك بۆ خۆیندنەوەی ئەمڕۆمان، و بکەینە خاڵێك بۆ زانینی دووری و نزیکیمان لە ڕاستی(حەق)!.

﴿قَالَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ﴾

القصص:٢٦

(١) (الأعراف:٩٦). واتە: (هەرکات خەڵکی شارەکان ڕوو لە خودابکەن بە ئیمان، ئەنجامدانی چاکە، تەقواداری و خۆ پاراستن لە خراپە، ئەوا خودا دەرگاکانی خێرو بێری ئاسمان و زەوییان بۆ دەکاتەوە).

یەکەمـــــ(١)ـــــــ :

پاراستنی ئاسایشی دەروونی تاکەکەس بە پاراستنی ماناکانی یەك خودا پەرستی

(حفظ الدين)

ئەمە گرنگترین خاڵی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگایە کە عومەر (رضي الله عنه) کاری لە سەردەکرد، بۆیە هەندێك بە فراوانی باسی دەکەین لە سێ ڕوویەوە:

أ: پاراستنی تێڕوانینی موسڵمان بۆ ماناکانی دڵخۆشی بە دونیا،کە تەنها دڵخۆشییە بە قورئان و ئیمان نەك بەشتێکی تر.

ترس و خەموکی و شەپرزەیی، کە دەرهاویشتەی نەمانی ئاسایش و ئارامییە لە دەروونی تاکەکەس دا، هۆکارێکی ترسناکە لەسەر ئاسایشی گشتی، هۆیەکەی بۆ ناخی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، نەك نەبوونی ئاسایش لە دەوروبەری مرۆڤ، بۆیە چارەسەریەکەی هەر لەناخی مرۆڤەوە دەست پێدەکات، ئەویش تەنها بە ژیاندنەوەی بیروباوەڕ دەکرێت لە دڵدا، بە شێوەیەك کە مرۆڤی موسڵمان بگاتە ئاستێك تەنها و تەنها دڵی بە ئیسلام و قورئان خۆش بێت، نەك کەسایەتییەکەی لەبەر زۆری ئاواتەکانی دونیا تووشی بزربوون و شەپرزەیی ببێت، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بۆ ئەم مانایە دەکات، کاتێك دوعا بۆ کەسێکی موسڵمان دەکات و دەفەرمێت: (إني لأرْجُوا أن يموتَ جَمِيعاً) واتە: خودایە کاتی مردن بە هەموویەوە بمرێت!، هەڤاڵانی(رضي الله عنهم) لێی دەپرسن، بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم نزایەت بۆی کرد، ئەی هەموومان کاتی مردن بە هەموویەوە نامرین!؟

فەرمووی: (إن الرجلَ لَيموتُ و قَد تَشَعَّبَ أهواءُه و هُمومُه في أوديةِ الدُّنيا... لا يُبالي اللهُ عزَّ وجَلَّ في أيِّها هَلك)[١] واتە: کەسانێك دەمرن دڵەکانیان نووساوە بە سەروەت و سامان و ئاواتەکانیان لە دونیادا، بۆ دونیا ژیاون ... ئەمانە لای خودا بێڕێزن لە ژیانیان و لە مردنیان، چونکە بۆ خودا نەژیاوون ! بەم مانایەش زانایانی پێشین دەیان فەرموو:(قد أفلح من جعل الهم هماً واحداً)[٢] واتە: کەسێك ڕزگاری بووە، کاتێك هەموو ئاواتەکانی بکاتە یەك ئاوات، ئەویش ڕازی بوونی خودایە، بە واتایەکی تر: هەموو ماندووبوون و خواستەکانی دونیای لە ڕێی خودا دا بێت، ئەمەش کاتێك دەبێت کە تەنها دڵی بە خودا و ئیمان و قورئان خۆش بێت، کە پلەی ئاسایش و ئارامی ناخ و دەروونە.

لە ڕۆژگارێکی فەرمانڕەوایی عومەردا (رضي الله عنه) ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە، کاتێك عومەر (رضي الله عنه) سەردانی (بيت المال)ی موسڵمانان و بینینی داهاتی زۆری دەوڵەتی ئیسلام دەکات، کاتێك دەیەوێت داهاتەکە بژمێریت ئەوەندە زۆرە ژماردنی ئەستەم دەبێت!. یەکێ لە فەرمانبەرانی پێی دەفەرمێت: گەورەم ئەم داهاتە زۆرە، چاکە و ڕەحمەتی خودایە بە ئێمەی موسڵمان!

---

(١) ينظر : شرح المواهب (٤\٥٠ ـ ٥١) و طبقات ابن سعد (١\٣٢٣) و زاد المعاد لإبن القيم (٣\٦٥٢ ـ قدوم وفد تجيب ـ) و منه نقلناه مختصرا.

(٢) ينظر: تأريخ الإسلام لذهبي (٥\٥٤٨ط: تدمري) و محاظرات الأدباء (٢\٤١٧) و المعرفة و التأريخ للفسوي(٢\٧٥) ونظم هذا هذا المعنى بعضهم :

وإن امرءاً دنياه أكبر همه لمستمسكٌ منها بحبل غرورِ

ذكر الأصمعي: أن هذا البيت كان نقش خاتم أبي عمرو بن علاء ينظر: الفوائد المنتقاة الحسان تخريج الشيرازي رواية الخليعي (ص٦ و ص١٦٣ رقم:٣٨٦) و البيت لهانيء بن توبة بن سحيم بن مرة المعروف بالشويعر الحنفي قاله أبو العباس ثعلب.

عومەر (رضي الله عنه) لە وەڵامیدا دەفەرمێت: هەڵەت کرد، خودا وا نافەرمێت! بەڵکو دەفەرمێت: ﴿قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ﴾[١] .

واتە : (ئێوە بە چاکەو ڕەحمەتی خودا دڵتان شاد بێت، نەك ئەوەی کۆیدەکەنەوە لە ماڵی دونیا) ئەوەی تۆ دەبینی ماڵی دونیایە، چاکەو ڕەحمەتی خودا بە ئێمە قورئان و ئیمانە[٢].

ئەمەش جوانی تێگەیشتنی ئەم پیاوە گەورەیەمان(رضي الله عنه) پیشان دەدات، لە ماناکانی قورئان و ژیان، چونکە هیچ کات ماڵی دونیا جێی دڵخۆشی و سەربەرزی موسڵمان نییە، ئەگەر لە ڕێی قورئان و ئیسلامدا نەبێت، بە یارمەتیدانی هەژاران و لێقەوماوان و گەیاندنی پەیامی ئیسلام. هەروەها هەموو شتێکی تریش بە هەمان شێوە کاتێك خۆشی بە موسڵمان دەبەخشێت کە لە ڕێگای ڕازیبوونی خودا دا بێت.

کاتێك تاکەکەس لەسەر ئەم بنەمایە پەروەردەدەکرێت، تاکە کەسێکی گونجاو دەبێت بۆ سوود گەیاندن بە دەوروبەرەکەی و یەك ڕێزی کۆمەڵگاکەی .

ب : پاراستنی یەك ڕێزی موسڵمانان، کە لە پابەندبوونیانەوە بۆ پەیامی ئیسلام هەڵدەقوڵێت.

عەرەبەکانی مەککە بەتایبەت (قریش) بەدرێژایی سەدان ساڵ حوکمڕانی ئاینیی جەزیرەی عەرەبیان کردووە، گەورە ببوون لەسەر ئەوەی کە تەنها خۆیان سەرکردەن و بە میراتگری سەرکردایەتییان بۆ ماوەتەوە، تەنانەت لە چۆنیەتی خواپەرستییان لە

(١) (یونس ٥٨).

(٢) الأثر عند الطبراني و عند أبي حاتم في تفسيره ، ينظر تفسير ابن كثير(٤\٢٨٩).

ڕۆژگاری نەفامی جیاوازییان بە خۆ دابوو لەگەڵ خەڵکانی دیکە کە بۆ بت پەرستی دەهاتنە مەککە[١].

تاوەکو ئیسلام هات و فێریکردن، کە مرۆڤایەتی گشتی بۆ یەك باوك و دایك دەگەڕێتەوە، کەس لە کەس بەڕێزتر نییە بە تەقواداری نەبێت، هەبوونی هۆز و بەرەباب تەنها بۆ یەکترناسین و چاکە بەیەکتر کردنە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ﴾[٢] واتە: (ئەی خەڵکینە هەمووتان بۆ یەك باوك و دایك دەگەڕێنەوە (آدم ، حواء) برای یەکدین و بۆئەوەی یەکتر بناسن و چاکە بەیەکتر بکەن، کردوومانن بە چەندین هۆز و تیرە و بەرەباب، بەڕێزترینتان لای خودا ئەوەیە کە زیاتر تەقوای خودا دەکات، بێگومان خودا زانا و بە ئاگایە بە هەمووان).

ئەم یەکسانییەی کە ئیسلام پێی هات، نەهێشتنی چینایەتی بوو لە کۆمەڵگادا، بەمەش پاش ئەوەی موسڵمانان سەرکەوتن، ئیسلام بۆ قەڵغانێك کە هەموویان پێکەوە لەناویدا بژین بە بێ جیاوازی، ئەمەش گەورەترین هۆی پەیدابوونی ئاسایش و ئارامی بوو لە کۆمەڵگای موسڵماناندا دوور لە توندو تیژی ، تەنانەت زیاتر لەدوو ساڵ عومەر (رضي الله عنه) وەکو دادوەر(قاضي) لای ئەبوبەکر (رضي الله عنه) کاری دەکرد بێئەوەی سکاڵایەك بۆی بەرزبکرێتەوە[٣]! چونکە کۆمەڵگایەکە خەڵکەکەی تەنها بۆ

---

(١) ينظر: ما ذكره ابن كثير في تفسيره (١\٥٢٧) و البخاري في صحيحه(٤٥٢٠) حول قول الله تعالى: ﴿ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنۡ حَيۡثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ (البقرة ١٩٩)

(٢) (الحجرات :١٣).

(٣) ينظر: تأريخ الطبري (٣\٤٢٦) و المنتضم في تأريخ الملوك و الأمم(٤\٧٠) و الكامل في التأريخ(٢\٢٦٣).

ئیسلام لایەنگربوون، و بە ئیسلام سەربەرزبوون، کە دەست پێوەگرتنی تەرازووی ڕێزداریيە لای خودای پەروەردگار ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾، هەر لە بەر ئەمەش عومەر (رضي الله عنه) لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا نەیدەهێشت دەرگایەك بکرێتەوە موسڵمانێك هەست بکات کە سەربڵندی لە شتێکدایە بێجگە لە ئیسلامەتی، چونکە ئەمە هۆی پەیدابوونی چینایەتییە، کە دەرەنجامەکەی دەمارگیری ونەمانی ئاسایش و ئارامییە لە دونیا، هەروەك چۆن هۆی تورەیی خودای پەروەردگارە لە ڕۆژی دواییدا.

لە ڕۆژگارێکی فەرمانڕەوایی عومەردا(رضي الله عنه) کاتێك یەکێك لە گەورە هەڤاڵانی پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) داوا لە عومەر (رضي الله عنه) دەکات بە هەیئەتێکی شاهانەیی بێتە ناو شام، چونکە گەورەسەرانی دیانەکان دەیبینن و پێشوازی لێدەکەن، عومەر (رضي الله عنه) لە وەڵامیدا ئەم ڕاستییە وەبیری دەخاتەوە، کە سەربەرزی بە هیچ شتێك نییە بێجگە لە ئیسلامەتی و پێی دەفەرمێت : (إنا كنا أذل قومٍ ، فأعزنا الله بالإسلام، فمهما نطلب العز بغير ما أعزَّنا الله به أذلنا الله)[1]. واتە : (ئێمە سەرشۆڕترین گەل بووین ، خودا ئێمەی بە ئیسلام سەر بڵند کرد، هەرکاتێك دەست بۆ هەر هۆکارێکی سەربڵندی درێژکەین بێجگە لە ئیسلام خودا سەرشۆڕمان دەکاتەوە).

(١) أخرجه الحاكم في مستدركه(١\٦٢) وصححه على شرط الشيخين و وافقه الذهبي ، وقال الألباني في السلسلة الصحيحة (١\١١٧) هو كما قالا. وانظر : كتاب فقه التنازلات إلى أين؟ لعادل بن عبدالخالق الشعيبي ص١٢٣ـ١٢٦.

گەڕانەوە بۆ ئیسلام گەڕانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز، کە تاکە سەرچاوەی سەربەرزی هەموو موسڵمانێکە و هۆی یەکگرتنیانە، بۆیە عومەر (رضي الله عنه) بە موسڵمانانی دەفەرموو: (أما إن نبيكم ـ صلى الله عليه وسلم ـ قد قال : إن الله يرفع بهذا الكتاب أقواماً، و يضعُ آخرين)[1] واتە: موسڵمانان پێغەمبەرتان (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی : پەروەردگار بەم قورئانە سەری خەڵکانێك بەرزدەکات کاتێك دەستی پێوە دەگرن، خەڵکانێکیش سەر شۆڕ دەکات کاتێك پشتی تێدەکەن.

مێژوو شاهێدی بۆ موسڵمانان دەدات لە سەر ئەم ڕاستییە، هەرکاتێك گەلێك دەستی بە قورئانەوە گرتبێ خودا گەلەکەی بەقورئان سەربەرز کردووە، پێشەوایەتیی پێ بەخشیون، وەکو گەلی عەرەب لە ڕۆژگاری عومەردا(رضي الله عنه)، وەگەلی کورد لە ڕۆژگاری صەلاحەدینی ئەیووبیدا(رحمه الله)، وەگەلی تورك لە ڕۆژگاری(محمد الفاتح)دا(رحمه الله) ئەمانە گشتیان پێکەوە بە ئیسلام سەربەرزببوون و تەنها بە ئیسلام شانازییاندەکرد.

بەمە عومەر (رضي الله عنه) موسڵمانانی فێرکرد کە مانەوەیان و سەربڵندیان تەنها بە دەستگرتنیانە بە دینەکەیان، ئەمەش گەورەترین هۆکاری یەك ڕێزی و پاراستنی ئاسایش و ئارامییە.

ج: پاراستنی ساغلەمی کاری تاکەکەس بە پاراستنی بیروباوەڕەکەی.

مانا قووڵەکانی: (لا إله إلا الله محمدٌ رسول الله) کە کاکلەی پەیامی ئیسلامن، سەرچاوەی هێزی تاکەکەسن لە کۆمەڵگای موسڵماناندا، چونکە تاکە هێزی ڕوحی کە

(١) أخرجه مسلم (٨١٧) و ابن ماجة (٢١٨) و أحمد (١\٣٥).

موسڵمان بۆ کاری ساغلەم پاڵ دەدات بیروباوەڕەکەیەتی کە لە دوو وشەی(لا إله إلا الله محمدٌ رسول الله)کۆدەبێتەوە.

عومەر(رضي الله عنه) گرنگی ئەم خاڵەی دەزانی و دەیزانی چاکسازی لە گشت ڕووەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە. بۆیە مرۆڤێکی هەستیار بوو بەرامبەر هەر ترسناکییەك لەسەر بیروباوەڕی تاکەکەسی موسڵمان لە کۆمەڵگادا، بۆ ئەم مەبەستە باس لە چەند ڕووداوێکی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه) دەکەین:

یەکەمیان: ڕووداوێك سەبارەت بە فێرکردنی عومەر(رضي الله عنه) بۆ ماناکانی (لا إله إلا الله) واتە: هیچ پەرستراوێك بە حەق نییە خودا نەبێت .

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوای عومەردا (رضي الله عنه)، دارێك کە موسڵمانان گەورەترین یادگارییان لەگەڵی هەبوو، کە بەیعەتیان بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دا بوو لە بن ئەم دارە، وە قورئان باسی لێکردووە ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ﴾[1]. پاش مردنی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) کەسانێك لە موسڵمانان، بە باشیان دەزانی ئەم یادە بکەنەوە و لە بن ئەم دارە نوێژ بکەن، ئەمەش وەکو دیارە هیچی تیادا نییە، بەڵکو خۆشەویستی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) و نوێژکردنە بۆ خودا، بەڵام کاتێك باسی ئەم کەسانە گەیشتە لای عومەر(رضي الله عنه)، زانی کە ئەمە دەرگایەکە بۆ دارپەرستی (شرك) ئەمڕۆ نوێژی لەژێر دەکەن، سبەی تەوافی بەدەوریدا دەکەن، دووسبەی کڕنووشی بۆ دەبەن و دەی پەرستن!

---

(١) (الفتح : ١٨)

بەمە هەواو هەوەس جێی فەرمانەکانی خودا دەگرێتەوە، موسڵمان لەسەر دارپەرستی پەروەردەدەبن و وادەزانن خوداپەرستییە!! بۆیە عومەر (رضي الله عنه) فەرمان دەکات دارەکە ببڕدرێت و گەف لەو کەسانە دەکات کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە[١]. ئەمەش لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی عومەرە(رضي الله عنه) لە کارەکانیدا، چونکە ئەگەر موسڵمان بەجوانی لە ماناکانی خودا پەرستی شارەزا نەبێت، هەرگیز هاوڵاتییەکی سوود بەخش نابێت بۆ دەوروبەری خۆی، ساغلەم نابێ هەڵسوکەوتی خۆی، و هەروەها زۆر خوداپەرستی بە نەزانین لە خودا نزیکی ناکاتەوە، بەڵکو دووری دەخات[٢].

دووەمیان: هەڵوێستێکی عومەر (رضي الله عنه) بۆ فێرکردنی ماناکانی (محمدٌ رسول الله) واتە: هیچ کەسێك نییە بێجگە لە (محمد)(صلى الله عليه وسلم) کە بەپێی گوفتار و کرداری ئەو خوداپەرستی بکرێت.

لەوانەیە کەسانێك کە لە ئیسلام شارەزانین بڵێن جیاوازی چییە لە نێوان بت پەرستێك کە بت ئەپەرستێ، و موسڵمانێك کە ئیستیلامی بەردی ڕەش دەکات، یان تەواف بە دەوری کەعبەدا دەکات؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە لە هەڵوێستێکی عومەردا (رضي الله عنه) دیار دەکەوێت، کاتێك بەلای بەردی ڕەش(الحجر الأسود)دا تێدەپەڕێت ماچی دەکات و دەفەرمێت:

---

(١) قال الحافظ في فتح الباري (٩\٢٦٩) : (عند ابن سعد بإسنادٍ صحيح عن نافعٍ أن عمرَ بلغه أن قوماً يأتون الشجرة فيصلون عندها، ثم أمر بقطعها فقطعت)

(٢) قال الحسن: ما ازداد صاحب بدعةٍ عِبادةً إلا ازداد من الله بعداً. (ذم الكلام ٣\١٢٣ و الإعتصام بتحقيق الشقير١\١٣٦) واتە : ئەوکەسەی بە ڕێگای داهێنراو خوداپەرستی دەکات، چەند خوداپەرستی بکات، ئەوەندە لە خودا دووردەکەوێتەوە.

تۆ بەردێکی هیچ زەرەر و سوودێکت نییە، بۆیە ماچم کردووی، چونکە پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) بینیوە کە تۆی ماچ کردووە[١] بە واتایەکی دیکە: شوێنکەوتنی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) خودا پەرستییە نەك شتێکی تر، واتە: موسڵمان بە هەوا و هەوەس خودا پەرستی ناکات، بەڵکو تاکە ڕێگای خوداپەرستی شوێنکەوتنی پێغەمبەری خودایە (صلى الله عليه وسلم).

هەر لە بەر ئەم مەبەستەش فەرمان بە موسڵمانان کرا بۆ نزیکەی شانزە مانگ لە نوێژدا ڕوو لە (بيت المقدس) بکەن، و پشت لە (مسجد الحرام) بکەن، تاوەکو فێربن ڕووکردن لە (مسجد الحرام) بەکلتور و نەریتی قورەیشییەکانی مەککە نەبووەتە خوداپەرستی، بەڵکو بە ئەمر و فەرمانی خودا: ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾[٢] بووەتە خوداپەرستی[٣].

ئەمەش هەمووی تەنها بۆ ئەوەیە موسڵمانان بزانن کە ئەنجامدانی خودا پەرستی بریتییە لە بە جێگەیاندنی ئەمر و فەرمانی خودا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەك شتێکی دیکە، و هەموو ڕێگایەك بۆ خودا پەرستی داخراون، بێجگە لە شوێنکەوتنی ئەم پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم).

ئەمە مەبەستی عومەر(رضي الله عنه) بوو، کە بەموسڵمانانی فەرموو ماچکردنی بەردی ڕەش لە بەر خودی بەردەکە نییە، بەڵکو لەبەر شوێنکەوتنی کردەوەی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم).

---

(١) قصة تقبيل عمر للحجر الأسود و قوله المشهور فيه أخرجه الشيخان و ينظر تمام تخريجه في المسند ط المؤسسة (٩٩،١٧٦،٢٢٩،٣٦١).

(٢) البقرة:١٤٤.

(٣) ينظر: تفسير القرطبي لآيات تغير القبلة في جامعه(٢\٤٣٩) ومما قاله من حِكم التغيير: إن قريشاً كانت تألف الكعبة، فأراد الله عزَّ و جلَّ أن يمتحنهم بغير ما ألفوه، ليظهر من يتبع الرسول ممن لايتبعه. و ينظر أيضا: معاني القرآن للزجاج(١\٢١٨)

بەمە موسڵمانانی فێرە ماناکانی (محمدٌ رسول الله)کرد، کە بنەمای بیروباوەڕی موسڵمانە، هەموو چاکسازییەك لە وڵاتی موسڵماناندا لەو بیروباوەڕەوە دەست پێدەکات و هەڵدەقولێت. ئەم خاڵانەی باس کران عومەر (رضي الله عنه) پەیڕەوی دەکردن بۆ پاراستنی ئاسایشی تاکەکەس لە ناخی تاکەکەسدا، و ئەو خاڵانەی کە باسیان دەکەین ـ ئەگەر خودا هاریکاربێت ـ لە پاراستنی (عەقل، شەرەف، سەر، ماڵ)ی خەڵك، بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێنەوە.

ئەمەش ڕێزبەندی چاکسازییە لە سەر ڕێگای پێغەمبەران(علیهم السلام)، کاتێك پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) یەکێ لە هەڤاڵانی(معاذ ـ رضي الله عنه ـ) بۆ (یەمەن) بەڕێدەکات پێی دەفەرمێت : (فَلْيَكُنْ أَوَلَ مَا تَدُعوهُم إليه توحيد الله)[١]. واتە: (یەکەم کارت ئەوەیە خەڵکی یەمەن فێری یەك خوداپەرستی بن)، چونکە چاکسازی لە وێ دەست پێدەکات، موعاز (رضي الله عنه) لە کارەکەی سەرکەوتوو دەبێت، و چەند ساڵێك ناڕوات خەڵکی یەمەن هەژاریان لەناو نامێنێت و زەکاتیان بۆ دەرەوە بەڕێ دەکەن[٢]!.

لەبەرئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چاکسازی لە بیروباوەڕەوە دەست پێناکات، بۆیە سەرەڕای هەبوونی سەروەتی زۆر هەژاری لە زیادبوون دایە!.

---

(١) أخرجه البخاري ومسلم وغيرهما وهذا لفظ الدارقطني في سننه(٣\٥٦) .

(٢) في كتاب الأموال لإبي عبيد ص ٥٩٦ : ((إن معاذ بن جبل لم يزل بالجند إذ بعثه رسول الله (صلى الله عليه وسلم) إلى اليمن، حتى مات النبي (صلى الله عليه وسلم)، و أبو بكر، ثم قَدِمَ على عمر (رضي الله عنه)، فرده على ما كان عليه، فبعث إليه معاذٌ بثلث صدقة الناس، فأنكر ذلك عمر، ثم قال: لم أبعثك جابياً و لا آخذ جزية، ولكن بعثتك لتأخذ من أغنياء الناس، فتردها على فقرائهم! فقال معاذٌ: ما بعثتُ إليك بشيءٍ و أنا أجد أحداً يأخذه مني، فلما كان العام الثاني، بعث إليه شطر الصدقة، فتراجعا بمثل ذلك، فلما كان العام الثالث بعث إليه بها كلها، فراجعه عمر بمثل ما راجعه قبل ذلك فقال معاذ: ما وجدتُ أحداً يأخذ مني شيئاً)).
ينظر : كتاب مشكلة الفقر و كيف عالجها الإسلام لشيخ القرضاوي ص١٥٣ـ١٥٤.

دووەمـــــــ(٢)ـــــ :

پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس بە پاراستنی عەقلی تاکەکەس

(حفظ العقل).

ئەمەش لە چەند ڕوویەوە باس دەکەین:

أ : پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس لە ماددە بێهۆشکەرەکان (المواد المُسكِرة):

ماددە بێهۆشکەرەکان، ئەوکات تەنها (عەرەق)بوو، کە قورئانی پیرۆز بە چەند قوناغێك حەرامی کرد لەسەر موسڵمانان[١]، و بۆ ئەوەی گشت ماددە بێهوشکەرەکان حوکمی عەرەق وەربگرن لە دوارۆژدا، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت ((كلُ مُسْكِرٍ خَمْر و كلُ مُسكرٍ حَرام))[٢] واتە: (هەموو بێهۆشکەرێك عەرەقە و هەموو بێهۆشکەرێکیش حەرامە).

---

(١) زانایان حەرامکردنی عەرەق لە قورئانی پیرۆزدا بە چوارقوناغ مەزەندە دەکەن :

یەکەمیان :﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ النحل:٦٧.

دووەمیان:﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾ البقرة :٢١٩.

سێیەمیان:﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ﴾ النساء :٤٣.

چوارەمیان: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ المائدة ٩١.

(٢) رواه مالك في الموطا رواية أبي مصعب (٢\٥٢) وسنده سلسلة الذهب.

دابەزاندنی ئەم جۆرە ئەحکامانە لە زەمینەی واقیعدا، کارێکی ئاسان نییە، چونکە حەرامکردنی هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت، کە گشت موسڵمانان وەکو فریشتەن تووشی ئەم تاوانە نابن، لە کاتێکدا کە تاوانەکە زۆر ترسناکە چونکە دەرگا بۆ تاوانی تر دەکاتەوە.

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەردا (رضي الله عنه) ، زۆر سکاڵای بۆ بەرزکرایەوە کە خەڵکانێك عەرەق دەخۆنەوە سزاکەی بە هەند وەرناگرن.

بۆ ئەم مەبەستە عومەر (رضي الله عنه) ڕاوێژی بە گەورە هەڤاڵانی پێغەمبەری(صلى الله عليه وسلم) کرد، علی (رضي الله عنه) ڕای وابوو کە ئەو کەسەی عەرەق دەخواتەوە، عەقلی لە دەست دەدات، لەوانەیە لە ئەنجامی ئەمە بوهتان بکات، بۆیە وای پێ باش بوو کە سزاکەی لە چل جەلدەوە بکرێتە هەشتا جەلدە، کە سزای بوهتانە[1] ، هەمان شت عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف ڕای وابوو کە سزاکەی بکرێتە هەشتا جەلدە، چونکە کەمترین (حد)ە لە دادگای ئیسلامیدا.

عومەر (رضي الله عنه) بۆچوونی ئەم دووهەڤاڵەی قەبوول کرد، و بۆ زیاتر ڕێگری لەم تاوانە عومەر (رضي الله عنه) بڕیاریدا کە هەرکەس بە ئارەزووی خۆی عەرەق بخواتەوە، ئەوا کردار و گوفتاری لە دادگادا بە سەریدا دەژمێرێت، بۆ نمونە کاتێ لە باری سەرخۆشیدا بەندەی خۆی ئازاد کرد، یان خێزانی تەلاقدا، ئەوا لەسەری دەژمێردرێت[2] .

---

(١) القذف هو الرمي بالزنا و حده ثمانون جلدة كما في قوله تعالى: ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ النور :٤

(٢) ينظر : موسوعة فقه عمر و عصره و حياتة ص١٠٣ـ١٠٤ و إجتهادات عمر بن الخطاب دراسة اصولية ص٤٥٨ و المحلى ٩\٣٧٩. و في حكم طلاق السكران ينظر أعلام الموقعين ٥\٤٥١ـ٤٥٥.

بەم بڕیارانە توانییان ڕێگری لەم تاوانە بکەن، کە نەهێشتنی ماددەی بێهۆشکەر لە گەورەترین هۆکارەکانی پاراستنی ئاسایشە لە کۆمەڵگادا، و کاکلەی پاراستنی ساغلەمی عەقلی تاکەکەسە لە کۆمەڵگادا.

ب: هاندان بۆ پەرەپێدانی عەقلی تاکەکەس بە جوان بیرکردنەوە ، ڕاوێژ کردن .

عومەر لە ژیانیدا وتەیەکی زۆر دووبارە دەکردەوە، دەی فەرموو : (لستُ بخبٍ ولا يخدعني الخب)[1] واتە: (من فێلباز نیم و فێلباز فێلم لێناکات). ئەم وشە زێرینەی عومەر (رضي الله عنه) خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەکی پەرەپێدانی مرۆڤییە، وەکو بالندەیەك خۆی پیشاندەدات کە سەرەکەی بیرکردنەوەیە و بالێکی ژیرییە لە وەرگرتنی هەوال و هەڵسوکەوتی بەرامبەر، بالەکەی دیکەیشی جوانی بڕیاردانە لە کات و شوێنی تایبەت . بۆ ئەم مەبەستەش عومەر لە زۆربەی کارەکانیدا پێش هەر بڕیارێك ڕاوێژی گەورە هەڤاڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەی کردن، نەی دە هێشت لێی دورکەونەوە بەتایبەت علی (رضي الله عنه)، و دەی فەرموو: ((أعوذ بالله من معضلة ليس لها أبو الحسن))[2]. نمونەی ڕاوێژکاری و مەشورەتی عومەر (رضي الله عنه) بە گەورە هەڤالانی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) گەلێك زۆرن، بەرادەیەك زانایانی پاش سەردەمی هەڤاڵان ڕاوێژی عومەریان بە نمونە دەیانهێناوە دەیان فەرموو: خەڵکانێك بۆ هەموو پرسیارێك فەتوادەدەن، ئەگەر یەکێ لەم پرسیارانە لە عومەری

(١) ينظر مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام (١٠\٣٠٣) و هذا القول ينسب لإبن سيرين كما في تاج العروس (٢\٣٢٧) و أياس بن معاوية كما في تأريخ الإسلام (٨\٤٢ت: التدمري).

(٢) طبقات ابن سعد (٢\٣٣٩) و تأريخ الإسلام (٣\٦٣٨)

کوری خەتاب کرابا بۆ وەڵامدانەوەی گەورە زانایانی ئەهلی بەدری کودەکردنەوە[١]! هەندیك لەو ڕاوێژانەی عومەر (رضي الله عنه) پێشتر باسکاران، لێرە پێویست بە زیاتر ناکات[٢].

ج: هاندان بۆ پەرەپێدانی عەقلی تاکەکەس بە شارەزاکردنی لە ڕەوشتە خراپەکانی سەردەمی نەفامی.

لە وتە زێڕینەکانی عومەر (رضي الله عنه) : (إنما تنقص عرى الإسلام عروةً عروة، إذا نشأ في الإسلام من لم يعرف الجاهلية) واتە: (خالەکانی هێز لە ئیسلامدا لەبەر دەستی کەسانێك لاواز دەکرین، کە تەنها جوانی ئیسلامیان بینیوە، خراپەی کوفر و نەفامیان نەبینیوە).

لە ڕاڤەی ئەم وتە زێڕینەی عومەر (رضي الله عنه) شیخ الإسلام دەفەرمێت: (بەرزی ئیسلام لە فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپەیە، کە پایەبەرزەکانی تێکوشانن لە ڕێگای خودادا، کاتێك کەسێك لە ناو ئیسلامدا گەورە بووبێت و نەفامی نەدیتبێت، ئەوندە زانستی بە کاری خراپ نابێت بۆ ئەوەی وەکو پێویست نەهی لێ بکات ئەمەش لا وازیك بە پایەی تێکوشان دەبەخشێت، کە ئەم لاوازییە هەرگیز لای هەڤالانی پێغەمبەرمان نەبووە، جونکە هەروەکچون جوانی ئیسلامیان بینیە، خراپەی کوفرو نەفامیشیان بینیوە، بەمە ئارەزومەنیان لە هەموو کەسێك زیاترە بۆ بەلاوکردنەوەی

(١) قال أبو شهاب: سمعت أبا حصينٍ يقول: إن أحدهم ليفتي في المسألة، لو وردت على عمر بن الخطاب (رضي الله عنه) لجمع لها أهل بدر. (تأريخ الإسلام ٨\١٧٤ ط: تدمري)

(٢) بروانە: بەشی یەکەمی بابەتەکە (گۆڤاری ئەیوبی ص٩٢ ـ ٩٣)

ئیسلام و رزگارکردنی خەڵك لە کوفر)[١] ئەمەش ڕاستێکی بەڵگەنەویستە لای هەر کەسێك بە ئینصافەوە بەراورد لە نێوان ڕەوشت بەرزی ئیسلام و بەرەلای نەفامی بکات. هەروەها قوتابخانەیکی پەرپێدانی عەقلە بۆ جوانتر بیرکردنەوەو هەلسەنگاندنی ڕووداوەکانی ژیان، کە عومەر (رضي الله عنه) ئاماژەی بۆ ترسناکی داخستنی کرد لە وتە زێرینەکەیدا: (إنما تنقص عرى الإسلام عروةً عروة، إذا نشأ في الإسلام من لم يعرف الجاهلية)

سێیەمـــــــ(٣)ـــــــ:

پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس، بە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی کوشتن (حفظ النفس).

کوشتنەوەی بکوژ(قصاص) ئەگەر خاوەن خوێن لێی خۆش نەبێت، خودای پەروەردگار بە ژیان وەسف دەکات ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾[٢] واتە: (با کەسی هۆشمەند و ژیر بزانێت کە کوشتنەوەی بکوژ ـ کە بەناحەق کەسێکی کوشتووە ـ ژیانە، تاوەکو پارێزراوبن). عومەر (رضي الله عنه) پاراستنی ژیانی خەڵك بە ئەرکە گەورەکانی خۆی دەزانی لە فەرمانڕەواییدا، ئەمەش چەند ڕوویەکی ڕێگری کردنی عومەری کوڕی خەتابن(رضي الله عنه) لە تاوانی کوشتن بەناحەق.

---

(١) من مجموعة الفتاوى (١٠\٣٠١) بإختصار شديد.

(٢) البقرة :١٧٩.

أ: پاراستنی کۆمەڵگا لە دروستبوونی گرۆپی بکوژ، بە کوشتنەوەی کۆمەڵێکی بکوژ بە تاکە کەسێك.

لە ڕۆژگارێکی فەرمانڕەوایی عومەردا (رضي الله عنه) ، سکاڵایەك بۆ عومەر بەرز دەکرێتەوە کە لە (یەمەن) حەفت کەس پێکەوە کەسێك دەکوژن، حوکمەکەی چییە؟

عومەر (رضي الله عنه) دەزانێ ئەگەر ئەم جۆرە تاوانبارانە بەتوندی سزانەدرێن، ئەوا هەموو کات کۆمەڵگا لە مەترسی دروستبوونی چەند گرۆپ و باندێکدا دەبێت کە ژیانی خەڵك بخەنە مەترسی، بۆیە فەرمان دەردەکات بە کوشتنەوەی حەفت کەسەکە و دەفەرمێت: (لو تمالأ عليه أهل صنعاء لقتلتهم جميعاً) واتە : ئەگەر خەڵکی (صەنعا) گشتیان هاوبەشبان لە بەناحەق کوشتنی کەسەکە، سزای قیصاص لە هەموویانم دەردەکرد[١].

ب: پاراستنی خەڵك لە هەڵەی دادگای شەرعی، بە تایبەتمەندکردنی چەسپاندنی بڕیاری سزای کوشتن کە دادگای شەرعی دەریدەکات بە خودی خەلیفەوە.

عومەر(رضي الله عنه) پەیامی نارد بۆ هەموو میرەکانی، کە نابێت بەبێ بڕیاری عومەر کەسێك بکوژرێت ((ألا تقتلوا أحداً إلا بإذني))[٢]. بەمە عومەر (رضي الله عنه)، سەپاندنی سزای کوشتن، کە دادگای موسڵمانان وەکو دەزگایەکی سەربەخۆ[٣] دەریدەکات، لە ژیر سەربەخۆیی دادگا دەرهێنا، بڕیاری سزای دادگا بۆ کوشتنی

---

(١) ينظر: الدرر السنية في الأجوبة النجدية (٧\٣٨١ ـ ٣٩٠). و ينظر: إجتهادات عمر بن الخطاب دراسة أصولية مبحث (رعاية عمر لمقصد حفظ النفس ص٤٠٩ ـ ٤٣٨).

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة في مصنفه(٦\٤٢٩)، و البيهقي في الكبرى (٨\٤١٠) و الأثر صحيح ينظر: التأريخ الكبير للبخاري(٥\٤٣٠)، و الجرح و التعديل للرازي (٥\٣٦٥)(٨\٤٩٨) و الإرواء للألباني(٨\٣١)

(٣) ينظر: اطروحة (إستقلال القضاء في الفقه الإسلامي) تأليف القاضي الدكتور: محمد بن عبدالله السَّحيم.

کەسێك، بە دەسەڵاتی خودی خەلیفەوە بەستەوە، تاوەکو خەڵك زیاتر پارێزراوبێت، بە بڕیارێکی هەڵە کەسێك نەکوژرێت.

ج: پاراستنی خەڵك لە هەڵەی سەرکردە سەربازییەکان، کە مافی ئەنجامدانی کوشتنی کەسێك بە خۆیان بدەن، بە ناوی پاساوی شەرعی و زەمینەی حوکمی عەسکەرتاری لە بەرەکانی جەنگدا.

عومەر (رضي الله عنه) پەیامی نارد بۆ سەرکردەی سوپاکەی، کەبیستوویەتی لە جەنگدا، کاتێ جەنگاوەرەکانمان شوێن دوژمن دەکەون، دەزانن پێیان ناگەن، دوژمن خۆی لە چیاکان حەشاردەدات، ئەوا خەڵکانێك لە جەنگاوەرەکانمان، بانگیان دەکەن (مەترس) واتە ئەمانیان پێدەدەن ، لەپاشان دەیان کوژن! سوێند بەو خودایەی، کە ژیانی عومەری بەدەستە، بزانم کەسێك ئەمەی ئەنجام داوە، لە ملی دەدەم و دەیکوژم)[1] . ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ترسناکترین کاتەکانی تەنگانەو خوێن

---

(١) أخرج مالك (٢\٤٨٨) في الموطأ: ((أن عمر كتب إلى عامل الجيش: انه بلغني أن رجالاً يطلبون العلج، حتى إذا ما أسند إلى الجبل و امتنع قال رجل(مطرس) ـ يعني لا تخف ـ فإذا أدركه قتله، و إني و الذي نفسي لا أعلم مكان واحدٍ فعل ذلك إلا ضربتُ عنقه)) ينظر : أوجز المسالك إلى موطأ مالك للكندهلوي (٩\٩٩ـ ١٠١) و موسوعة فقه عمر بن الخطاب للقلعجي ص٢٦٤ . و أخرج البخاري في صحيحه تعليقاً قال عمر (رضي الله عنه) : إذا قال مَترس فقد آمن. ينظر: فتح الباري (٦\٢٧٤ ط : القديمة = ٩\٤٦٦ ط دارطيبة).

فائدة: كلمة (مطرس) بالطاء، هي كلمة كردية، بالتاء بدل الطاء، أي لا تخف. و الشراح يقولون كلمة فارسية، أو أعجمية. و مثل هذا كثير. منه : الحافظ السِّلَفي أبو طاهر(ت:٤٧٢ ـ ٥٧٦ هـ) نسبةً إلى لقب جده أحمد، فقد كان يلقب سِلَفَة و هو لفظ كردي معناه ثلاثُ شفاه، لأنَّ شَفَتَهُ كانت مشقوقة، فصار كأن له ثلاث شفاهٍ. أي (سێ لێڤ) و هي كلمة مركبة كردية معناه (ثلاث = سێ) (شفاه = لێڤ)، ولكن أكثر من ترجم له قالوا كلمة فارسية أو اعجمية! و سهى البعض لما عزاه إلى السلفية نسبةً إلى السلف! منهم محقق كتاب (الأحاديث الصحاح الغرائب للمزي) ص١٢٥ط العبيكان. ينظر: طبقات القراء لذهبي(١\٦٢٧ ط: مركز الملك فيصل) و صفحات من صبر العلماء لشيخ عبد الفتاح أبو غدة رحمه الله (ص٩١).

بەفیڕۆچوون لە ناو لەشکردا، عومەر (رضي الله عنه) بتوانێت خوێنی دوژمنەکانیشی بپارێزێت و بەناحەق و ناپاکی نە کوژرێن.

بەمە ئاسایشی دەوڵەتەکەی پاراست، چونکە ئەگەر کەسێك لە سزای ڕۆژی دوایی نەترسێت، بیەوێت دەست بۆ سەری خەڵك درێژبکات، دەزانێ کەسێك هەیە یاسای خودا لە دونیادا بەسەریدا دەسەپێنێ! و هیچ کەس خوێنی بە هەدەر ناڕوات لە ناو کۆمەڵی موسڵمانانداە هەر نەتەوەیەك و هەر ئاینێك بێت، لەبەر:

یەکەم: هەبوونی یاسایەکی پیرۆز: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾

دووەم: هەبوونی سەرکردەیەکی لە خودا ترس عومەر (رضي الله عنه).

چوارەمـــــــ(٤)ـــــــ :

پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس بە پاراستنی مافی ئافرەت

(حفظ الشرف و النسب ـ الأمن الإجتماعي ـ).

پاراستنی مافەکانی ئافرەت لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی عومەر (رضي الله عنه) بوون لە بەڕێوەبردندا، چونکە ستەم بەسەر ئافرەت لە هەرکۆمەڵگایەکدا کردنەوەی دەرگایەکی ئاژاوەیە لەو کۆمەڵگایەدا، ئەم ستەمە لە ڕووی ئیسلامەوە خۆی بە چەند شێوەیەك پیشاندەدات، گەورەترینیان تەماشاکردنی ئافرەتە وەکو خۆراك و پۆشاك، و بازرگانی کردنە بە ئافرەت، بۆ ئەم مەبەستە دوژمنانی (ئیسلام و ئافرەت)! چەندین ڕێگایان گرتووتەبەر لەوانە:

یەکەم: دژایەتیکردنی فرەژنی تاوەکو دیاردەی (قەیرەکچی زۆربێت).

دووەم: دژایەتیکردنی حیجاب، تاوەکو بتوانن وەکو کەرستەی جوانکاری هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەت بکەن.

سێیەم: فێلبازیکردن لەگەڵ ئەحکامی شەرعی ئیسلامی لای سەرانێك کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن، بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت بەناوی ئاین.

چوارەم: کردنەوەی دەرگای تێکەڵبوونی ئافرەت لەگەڵ پیاو.

بەم ڕێگایانەی ستەم و چەندین ڕێگای دیکە ئافرەت دەکەنە دەرگایەك بۆ لەناوبردنی باری کۆمەڵایەتی و هێنانەوەی ئاشوب لە پێناو وەدەست هێنانی ئارەزووی تایبەت و سەپاندنی هەواو هەوەس.

عومەر (رضي الله عنه) هەستی بەم مەترسییە دەکرد، و غیرەتێکی بێسنوری هەبوو لە سەر پاراستنی ئافرەت[1] ، بۆیە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خەڵك، ئەو دەرگایانەی دادەخست کە ئەمڕۆ کەسانێکی ناساغلەم بەناوی سەربەستییەوە ئافرەت دەکەنە کەرستەیەکی ڕوخێنەر بۆ بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بەمە دەرگایەکی ئاژاوە دەکەنەوە کە هۆی لەناوچوونی چەندین ئومەت بووە، وەکو ئومەتی بەنی ئیسرائیل هەروەك پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بۆ دەکات و دەفەرمێت:

ئومەتی بەنی ئیسرائیل لەناوچوو کاتێك ئافرەتەکانیان تەبەڕوجیان کرد، باروکەیان لە سەر کرد[2].

---

(١) أخرج مسلم في صحيحه (٢٣٩٤) من حديث جابرٍ (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: ((دخلتُ الجنة، فرأيتُ فيها داراً، أو قصراً، فقلتُ لمن هذا؟ فقالوا: لعمرَ بن الخطاب، فأردتُ أن أدخلَ، فذكرتُ غيرتك)) فبكى عمرُ، و قال: أيْ رسول الله، أوَ عليك أغار. ينظر: (٣٨\٤٦٤شرح الأتيوبي).

(٢) ينظر : صحيح البخاري: (٣٤٦٨)(٣٤٨٨)(٥٩٣٢)(٥٩٣٨).

کارە گەورەکانی عومەر (رضي الله عنه) بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەم بارەیەوە ـ بەپشت بەستن بە خودا ـ بەچەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:

أ: پاراستنی ڕوخساری ئافرەت بە حیجاب، لەو کەسانەی کە دڵێکی ناساغلەمیان هەیە. (سبب نزول آية الحجاب).

تێگەیشتنی عومەر(رضي الله عنه) بۆ ئەو پەیامەی کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) پێیهاتووە، کەسایەتیەکی پێدابوو، خاڵە لاوازەکانی مرۆڤی دەخوێندەوە، دەیزانی یەکێ لە خاڵە لاوازەکان، ناساغلەمی دەروونی کەسانێکە کاتێك جوانی ئافرەت دەبینن، ڕێزداری ئافرەت لە بیر دەکەن، وەکو خۆراك تەماشای دەکەن، عومەر(رضي الله عنه) لەم ڕوویەوە بیرێکی ڕووناکی هەبوو، کە لە دەروونە خاوێنەکەی هەڵدەقولا، بۆیە خودای پەروەردگار لە ناو هەموو هەڤاڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) تایبەتمەندی کرد بەوەی کە ئایەتی حیجاب بەبوونەی ئەوەوە دابەزێت، کاتێك بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت : (يا رسول الله ، لو أمرت نساءك أن يحتجبن فإنه يكلمهن البر و الفاجر، فنزلت آية الحجاب)[1] واتە: (ئەی پێغەمبەری خودا

---

(١) قوله (فنزلت آية الحجاب) قال بعض أهل العلم: أي حكم الحجاب، يعني : حجاب النساء عن الرجال، فأنزل الله آية الحجاب، و يَحْتَمِل أن يراد بآية الحجاب الجنس، فيتناول الآيات الثلاث :

* قوله تعالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ (الأحزاب:٥٩).

* و قوله تعالى:﴿وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ﴾ (الأحزاب:٥٣).

* و قوله تعالى: ﴿وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ (النور:٣١)

خۆزگە فەرمانت بە خێزانەکانت کردبا بە حیجاب، چونکە هەموو کەس ـ چاك و خراپ ـ قسەیان لەگەل دەکات). لە هەمان کاتدا ئایەتەکانی[١] فەرمانکردن بە حیجاب دابەزین. هەر بۆیەش لە **ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه)**، عومەر زۆر گرنگی دەدا بە باڵاپۆشی (حجاب) ئافرەتی موسڵمان، و هەروەها زۆر گرنگی دەدا بە ماناکانی حیجاب، نەی دەهێشت ئافرەت لە دەرەوەی ماڵەکەی جلوبەرگی تەنك یان سەرنجڕاکێش بپۆشێ[٢] ، بۆ ئەوەی پارێزراوبێت لە کەسانێکی ناساغلەم کە هەموو کات وەکو خۆراك لە ئافرەت ئەڕوانن.

ب : هاندان بو شووکردنی کچان و بێوەژنان و ڕێگری لە دەرکەوتنی دیاردەی قەیرەکچی.

یەکێك لە دیاردە ترسناکەکان کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە، مانەوەی کچ یان بێوەژنە بە بێ مێرد، کە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا وەکو دیاردە لە ناو کۆمەڵگای موسڵمانان دەرکەوتووە، بەتایبەت پاش ئەوەی بە ناوی جیاجیای وەکو

وأن يراد به العهد من واحدة من هؤلاء الثلاث. (ينظر: شرح الأتيوبي على صحيح مسلم ٣٨\٤٩٧)

(١) ينظر: الحاشية قبلها.

(٢) أثر عمر (رضي الله عنه) في نهي عما يصف ويشف من لباس المرأة المسلمة أخرجه البيهقي في السنن الكبرى(٢\٢٣٤ـ٢٣٥).

و للمزيد عن شروط اللباس الشرعي للمرأة المسلمة و جلبابها ينظر : جلباب المرأة المسلمة فقد عَدَّ الشيخ الألباني ثمانية شروط بأدلتها لجلباب المرأة المسلمة وهي :

* ١ ـ استعاب جميع البدن إلا ما استثنى(ص٣٩ـ١١٧). * ٢ ـ أن لا يكون زينة في نفسه (ص١١٩ـ١٢٣).

* ٣ ـ أن لا يكون صفيقاً لا يشف (ص١٢٥ـ١٢٩). * ٤ ـ أن يكون فضفاضاً غير ضيق(ص١٣١ ـ ١٣٦).

* ٥ ـ أن لا يكون مبخراً مطيباً (ص١٣٧ـ ١٤٠). * ٦ـ أن لا يشبه لباس الرجال(ص١٤١ ـ ١٥٩).

* ٧ ـ أن لا يشبه لباس الكافرات (ص١٦١ ـ ٢١٢). * ٨ ـ أن لا يكون لباس شهرة(ص٢١٣ ـ ٢١٦).

دیموکراتیەت و عەلمانیەت و ئازادی و....هتد خەڵکانێك بە هەواوهەوەسی خۆیان و لاساییکردنەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا باسیان لە مافی ئافرەت کرد، و چەندین ڕێگایان بەناوی مافی ئافرەت گرتەبەر، کە دژ بە مافی ئافرەت بوون، لەوانە لە هەموویان کاراتر دژایەتی فرەژنییە، کە ئەنجامەکەی مانەوەی هەزاران کچ و بێوەژن بوو بە بێ مێرد ... ئەم دیاردەیە **لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەردا(رضي الله عنه)** نەبووە، چونکە عومەر (رضي الله عنه) وەکو باوك دەڕوانییە کچ و بێوەژنانی کۆمەڵگایەکەی، چەندین ڕێگای دەگرتەبەر کە ئافرەتی موسڵمان بەبێ مێرد نەمێنێتەوە لەوانە:

یەکەمیان: ئاگادارکردنەوەی باوکان لە زیادەڕەوی کردن لە مارەیی کچانیان.

زیادەڕەوی لە مارەیی ئافرەت یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە ڕێگرە لە شووکردنی ئافرەت، هەروەها هۆکاری کردنەوەی دەرگای لەیەکترازانی خێزانە. لە **ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەردا (رضي الله عنه)**، عومەر هەستی بەم مەترسییە دەکرد، بۆیە لە یەکێ لە وتارەکانیدا خەڵکانی موسڵمان لەم مەترسییە ئاگادارەدەکاتەوە و دەفەرمێت: (خەڵکینە لە مارەیی ژنان زیادەڕەوی نەکەن، ئەگەر زۆری مارەیی خێری پێوەبا، ئەوا خودا بە خێزانانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەبەخشی)[1].

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆری مارەیی یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی کچ و کوڕانمان بە قەیرەیی، هەروەها هۆی لێکترازانی چەندین خێزانە، هەروەها وەکو چەك بەکاردێت

(١) خطبة عمر في النهي عن المغالات في المهور أخرجه أحمد في مسنده(١\٤٠) و ابن ماجه في سننه(١\٦٧٠) و الحاكم في مستدركه(٢\١٩١) و صححه. ينظر : إجتهادات عمر بن الخطاب دراسة أصولية (ص٤٨٨ـ٤٨٩) و موسوعة فقه عمر (رضي الله عنه) ص٨٤٧ـ٨٤٨ .

دژی سەروەری پیاو لە ناو خێزانەکەی. زەرەرمەندیش لێرەدا تەنها خێزان و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە.

دووەمیان: هاندان بۆ فرەژنی.

ئەمەش بە شێوەیەك کە هەبوونی خێزانداری ڕێگرنەبێ لە فرەژنی، لە سێ ڕوویەوە:

* ڕێگرنەبێ لە ئافرەت کە بە پیاوێك ڕازی بێت کە خێزانداره.
* ڕێگرنەبێ لە باوك کە کچی خۆی بە کەسێك بدات کە خێزانداره.
* ڕێگرنەبێ لە خێزاندار ئەگەر توانای دادپەروەری و بەڕێوەبردنی هەبێ، خێزانی دووەم و سێیەم و چوارەمیش بهێنێت.

باشترین نمونە لە سەر ئەمە کەسایەتی عومەر (رضي الله عنه) وەکو باوکێکی دڵسۆز کاتێك (حەفصە)ی کچی (رضي الله عنهما) پیاوەکەی (خُنیس بن حُذافة) شەهید دەبێت، عومەر (رضي الله عنه) وەکو باوکێکی دڵسۆز داوا لە (عثمان) دەکات کە مارەی بکات، بەڵام وەڵامی ناداتەوە، لە پاشان داوا لە (أبو بکر)دەکات ـ ئەمە لە کاتێکدا کە أبوبکر خێزانداره ـ کەمارەی بکات بەڵام ئەویش وەڵامی ناداتەوە، تاوەکو خودا کەسێك بۆ (حەفصە)ی کچی هەڵدەبژێرێت کە پێغەمبەری خودایە (صلى الله عليه وسلم)، حەفصە دەبێتە خێزانی سێیەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پاش (سەودە) و (عائشە)(رضي الله عنهما)، لە پاشان عومەر (رضي الله عنه) دەزانێ بۆچی (أبو بکر) پشتی لە داواکاریەکەی کردووە[1]. ئەمەی عومەر(رضي الله عنه) ئەنجامیدا بۆ بە شوودانی کچەکەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەندین باوك کە حاجی و

(١) ينظر : كتاب أم المؤمنين حفصة بنت عمر الصوامة و القوامة تأليف أمينة عمر الخراط (ص٣١ـ٤٢).

دیندارن لەوانەیە بە عەیبە تێبگەن! چونکە پیاون!!. و چەندین نووسەر و ڕۆشەنبیر بە پێشێلی مافی ئافرەت تێدەگەن! چونکە فرەژنییە!!. لەنێوان ئەم دوو چینە تەنها ئافرەت زەرەرمەندە و تەنها ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە مەترسیدایە[١].

ج : پاراستنی ئافرەت کە وەکو کەرستەیەك بازرگانی پێوە بکرێت.

بێگومان لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه) دا شارستانی موسڵمانان لە هەر شوێنێك بێت، شارستانییەتێکی خاوێن بووە، لە هۆکارەکانی داوێن پیسی، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوەناگەیەنێت کە عومەر (رضي الله عنه) فەرمانڕەوایی بەسەر کۆمەڵێك فریشتە دەکات کە بیر لە تاوان ناکەنەوە، بەڵکو هەمووکات وەکو کورد گوتوویەتی (چەم بێ چەقەڵ نابێت)، بۆیە عومەر (رضي الله عنه) هەستی بە ترسناکی ئەم چەقەڵانەی دەکرد، کە بەفێلبازی و بە ناوی دین سنورەکان دەبەزێنن! بۆیە ڕێی لە چەند کارێکی ترسناك دەگرت، کە دەرگای داوێن پیسی و بازرگانیکردن بە ئافرەت دەکەنەوە:

یەکەمیان: مارە بەجاش یان خۆشکردنەوەی تەلاق(المحلل و المحلل له)[٢] .

دووەمیان: ژنهێنانی کاتی(المتعة)[٣].

سێیەمیان: ژن بەژنی(الشغار)[٤].

---

(١) ينظر : كتاب تعدد الزوجات هل هو واجبٌ شرعي أم ضرورةٌ إجتماعية تأليف عثمان محمد ناعورة.

(٢) ينظر : ما كتبه شيخ الإسلام بهذا الصدد في كتابه (بيان الدليل على بطلان التحليل ـ مطبوع ـ) و هو ضمن المجلد الثالث من الفتاوى الكبرى.

(٣) ينظر : مسائل من الفقه المقارن لشيخ هاشم جميل حفظه الله (٢\١١٧ـ١٢٦ مبحث الزواج المؤقت أو المتعة) و الموسوعة الكويتية (٤١\٣٣٣ومابعده).

(٤) الموسوعة الكويتية (٢٦\١٢٦ـ١٣٠).

ئەم سێ بابەتە پێویستیان بە درێژە پێدانە، بەڵام تاوەکو لە بابەتەکەی خۆمان دوور نەکەوین، تەنها ئاماژە بۆ هەڵوێستەکانی عومەر (رضي الله عنه) دەکەین سەبارەت بە بنبڕکردنی ئەم تاوانانە:

وتاری عومەر (رضي الله عنه) سەبارەت بە مارە بە جاش

قال عمر (رضي الله عنه) : (لا أوتي بمحلل و لا محلل له إلا رجمتهما)[١]. واتە: عومەر (رضي الله عنه) دەفەرمێت : سکاڵا سەبارەت بە هەرپیاوێك بۆم بەرز بکرێتەوە کە خێزانی تەلاق داوە، لە پاشان پەشیمان بووە، پیاوێکی هێناوە خێزانە تەلاقدراوەکەی لێ مارەکردووە بە مەبەستی خۆشکردنەوە، ئەوا هەردوو پیاوەکە بەردباران دەکەم.

وتاری عومەر (رضي الله عنه) سەبارەت بە ژنهێنانی کاتی:

قال عمر (رضي الله عنه): (لا أقدر على رجلٍ تزوج إمرأةً إلى أجل إلا غيبته بالحجارة)[٢] واتە: عومەر (رضي الله عنه) دەفەرمێت: (کەسێك بکەوێتە بەردەستم ژنی مارەکردبێ بە شێوەیەکی کاتی ـ واتە بۆ کاتێکی دیاریکراو، بەتێپەربوونی کاتەکە مارەیەکە کۆتایی دێت ـ ئەوا بەرد بارانی دەکەم).

---

(١) أخرجه عبد الرزاق في المصنف(٦\٢٦٥) و ابن أبي شيبة في المصنف(٧\٢٩٢) و سعيد بن منصور في السنن(٢\٧٥) و البيهقي في السنن الكبير(٧\٢٠٨) سنده صحيحٌ . ينظر : إجتهادات عمر دراسة أصولية ص٤٩٩ ـ ٥٠٠

(٢) أخرجه البيهقي في السنن الكبرى (٧\٢٠٦) و ابن حزم في المحلى(٧\١٠٧). و ينظر : موسوعة فقه عمرص٧٦٦.

هەڵوێستی عومەر بەرامبەر ژن بەژن:

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەر(رضي الله عنه)دا سکاڵای کەسانێك کە ژن بەژنەیان کردبوو، بۆ دادگای عومەر(رضي الله عنه) بەرزکرایەوە، عومەر(رضي الله عنه) فەرمانی پۆچەڵکردنەوەی مارەیەکەی دەرکرد[١]، تاوەکو مافی ژن لە مارەیی و هەڵبژاردنی هاوسەری پارێزراوبێت.

د : دابینکردنی پێداویستییەکانی ئافرەت لەلایەن دەوڵەتەوە، بێ ئەوەی تووشی کارێك بکرێت لەگەڵ فیترەتی ئافرەت نەگونجێت.

عومەر (رضي الله عنه) لەهزری دابینکردنی ژیانێکی سەربڵند دا بوو بۆ گشت ئافرەتێك، کە داهاتێکی هەبێت لە دەوڵەتەوە، بێ ئەوەی تووشی ژیانێك ببێت بەناچاری کە کاری پیاو بکات لە پێناو وەدەستهێنانی داهاتی ژیانی ڕۆژانە. چوار ڕۆژ پێش شەهید بوونی عومەر (رضي الله عنه) باس لە زیادکردنی باجی دەرامەت دەکات لەگەڵ هەڤاڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تاوتوێی ئەوە دەکەن کە باج زیادبکرێت بێئەوەی ستەم لە جوتیار بکرێت، بۆ مەبەستێك کە عومەر(رضي الله عنه) بیری لێدەکاتەوە، ئەویش لە ئەستوگرتنی دەوڵەتە، بۆ دابینکردنی مافەکانی ئافرەت، بێ ئەوەی ناچار ببێت پێویستی بە پیاو بێت، کە کارێکی پێ بکات و لەگەڵ فیترەتی ئافرەت نەگونجێ، لە جێگایەك بۆ حەشمەتی ئافرەت شیاونەبێ، بە بیانوی هاریکاری کە لەم زەمانە پێیدەڵێن ڕەخساندنی هەلی کار!. عومەر (رضي الله عنه) لە کۆتایی تاوتوێکردنی ئەم بابەتە بە هەڤاڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت :

---

(١) المغني (٦\٦٤١) . و ينظر : موسوعة فقه عمر ص٨٤٥.

(لَئِنْ سَلَّمَني اللهُ لأدَعَنَّ أرامِلَ أهلْ العراق لا يَحتَجْنَ إلى رجلٍ بعدي أبَداً)[١] واتە : (ئەگەر خودا تەمەنم درێژکات، وا دەکەم کە بێوەژنانی خەڵکی عێراق پێویستییان بە یەك پیاو نەبێ پاشی من)، بەڵام ئەوەی لە قەدەری خودا دا نوسرابوو شتێکی تر بوو، پاشی تەنها چوار ڕۆژ لەم وتە زێڕینەوە بەدەستی گاورێك ئەم کەلەپیاوە شەهید دەکرێت لە زەحمەتی ژیان و لە پێناو خۆشگوزەرانی خەڵك ڕزگاری دەبێت بۆ ڕەحمەتی خودا و ژیانی هەتا هەتایی لە بەهەشت. ئەوەی لە دونیادا دەمێنێت گوفتار و کردارە زێڕینەکانی ئەم کەلەپیاوەن (رضي الله عنه) کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرمانمان پێدەکات دەستی پێوە بگرین.

بۆیە ئەگەر بیر لە هەڵوێستەکانی عومەر (رضي الله عنه) بکەین لە ژیانی دا و لە سەر هزرەکانی عومەر (رضي الله عنه) بوەستین بۆ ژیان، دەبینین لە هۆکارە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی عومەر(رضي الله عنه) هەوڵەکانی عومەرە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە گەورەترین خاڵی پاراستنی مافەکانی ئافرەت بووە، تاوەکو هیچ کات پیاو وەکو پۆشاك و خۆراك تەماشای نەکات، بەتایبەت لە پرۆژەی هاوسەرگیری، کە مەبەست لە هاوسەرگیری لە ئیسلامدا دروستکردنی یەکەی خێزانە، کە بەردی بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە، جوانی شارستانییەتێکە کە بێجگە لە بیروباوەڕ چەندین هۆکاری تر خەڵکەکەی کۆدەکاتەوە گەورەترینیان (صلة الرحم) کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە سەرەتای بانگەوازەکەی دەفەرمێت: (أرسلني

(١) ينظر : صحيح البخاري (٣٧٠٠)(٥\١٥)

الله بصلة الأرحام و كسر الأوثان)[١] واتە : مەبەست لە بانگەوازەکەم دروستبوونی خێزان و صیلەی ڕەحمە و نەهێشتنی بت پەرستییە.

پێنجەمـــــــــ(٥)ـــــــ :

پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەس، بە پاراستنی سەرمایەی خەڵك

(حفظ المال ـ الأمن المالي و الغذائي ـ).

پاراستنی سەرمایەی خەڵك، ئەگەر سەرمایەی گشتی دەوڵەت بێ، یان سەرمایەی تاکەکەس بێت، یەکێك بوو لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی عومەر (رضي الله عنه)، کە لە بەئەنجام گەیاندنیدا سەرکەوتوو بووە . بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سەرکەوتنی عومەر (رضي الله عنه) لەم کارەدا لەسەر چەند ڕووداوێکی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەکەی دەوەستین:

أ: دانان و ڕێکخستنی تۆمارەکان (سجلات الدولة)، پەرەپێدانی کاری دامەزراوەیی.

ڕێکخستنی دامەزراوەیی لە ڕۆژگاری دەوڵەتی ئیسلام سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە مەدینە پەیدا بوو. (بيت المال) دانرا، کەسانێك وەکو فەرمانبەر کاریان لەسەر دەکرد بۆ نمونە : (زەکات)،(عوشور)،(خەراج)،(جزیە)(خرص) ...هتد بەشەکانی (بيت المال) بوون و هەریەکەیان فەرمانبەری خۆیان هەبووە.

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عومەردا(رضي الله عنه) وڵاتی موسڵمانان گەورەبوو عێراق وشامی گرتەوە، بۆ ڕێکخستنی ئەم دەزگا حکومیانە، عومەر (رضي الله عنه)

(١) أخرجه بنحوه مسلمٌ في صحيحه في قصة (٨٣٢). و ينظر السنن الكبرى للبيهقي (٢\٦٣٧)(٦\٦٠٠).

پەنای بۆ تۆمارەکانی (فارس)و (ڕۆم) برد، تاوەکو بەپێی ئەم تۆمارانە بتوانێت سەرپەرشتی ماڵداری دەوڵەتەکەی بکات، تەنانەت زمانی تۆمارەکانی نەگۆڕی! چونکە مەبەست لێرەدا کارێکی ئیداری دونیاییە نەك دینداری[١] ، وەلە بابەتی ڕێکخستنی کاری دونیا سوود وەرگرتن لە کافرەکان کارێکی ڕەوایە و بەڵکو پێویستیشە، چونکە کاری ئیداری دونیایی کەموکورتی تێدایە و پێویستە بەرەو باشتر و باشترین بڕوات، بە پێچەوانەی کاری دینداری کە دینەکەمان(ئیسلام) باشترینە، بۆیە زیادە قەبوول ناکات و لاسایی ئاینەکانی تر ناکاتەوە. ئەم سوود وەرگرتنەی عومەر (رضي الله عنه) لە فارسەکان و ڕۆمەکان لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی عومەر(رضي الله عنه) بوون لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، وە لە دەیان فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەرگیراون لەوانە : (أنتم أعلم بأمر دنياكم)[٢] واتە : بەڕێوەبردنی کاری دونیا لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و ...هتد ئیوە شارەزان، ئەوەی کە هەرگیز نابێ بگۆڕدرێت کاری ئایینە : (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس فيه فهو ردٌ)[٣] واتە: هەرکەسێك زیادەیەك لە دینداریدا بکات ـ خوداپەرستییەك بکات بەبێ بەڵگە ـ کارەکەی داهێنراوە و قەبوول نییە.کەواتە دەستگرتن بە دینەوە بەبێ گۆڕانکاری و هەوڵدان بۆ

---

(١) كثر في عهد عمر (رضي الله عنه) العمل المؤسسي، و وضع له الدواوين، كديوان الأنساب، و ديوان الجند، و ديوان الإستفاء...الخ. وكان ديوان الإستفاء في العراق بالفارسية نقل إلى العربية أيام الحجاج، و ديوان الشام بالرمية نقل إلى العربية في أيام الأمويين أيضاً.ينظر: الإسلام و الحضارة العربية(٢\١٦٨) لمحمد كرد علي و موسوعة الأمير سلطان بن عبدالعزيز آل السعود(٥\٣٧٨).

(٢) رواه مسلم (٢٣٦٣) من حديث أنسٍ : أن النبي (صلى الله عليه وسلم) مر بقومٍ يلقحون، فقال : ((لو لم تفعلوا لصَلُحَ)) قال فخرج شيصاً، فمر بهم فقال: ((ما لنخلكم؟)) قالوا : قلت كذا وكذا، قال: ((أنتم أعلمُ بأمر دنياكم)).

(٣) أخرجه البخاري (٢٦٩٧ ط البغا).

گۆڕینی دونیا بەرەو باشترین هۆکاری سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاواتە و پێچەوانەکەی ئافاتە.

ب : نەهێشتنی تاوانی ساختە (تەزویر).

پاش ئەوەی عومەر (رضي الله عنه) تۆمارەکانی ڕێکخست، کاری دامەزراوەیی پەرەی پێدا، سزای توندی بۆ سەرپێچیکاران ئامادەکرد، بە تایبەت تاوانی ساختە(تەزویر)کردن لە کاری دامەزراوەییدا. لە پەرتووکی (المغني لإبن قدامة)دا هاتووە : کە (معن بن زائدة) مۆرێکی (ختم) دروستکردبوو وەکو مۆری (بیت المال)، بە هۆیەوە پارەی لە (بیت المال) وەرگرتبوو، لە پاشاندا کارەکەی ئاشکرابوو، بۆ عومەر (رضي الله عنه) بەرزکراوەتەوە. عومەر (رضي الله عنه) سەد جەلدەی لێدەدات و زیندانی دەکات، بەڵام مەعەن خاوەن کەسە و کەسانێك شەفاعەتی بۆ دەکەن لای عومەر (رضي الله عنه) کە (معن) بەسزای خۆی گەیشتووە ، با لە زیندان دەربخرێت. لە وەڵامیاندا عومەر (رضي الله عنه)، سزاکەی (معن) دووبارە دەکاتەوە سەد جەلدەی تری لێدەدات!، بۆ جاری دووەم پاش ماوەیەك کەسانێك شەفاعەت بۆ (معن) دەکەنەوە. عومەر (رضي الله عنه) دووبارە سزایەکە لەسەر (معن) دووبارەدەکاتەوە و پاش سەد جەلدەی جاری سێیەم(نەفی) دەکات[1] !!. بەمە شەفاعەتکاران و خەڵکی موسڵمان زانییان ماڵ و سەروەتی خەڵك پارێزراو دەبێت، کاتێك کەسێ وەکو عومەر (رضي الله عنه) فەرمانڕەوا بێت، و تاوانباران زانییان ئەگەر لەخودا نەترسێن دەست بۆ

(١) ينظر: المغني لإبن قدامة (٨\٣٢٥)، و موسوعة فقه عمر (رضي الله عنه) (ص٢٠١-٢٠٢)

ماڵی خەڵك درێژ بكەن، ئەوا پێویستە لە كەسێك بترسێن كە یاسای خودا لە دونیادا بەسەریاندا دەسەپێنێ.

بەمە خەڵك لەڕۆژگاری عومەردا(رضي الله عنه)، لە سایەی دەوڵەتێك دا دەژیان ، كە لەگەڵ هەناسە بۆنی دادپەروەریان هەڵدەمژی ، یەتیم هەستی دەكرد باوكێكی هەیە ناوی دەوڵەتە، هەژار دەیزانی حاڵی لەو كەسە باشترە كە لەسەر كورسی خەلافەتە، وتەنها تاوانبار دەترسا چونكە بێجگە لە سزادانیش تەنها تاوانباری لە میزانی خەڵكدا قەباحەتە.

ج: پاراستنی بازاڕ لە كەسانێك كە شارەزاییان نەبێ لە بابەتە شەرعییەكان كڕین و فرۆشتن، هەروەها ڕێگری لە كەسانێك كە بیانەوێت بە ڕێگای ناشەرعی دەست بەسەر جوولەی بازاڕدا بگرن.

عومەر (رضي الله عنه) سەرپەرشتی كاروباری بازاڕی دەكرد، كاتێ زانی خەڵكێك كاری گۆشتفرۆشی دەكات، شارەزانین لە كوشتنەوەی حەیوان، فەرمانی دەركرد كە لە بازاڕ دووربخرێنەوە[1] ،هەروەها هەوڵیدەدا بازاڕ بە پێی كەرستە و پۆشاكی بە بازاڕكراو(عرض) و داواكاری خەڵك(طلب)[2] لە بارە ئاساییەكەیدا بجوڵێتەوە، بۆیە زۆر ئاگاداری فرۆشیارانی دەكرد، لە تاوانی (إحتكار)[3] ، كە شاردنەوەی خۆراكە، تاوەكو

(١) المصنف لعبد الرزاق (٤\٤٨٢ ، ٤٨٣)، و ينظر : إجتهادات عمر دراسة أصولية (ص٣٩٧).

(٢) قانون العرض و الطلب أحد القوانين الأساسية في علم الإقتصاد .ينظر : الموسوعة العربية السورية (١٣\١٣١ـ ١٣٢).

(٣) ينظر : السنن الكبير للبيهقي (٦\٣٠)، و الموطأ لمالك (٢\١٦٥) ، و إجتهادات عمر دراسة أصولية (ص٤٢٤ـ٤٢٥، ٥٠٦ـ ٥٠٨)

بە نرخی گران بفرۆشن و دوو کەسی بەهۆی تاوانی (إحتکار) لە بازاڕ دوورخستەوە[١] ، بە هەمان شێوە پاراستنی بازاڕ لە ڕیبا [٢] ، بەمە توانی دادپەروەری بازاڕ بپارێزێ و شەریعەت میزان بێت لە نێوان خەڵك و بازرگانان هەروەها توانی وڵات بپارێزێت و بە هۆی بازاڕێکی ناساغلەمەوە چینایەتی دروست نەبێت، چینێك هەموو ماڵ و سەروەتی لە دەست بێ و باڵادەست بێ لە سەر جوولەی بازاڕ چینێکیش بچەوسێتەوە[٣] و ئایەتی﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ﴾[٤] واتە (بۆ ئەوەی سەروەت و سامان تەنها بەدەست دەوڵەمەندەکاندا نەخۆلێتەوە) بەجوانی جێبەجێی کرد!.

د : پاراستنی خۆی و کاربەدەستانی لە ماڵی دەوڵەت

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستەش ئەوەندە بەسە کە سەروەتی عومەر (رضي الله عنه) بزانین ئایا پاش مردنی چەندی بۆ منداڵانی بەجێهێشتووە؟ کاتی شەهید بوونی ئەم سەرکردەیە بە کوڕەکەی دەفەرمێت : (بزانە چەند قەرزم لە سەرە، ئەگەر پارەی (آل عمر) بەشی کرد بیاندەوە، ئەگەر بەشی نەکرد لە(بني عدي بن كعب) داوابکە، ئەگەر هەر بەشی نەکرد داوا لە (قریش)بکە و داوا لە کەسی تر نەکەی!)[٥]. واتە: نەك تەنها هیچ سەرمایەیەکی بۆ منداڵ و نەوەکانی بەجێنەهێشتبوو، بەڵکو پابەندی کردوون پاش

---

(١) ينظر : فتح الباري (١٢\٦٠) و إجتهادات عمر دراسة أصولية ص٤٢٥.

(٢) ينظر : إجتهادات عمر دراسة أصولية ص٥٠٦.

(٣) المصدر السابق ص٥٠٨.

(٤) الحشر : ٧. مانای ئایەتەکە: (بۆ ئەوەی سەروەت و سامان تەنها بەدەست دەوڵەمەندەکاندا نەخۆلێتەوە)

(٥) ينظر: صحيح البخاري (٥\١٧) و ذكر الحافظ في الفتح: فتح الباري (٧\٦٦ـ٦٧ الطبعة السلفية) (٨\٤١١ ـ ٤١٢ طبعة دار طيبة) أن عمر ما كان ملزماً بسداد هذه الديون لإنه أنفقها في النوائب ولكن أراد أن لا يتعجل من عمله شيء في الدنيا.

مردنی قەرزەکانی بدەنەوە! . بە واتایەکی تر سیاسەت و بەڕێوەبردن لای عومەر (رضي الله عنه) نەببوو بازرگانی، بەڵکو تەنها خزمەتکردن بوو. لەم بارەیەوە عومەر(رضي الله عنه) زۆر وردبین بوو لە سەرپەرشتیکردنی کاربەدەستەکانی، کاتێك هەستی دەکرد لەماوەی کاربەدەستیدا دەولەمەند بووە، هەرگیز بە چاوی هێنانەوەی پاساو و لێبوردەیی تەماشای نەدەکرد، بەڵکو سزای دەدا، لە ڕۆژگاری فەرمانڕەواییدا هەواڵی بۆ هات کەیەکێ لە کاربەدەستانی ڤیلایەکی دروست کردووە!، فەرمانیدا کە بەزووترین کات ڤیلایەکەی بسووتێنرێت، تاوەکو خەڵك بزانێت نابێ ئەوەی سەرپەرشتی داهاتیان دەکات، شوبهەیەکی نادادپەروەری لەسەری بێت [(١)] !.

ئەوەی پێویستە لەکۆتایی ئەم خاڵەدا باسبکرێت ئەوەیە کە چەندین خاڵی دیکە هەن پەیوەندییان بە عومەر(رضي الله عنه) و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکەسەوە هەیە لە ڕووی پاراستنی سەرمایەی خەڵك (حفظ المال)، کاتی چاوپێخشاندن لە هەر سەرچاوەیەکی ژیاننامەی عومەر (رضي الله عنه) دێنە بەرچاومان.

لە کۆتایی ئەم خاڵانەش پێویستە بگوترێت کە ئەمەی باسکرا لە ئەرکی پاراستنی زەروریاتی تاکەکەس لە کۆمەڵگادا خاڵی هەبوونی سەقامگیری کومەڵگایە و هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە لە کاری بەڕێوەبردندا.

---

(١) عن خبر قصة عمر (رضي الله عنه) مع قصر (سعد) ينظر : تأريخ الطبري ٤\٤٧ و البداية و النهاية ٧\٨٧ط دارالإحياء و عمدة القاري للعيني ١٤\١٤٢.

عومەری کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) دە فەرمێت:

کاربەدەست دەتوانێ چاکسازی بکات بە چوار خاڵ:

یەکەمیان: بتوانێ بە حەلالی ماڵ کۆبکاتەوە.

دووەمیان: بتوانێ ئەم ماڵە بگەیەنێت بە کەسی شایستە.

سێیەمیان: توند بێت، بێ ئەوەی توندییەکەی بگاتە خۆ سەپاندن.

چوارەمیان: نەرم و نیان بێت، بێ ئەوەی نەرم ونیانییەکەی بگاتە خۆ بەدەستەوەدان.

المجالسة و جواهر العلم لدينوري (٧\١٣٦) و ثمة تخريج الأثر

(خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) دایکی موسڵمانان قوتابخانەیەکی پەروەردەیی و کەسایەتییەکی بێدەنگ!

ناو نیشانی ئەم بابەتە پێویستی بە ڕاڤەیەك دەکات پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە:

بەشی یەکەمی ناونیشانەکە: (**(خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ دایکی موسڵمانان**) ئەوە دەگەیەنێت، کە هیچ پێویست ناکات باسێکی تەقلیدی لە ناسنامەی ئەم ئافرەتە پایەبەرزە (رضي الله عنها) بکرێت، وەکو ناوی سیانی و ساڵی لە دایك بوون... هتد، چونکە (دایك)ە وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ﴾[1] واتە: خێزانانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دایکی موسڵمانانن و کەسیش نییە دایکی خۆی نەناسێت[2]، ناشمانەوێت باسەکەمان تەحصیلی حاصل بێت، کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە[3] ، ماموستایانمان لەسەر مینبەر دووبارەی دەکەنەوە.

---

(١) الأحزاب : ٦

(٢) قال الحافظ ابن حجر : ((أم المؤمنين)) مأخوذٌ من قوله تعالى ﴿وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ﴾ ...و إنما قيل للواحدة منهن أم المؤمنين للتغليب، و إلا فلا مانع أن يقال لها أم المؤمنات على الراجح (فتح الباري١\١٨)

(٣) ينظر: ترجمتها في : الإصابة لإبن حجر(١١٠٩٢) و أسد الغابة لإبن أثير(٦٨٧٤) و الإستعاب لإبن عبد البر(٣٣٤٧) و طبقات ابن سعد(٥٢١٨) و المعرفة و التأريخ للفسوي(٣\٢٥٣) و غيرها من المراجع تجدها في حاشية سير النبلاء ٢\١٠٩ط مؤسسة الرسالة . و أفرد ترجمتها عبدالحميد طهماز في أعلام المسلمين الكتاب رقم٣١ ط: دار القلم. و الدكتور محمد الربيش في كتابه (أمهات المؤمنين في السنة النبوية ص١٤٧ ـ ١٩٧) وغيرهما

بەشی دووەمی ناونیشانەکە: (**قوتابخانەیەکی پەروەردەیی**) لە بەرئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا وەکو باسمانکرد بە دایك وەسف دەکرێت، کەواتە قوتابخانەیەکی پەروەردەییە بە دەقی قورئانی پیرۆز، چونکە دایك قوتابخانەی یەکەمە بۆ پەروەردە [(١)].

بەشی سێیەمی ناونیشانەکە: (**کەسایەتییەکی بێدەنگ**) دایکی موسڵمانان (خدیجة الکبری) زوو وەفاتیکردووە پێش فەرزبوونی نوێژ، بۆیە ڕیوایەتی لە پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) نەگێڕاوەتەوە، وەکو خێزانەکانی دیکەی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم). ئەمەش جۆرێکە لە بێدەنگی کە جوانییەك بەم کەسایەتییە دەبەخشێت، چونکە سەرەڕای بێدەنگییەکەی هەرکات باس لە سەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلام و قورئان و محمد (صلی الله علیه وسلم) کرا، گوێبیستی باسی (خدیجة الکبری) دەبین، کە چۆن ئافرەتێك بووە بەقەد نیوەی ئیسلام بانگەوازی دەکرد بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی بە ئافرەت و پیاوەوە لە بەندایەتی (مخلوق) بۆ بەندایەتی (خالق). ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە ڕەگەزی مێیینە زیندەبەچاڵ دەکرا لە جەزیرەی عەرەبیدا، لە وڵاتانی وەکو

---

(١) قال الشاعر حافظ إبراهيم :

الأُمُ مــدرسةٌ إذا أعــددتـها ... أعددت شعباً طيب الأعراق

وقال الرصافي :

ولم أرَ للـــــخلائق من محلٍ ... يُهذِّبها كــحضن الأُمهات

فَحِضــنُ الأُمِ مـــدرســـةٌ ... بتربية البنين و البنـــاتِ

وأخلاق الــوليد تقاس حسناً ... بأخلاق النساء الوالـــدات

فەرەنسای ئەوکات ئافرەتیان بە مرۆڤ نەدەژمارد[١]. لە (چین) کەمترین نرخی هەبوو[٢]! لە (هند) ئافرەت بووی نەبوو لەگەڵ خێزانەکەی نان بخوات، بەڵکو پاشماوەی خواردنەکەی دەیخوارد[٣]! لە (ڕۆما) لە یاسای ڕۆمانی ڕەگەزی مێینە بە مانای نەبوونی (أهلیه) بوو! واتە کەسی مێ وەکو کەسی بالغ نەبوو یان شێت دەژمێردرا[٤]! ئەمە حاڵی مرۆڤایەتی بوو، کاتێك دایکمان (خدیجة الکبری ـ رضي الله عنها) شان بەشانی هاوسەرەکەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پەیامی ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾ بڵاویان دەکردەوە، بە مرۆڤایەتییان ڕادەگەیاند کە خوێندن و خوداپەرستی مایەی ڕزگاری مرۆڤن بە ئافرەت و پیاوەوە.

ئەوەی لەم بابەتەدا جێی مەبەستە بەشی دووەمی ناونیشانەکەیە، کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان پێیەتی، ئەویش: (**قوتا بخانەیەکی پەروەردەیی**)یە واتە: ئەو بنەما پەروەردەییانە چین کە لە کەسایەتی دایکی موسڵمانان(خدیجة الکبری ـ رضي الله عنها) ڕەنگدەدەنەوە، تاوەکو ئەمڕۆ سوودیان لێ وەربگرین؟

---

(١) قال الأستاذالمغربي في خطابٍ له بعنوان: (المرأة و محمد) (منشور في مجلة المجمع العلمي العربي ـ دمشق ج٤ م٨ ص ١٩٧): (و من أعجب المصادفات أن ينعقد مجمع (ماكون) في زمن محمد (صلى الله عليه وسلم) أي سنة ٥٨٦ للميلاد في فرنسا و يبحث هل المرأة إنسان؟) و في الحجاز محمدٌ يعلن : ((إنما النساء شقائق الرجال))!

(٢) من أغاني الصينيات في ذلك العهد : ((ألا ما أتعس حض المرأة، ليس لها في العالم كله شيء أقل منه ثمناً ...)) (قصة الحضارة \ حضارة الصين) تأليف ول ديورانت ص٢٧٣

(٣) ينظر : (قصة الحضارة \ حضارة الهند) ٣\١٧٩

(٤) ينظر : ((مباديء القانون الروماني)) د . محمد عبد المنعم بدر، و د.عبد المنعم البدراوي ص٢٤١،١٩٧ ط : دار الكتاب العربي ١٩٥٢ . و ينظر أيضاً : ((مظاهر تكريم المرأة في الشريعة الإسلامية)) تأليف: أ.سعاد محمد صبحي داخل ص١٣ـ١٨ ومابعده.

بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر لاپەڕە یەکەمەکانی (صحيح البخاری ـ فەرموودەی ژمارە٣)دا دەوەستین و چەند دێڕێکی فەرموودەی دەستپێکی وەحی (بدءُ الوحي) دەخەینە بەرچاو، کە باس لە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن و ڕۆڵ و پێگەی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) لەم وەرچەرخانەدا دیاردەخەن:

عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أَنَّهَا قَالَتْ :

((.... جَاءَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِى غَارِ حِرَاءٍ ، فَجَاءَهُ الْمَلَكُ فَقَالَ اقْرَأْ . قَالَ « مَا أَنَا بِقَارِئٍ» قَالَ « فَأَخَذَنِى فَغَطَّنِى حَتَّى بَلَغَ مِنِّى الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِى فَقَالَ اقْرَأْ . قُلْتُ مَا أَنَا بِقَارِئٍ فَأَخَذَنِى فَغَطَّنِى الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّى الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِى فَقَالَ اقْرَأْ . فَقُلْتُ مَا أَنَا بِقَارِئٍ . فَأَخَذَنِى فَغَطَّنِى الثَّالِثَةَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِى فَقَالَ:

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ ۝٢ عَلَقٍ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ﴾[1] .

فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَرْجُفُ فُؤَادُهُ ، فَدَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ بِنْتِ خُوَيْلِدٍ رضى الله عنها فَقَالَ « زَمِّلُونِى زَمِّلُونِى » . فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ ، فَقَالَ لِخَدِيجَةَ وَأَخْبَرَهَا الْخَبَرَ « لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِى » . فَقَالَتْ خَدِيجَةُ كَلاَّ وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا ، إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ ، وَتَقْرِى الضَّيْفَ ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ ...))[2].

پوختەی واتایەکە : ((پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە ئەشکەوتی حیرا وەحی بۆ هاتووە کە ئایەتەیەکەمەکانی سورەتی (عەلەق)ن ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ

(١) العلق : (١ ـ ٣).

(٢) أطرافه عند البخاري في الصحيح:(٤٩٥٥،٤٩٥٣،٣٣٩٢، ٤٩٥٧،٤٩٥٦، ٦٩٨٢). و أخرجه أحمد في مسنده (٢٥٨٦٥) ومسلم في صحيحه (١٦٠)(٢٥٤).

ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ﴾ بەترسەوە و بەم چەند ئایەتە پیرۆزەوە گەڕاوەتەوە لای خێزانەکەی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) و فەرمانی پێکردووە کە داپێۆشێت، ئەویش داپێۆشیوە، تاوەکو ترسەکەی نەماوە، لە پاشان بۆ خديجه (رضي الله عنه) باسی ڕووداوەکەی کردووە، پێی فەرمووە کە لە خۆی ترساوە. لە وەڵامیدا (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) دڵەدڵەی داوەتەوە پێی فەرمووە: سوێند بە خودا، خودا تووشی سەرشۆڕیت ناکات، چونکە تۆ کەسێکی: صیلەی ڕەحم بەجێدەگەیەنی، دەستی بێچارە دەگری، یارمەتی هەژار دەدەی، ڕێز لە میوان دەگری، بۆ هەموو کۆمبوونێك لەسەر سەرخستنی مافە ڕەواکانی خەڵك هاوکاری دەکەی)).

لەم چەند دێرەی ئەم فەرموودە پیروزەدا، کە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا[1]، چەند بنەمایەکی کەسایەتی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) دێنە بەرچاومان، کە بنەمای ڕەوشت بەرزی و کۆلەگەی ڕێبازی پەروەردەکردنی مرۆڤن، کە ئەمانەن:

یەکەمیان: فیترەتێکی پاك و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (لا إله إلا الله)

دووەمیان: ژیرییەکی تەندروست و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (محمدٌ رسول الله)

سێیەمیان: بەخشندەیی و ســـــەخـــــــاوەت.

(١) أول نزول الوحي كان يوم الأثنين، الحادي و العشرين من شهر رمضان، من العام الأربعين لميلاده.(السيرة النبوية في ضوء المصادر الصلية ١\١٦٤) .

یەکەمیان:

فیترەتێکی پاك و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (لا إله إلا الله)

ئەم ئافرەتە(خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) لە ناو نەفامی مەککە و خەڵکی مەککە ژیاوە، کە لەوپەڕی خراپی باری کۆمەڵایەتیدا بوون[١]، بەڵام هەروەك چۆن محمد (صلى الله عليه وسلم) لەو کاتەدا کە ناپاکی زۆربوو بە (الأمين) ناسراوبوو، هەمان شێوە (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) بە (الطاهرة) ناسراوبوو[٢]. واتە: (پاکژ) لەبەر دووری لە هەموو ئەو دیاردە ناپەسندە کۆمەڵایەتییانەی کە لای خەڵکی مەککە شتێکی سروشتی بوون، بەڵام لای (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) تاوان بوون، تەنها

---

(١) عَنْ عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم أَخْبَرَتْهُ أَنَّ النِّكَاحَ فِى الْجَاهِلِيَّةِ كَانَ عَلَى أَرْبَعَةِ أَنْحَاءٍ فَنِكَاحٌ مِنْهَا نِكَاحُ النَّاسِ الْيَوْمَ ، يَخْطُبُ الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ وَلِيَّتَهُ أَوِ ابْنَتَهُ ، فَيُصْدِقُهَا ثُمَّ يَنْكِحُهَا ، وَنِكَاحٌ آخَرُ كَانَ الرَّجُلُ يَقُولُ لامْرَأَتِهِ إِذَا طَهُرَتْ مِنْ طَمْثِهَا أَرْسِلِى إِلَى فُلاَنٍ فَاسْتَبْضِعِى مِنْهُ . وَيَعْتَزِلُهَا زَوْجُهَا ، وَلاَ يَمَسُّهَا أَبَدًا ، حَتَّى يَتَبَيَّنَ حَمْلُهَا مِنْ ذَلِكَ الرَّجُلِ الَّذِى تَسْتَبْضِعُ مِنْهُ ، فَإِذَا تَبَيَّنَ حَمْلُهَا أَصَابَهَا زَوْجُهَا إِذَا أَحَبَّ ، وَإِنَّمَا يَفْعَلُ ذَلِكَ رَغْبَةً فِى نَجَابَةِ الْوَلَدِ ، فَكَانَ هَذَا النِّكَاحُ نِكَاحَ الاسْتِبْضَاعِ ، وَنِكَاحٌ آخَرُ يَجْتَمِعُ الرَّهْطُ مَا دُونَ الْعَشَرَةِ فَيَدْخُلُونَ عَلَى الْمَرْأَةِ كُلُّهُمْ يُصِيبُهَا . فَإِذَا حَمَلَتْ وَوَضَعَتْ ، وَمَرَّ عَلَيْهَا لَيَالِىَ بَعْدَ أَنْ تَضَعَ حَمْلَهَا ، أَرْسَلَتْ إِلَيْهِمْ فَلَمْ يَسْتَطِعْ رَجُلٌ مِنْهُمْ أَنْ يَمْتَنِعَ حَتَّى يَجْتَمِعُوا عِنْدَهَا تَقُولُ لَهُمْ قَدْ عَرَفْتُمُ الَّذِى كَانَ مِنْ أَمْرِكُمْ ، وَقَدْ وَلَدْتُ فَهُوَ ابْنُكَ يَا فُلاَنُ . تُسَمِّى مَنْ أَحَبَّتْ بِاسْمِهِ ، فَيَلْحَقُ بِهِ وَلَدُهَا ، لاَ يَسْتَطِيعُ أَنْ يَمْتَنِعَ بِهِ الرَّجُلُ . وَنِكَاحُ الرَّابِعِ يَجْتَمِعُ النَّاسُ الْكَثِيرُ فَيَدْخُلُونَ عَلَى الْمَرْأَةِ لاَ تَمْتَنِعُ مِمَّنْ جَاءَهَا وَهُنَّ الْبَغَايَا كُنَّ يَنْصِبْنَ عَلَى أَبْوَابِهِنَّ رَايَاتٍ تَكُونُ عَلَمًا فَمَنْ أَرَادَهُنَّ دَخَلَ عَلَيْهِنَّ ، فَإِذَا حَمَلَتْ إِحْدَاهُنَّ وَوَضَعَتْ حَمْلَهَا جُمِعُوا لَهَا وَدَعَوْا لَهُمُ الْقَافَةَ ثُمَّ أَلْحَقُوا وَلَدَهَا بِالَّذِى يَرَوْنَ فَالْتَاطَ بِهِ ، وَدُعِىَ ابْنَهُ لاَ يَمْتَنِعُ مِنْ ذَلِكَ ، فَلَمَّا بُعِثَ مُحَمَّدٌ صلى الله عليه وسلم بِالْحَقِّ هَدَمَ نِكَاحَ الْجَاهِلِيَّةِ كُلَّهُ ، إِلاَّ نِكَاحَ النَّاسِ الْيَوْمَ . صحيح البخاري (٥١٨٢ ط مكنز) و ينظر : ((باب في وجوه النكاح التي كان يتناكح بها أهل الجاهلية)) من سنن أبي داود(٣\٥٨٣ ـ ٥٨٤ ط : الأرنؤوط).

(٢) كانت خديجة (رضي الله عنه) تدعى في الجاهلية بالطاهرة لتركها ما كانت تفعله نساء الجاهلية ينظر: طبقات ابن سعد(٨\١٧) و سيرة ابن هشام (١\٢٠٥) و أمهات المؤمنين في السنة النبوية ص١٤٩.

بە پێوەری فیترەتە پاکەکەی، ئەو فیترەتەی کەلەسەری لە دایك بووە، خراپی دەوروبەر نەیتوانیوە بیشێوێنێت، بۆیە کاتێ گوێبیستی یەکەم وتەکانی وەحی دەبێت ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ﴾ لە زاری هاوسەرەکەی محمد (صلى الله عليه وسلم) دەزانێت لای خوداوەیە و ئیمان دەهێنێت بە ((لا إله إلا الله))، بەو خودایە سوێند دەخوات بۆ هاوسەرەکەی محمد (صلى الله عليه وسلم)، کە خودا هەموو کات سەربەرزی دەکات و سەر شۆڕی ناکات ((كَلاَّ وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا)) و خوداش ئەوەی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) فەرمووی ئەوی هێناجێ و محمد (صلى الله عليه وسلم)ی سەرخست و سەربەرزیکرد.

شاهێدی پەروەردەیی لەم خاڵەدا بریتییە لە پاراستنی فیترەتی پاك لە تاوان، بەتایبەتی لە قوناغە یەکەمەکانی ژیانی گەنجی، چونکە هەرکات فیترەتێکی پاکی دوور لە تاوان، گوێبیستی قورئان و پەیامی ئیسلام بێت، ئەوا هەرگیز ڕەتی ناکاتەوە، بەڵکو پەیامەکەی لە ئامێز دەگرێت بۆ خۆی و گشت مرۆڤایەتی، وەکو چۆن دایکمان خدیجە (رضي الله عنها) پەیامەکەی لە ئامێزگرت و زانی لە خوداوەیە لەگەڵ یەکەم گوێبیستنی بۆ پەیامی قورئانی پیرۆز: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾ .

دووەمیان:

ژیرییەکی تەندروست و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (محمدٌ رسول الله)

ژیری بەخشندەییەکی خودای پەروەردگارە بە هەندێك کەس دەبەخشێت، لوتکەی ژیریش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە مرۆڤ کاتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ دەوروبەری خویدا بتوانێت بەجوانی دەوروبەری خۆی هەڵسەنگێنێت و بیناسێت، ملکەچ بێت بۆ قەبوول کردنی ڕاستی و ڕەوشت بەرزی.

ناسینی ئەم ئافرەتە پایەبەرزە (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) بۆ کەسایەتی محمد (صلى الله عليه وسلم) گەورەترین بەڵگەی ژیری و بلیمەتی ئەم ئافرەتەیە، پێوەری جیاکاریش لای ئەم ئافرەتە ژیرە، کە بەهۆیەوە کەسانی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت، ڕەوشت بەرزییە ، بۆیە کاتێ گوێبیستی ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣﴾ دەبێ لە زاری هاوسەرەکەی محمد (صلى الله عليه وسلم) ئەزانێ وشەکان لە خوداوەیە، چونکە هەموو پایەکانی ڕەوشت بەرزی لە کەسایەتی ئەم پیاوە ـ محمد (صلى الله عليه وسلم) ـ بەرچاوی کەوتوون، لای جێی گومان نییە کە محمد (صلى الله عليه وسلم) ڕاست گۆیە و لە خۆیەوە شتێك هەڵنابەستێت، بۆیە ناخی لەگەڵ یەکەم گوێبیستنی بۆ ئایەتەکانی قورئان بە ماناکانی (محمد رسول الله) ئاشنادەبێت، و دڵەدڵەی هاوسەرەکەی محمد(صلى الله عليه وسلم) دەداتەوە و باس لە هەندێك لە ڕەوشت بەرزییەکانی دەکات و دەفەرمێت: تۆ کەسێکی: صیلەی ڕەحم بەجێدەگەیەنی، دەستی بێچارە دەگری، یارمەتی هەژار دەدەی، ڕێز لە میوان دەگری، بۆ هەموو کۆمبوونێك لەسەر سەرخستنی مافە ڕەواکانی خەڵك هاوکاری دەکەی. کەزانایان بەم سیفەتانە دەڵێن (موانع الذل) واتە: (سیفەتە ڕێگرەکان لە شەرمەزاربوون)

و بێگومان بۆچوونی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) لەجێی خۆی بوو، و هەموو کات ژیری و ملکەچی بۆ ڕەوشت بەرزی ڕێگرن لە بۆچوونی هەڵە، ڕێگان بۆ هیدایەت.

جێی شاهێدی پەروەردەیی لەم خاڵەدا ئەوەیە کە هەرکات پێوەری ژیری لا تاکەکەس و کۆمەڵگا ڕەوشت بەرزی بێت، ئەوا کۆمەڵگایەکە ڕێگای محمد (صلى الله عليه وسلم) دەگرتە بەر و پەیامەکەی دەخاتە ئامێز، لە کاتی یەکەم گوێبیستنی بۆ قورئانی پیرۆز. هەروەك چۆن دایکمان خديجه (رضي الله عنها) ئەم پەیامەی خستە ئامێز لەگەڵ یەکەم گوییبیستنی بۆ قورئانی پیرۆز، چونکە پێوەری ژیری لای ئەو ڕەوشت بەرزی بوو.

ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە دەستییەوە دەنالێنێت، ئەوەیە کە پێوەری ژیری تەنها بەها ماددییەکان و کۆکردنەوەیانە، بۆیە دژایەتی پەیامی ئیسلام بە ڕێگای جودا جودا دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە مزگێنی قورئانی پیرۆزە، کە مرۆڤایەتی بەم پەیامە شاد دەبێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ [1] واتە: ناحەزانی ئیسلام لە هەوڵدان ڕووناکی پەیامەکەی بە فووی دەمیان بکوژێننەوە، بەڵام خەیاڵیان خاوە، خودا ناهێڵێت ئەم ئاواتەیان بێتەدی، خودا نووری خۆی کە پەیامی ئیسلامە سەردەخات، هەرجەندە ئەم سەرخستنە جێگەی دڵتەنگی و سەغڵەتی کافرەکان بێت.

---

(١) التوبة :٣٢

سێیەمیان:

بەخشندەیی و ســــــەخـــــاوەت.

ئەو سیفەتانەی کە (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) وەسفی هاوسەرەکەی (محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ) پێدەکات: ((إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ ، وَتَقْرِى الضَّيْفَ ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ)) بەڵگەی ئەوپەڕی سەخاوەتی دایکمانن(رضي الله عنها) لە چەندین ڕوویەوە لەوانە:

یەکەمیان: بەڵگەن کە مانا بەرزەکانی ژیان لای (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) بریتین لە سوود گەیاندن بە دەوروبەر لە دەستگرتنی بێچارە و بەخشین بەهەژاران و هاوکاریکردنی لێقەوماوان، ستەم لێکراوان... هتد، ئەم مانا بەرزانەش بناغەی بەخشندەیی و سەخاوەتن.

دووەمیان: دایکمان خەدیجە(رضي الله عنها) گشت ئەم سیفەتانە: بەخشین بەهەژاران، هاوکاریکردنی لێقەوماوان و ستەم لێکراوان و گەیاندنی صیلەی ڕەحم ...هتد دەداتە پاڵ هاوسەرەکەی (محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ) ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەم سیفەتە بەرزانە بە ماڵی دونیا دەکرێن، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) زۆربەی ئەم سیفەتانەی بە ماڵی خێزانە دەوڵەمەندەکەی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) بە جێگەیاندووە! لە باسی خێزانەکەشیدا (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) دەفەرمێت: ((و واسَتْنِي بِمالَهَا إذْ حَرَمَنيَ النّاسُ))[1] واتە : کاتێ خەڵك پشتی تێکردم پشتگیری پەیامەکەمیان نەکرد، خەدیجە(رضي الله عنها) بە ماڵەکەی پشتگیری کردم، بەڵام

(١) أخرجه أحمد في مسنده(٦\١١٧ـ١١٨) و الطبراني في الكبير(٢٣\١٣) وحَسَّنَ إسناده الهيثمي في مجمع الفوائد(٩\٢٢٤).

خەدیجە باس لەمە ناکات، چونکە خۆی و ماڵەکەی بە هی خێزانەکەی و پەیامی خێزانەکەی دەژمێرێت، بۆ یارمەتیدان و خزمەتکردنی ئەوانەی یارمەتی و خزمەتیان پێویستە. ئەمەش ڕووی گەش و بەخشندەیی دایکی موسڵمانانە.

جێی شاهێدی پەروەردەیی لەم خاڵەدا، ئەوەیە کە سەخاوەتی ئافرەت لە خێزاندا، بە بەخشین و خزمەتکردنی دەوروبەری، بەتایبەت لە ڕێگای هاوسەرەکەی، بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی شادمانە، کە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی، تاوەکو لە نەهامەتییەکانی ڕزگاربێت.

❊❊❊

ئەم سێ بنەمایەی کەسایەتی دایکی موسڵمانان (رضي الله عنها):

❊باکژی فیترەت.

❊ژیری.

❊سەخاوەت.

ئەمانە گەورەترین بنەمای ڕەوشت بەرزین و پیرۆزترین ئەرکی ئاینین، کە پێویستە مرۆڤ پارێزگارییان لێ بکات، بە دوورکەوتنەوە لە سەرپێچی و ڕاستی و دروستی بیرکردنەوە و زۆری بەخشندەیی، کە دایکمان خەدیجە (رضي الله عنها) هەموویانی کۆکردبووە لە ڕۆژگارێکدا کە خۆی تەنها نیوەی ئیسلام بوو، نیوەکەی تریش هاوسەرەکەی محمد (صلى الله عليه وسلم) بوو، کەدەفەرمێت: ((إنما بُعثتُ لأُتمم مَكَارِمَ الأخلاق))[1] واتە: (پەروەردگار منی ناردووە، بۆ تەواوکردن و گەیاندنی پایەکانی ڕەوشت بەرزی)

(١) أخرجه أحمد في مسنده (٢\٣٨١) و البخاري في الأدب المفرد(٢٧٣) و التأريخ الكبير(٧\١٨٨) و البزار في مسنده البحر الزخار(١٥\٣٦٤) و الحاكم في مستدركه(٢\٦٧٠) وقال: صحيحٌ على شرط مسلم ولم يخرجاه.

دعاءُ سَيِّد الإستغفار

« اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّى

لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ

خَلَقْتَنِى وَأَنَا عَبْدُكَ

وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ

أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ

أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَىَّ وَأَبُوءُ بِذَنْبِى

اغْفِرْ لِى

فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ » .

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: « ئەوەی بەڕۆژ، بە دڵەوە ئەم دوعایە بکات، بمرێت لەو ڕۆژەدا پێش خۆرئاوابوون، خەڵکی بەهەشتە. ئەوەی بەشەویش بەدڵەوە ئەم دوعایەبکات، بمرێت لەو شەوەدا پێش خۆرهەڵاتن خەڵکی بەهەشتە)) .

أخرجه البخاري: ٦٣٧٩.

پرسیار و وەڵامی

بەشـــــ(١)ـــــی یەکـەم : پرسیار و وەڵام لە ئەحکامی فیقهیدا

بابەتی چوارەم [١]

چۆنیەتی دەستنوێژ گرتن

پرسیاری یەکەم:

ئایا دەستنوێژگرتن نییەتی پێویستە؟ ئایا نییەتەکە بە زوبان دەگوترێت یان تەنها لەناو دڵدایە؟

وەڵام:

لەبەر ئەوەی دەستنوێژگرتن عیبادەتێکی سەربەخۆیە و پاداشتی تایبەتی خۆی هەیە لای خودای پەروەردگار، کەواتە پێویستی بە نییەت هەیە، وەکو هەر عیبادەتێکی دیکە[١].

(١) لەژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەماندا، باسمان کرد کە بەپێی ڕێزبەندی بابەتەکانی پەرتووکی (بلوغ المرام من أدلة الأحكام) بابەتە فیقهییەکان دەخەینە ڕوو. بۆیە ئەم بابەتە تەواوکەری سێ بابەتی پێشەخۆیەتی: (جۆرەکانی ئاو) و (قاپ و قاچاخ) و (پیسی و لادانی پیسی) کە لە ژمارەی یەکەم و دووەمدا بڵاوکراونەتەوە ـ داواکارین خودا پشت و پەنامان بێت بۆ تەواوکردنی گشت بابەتە فیقهییەکانی پەرتووکی (بلوغ المرام) بە نزیکترین شێوە، و ئاسانترین ڕێگا.

ولەبەر ئەوەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) نییەتی دەستنوێژی بە زوبان نە فەرمووە، کەواتە نییەت شوێنەکەی تەنها دڵە، گوتنی بە زوبان سەرپێچی سوننەتی پێغەمبەرمانە (صلى الله عليه وسلم).

بەڵگە:

* لە قورئانی پیرۆز:

١ ــ ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ﴾[٢]

٢ ــ ﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ﴾[٣] .

* لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) :

١ ــ عَنْ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ « الأَعْمالَ بِالنِّيَّةِ ، وَلِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ، فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا ، أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا ، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ »[٤] .

٢ ــ عن عَائِشَةُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ « مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ »[١].

---

(١) رَتَبَ الشارعُ علي الوضوءِ ثواباً عظيماً، و الثواب لا يترتب إلا على عبادة، و لهذا اشترط الجمهور من أهل العلم النية للوضوء، إذ لا عبادة دون نية، و في هذا ردٌ على الحنفية القائلين بأن الوضوء ليس عبادة، لأنه غير مراد لنفسه بل وسيلة للصّلاة. ينظر: روضة الأفهام في شرح زوائد المحرر على بلوغ المرام(١\١٤٤).

(٢) البينة:٥

(٣) الملك:٢ . و المراد بـ﴿أَحۡسَنُ عَمَلٗا﴾ : أخلصه و أصوبه، و الإخلاص ما كان لله، و الصواب ما كان موافقاً للسنة فعلاً و تركا. ينظر : تفسير البغوي (٤\٤٣٥ ط: دار طيبة)

(٤) متفقٌ عليه .

پرسیاری دووەم:

هەندێك کەس تووشی وەسوەسەی دەستنوێژ دەبن ....چارەسەریان چییە؟

وەڵام:

یەکەم هەنگاوی چارەسەری وەسوەسەی دەستنوێژ، لە خودی خاوەن وەسوەسەکەوە دەستپێدەکات، کە چەند شتێکی لە بەرچاوبێت لەوانە:

١ ــ بزانێت ئەم **جۆرە وەسوەسەیە** نەخۆشییە و شێوەیەکە لە شێوەکانی توندڕەوی لە ئایندا، هۆکارەکەشی بۆ تاوانی خاوەن وەسوەسەکە دەگەڕێتەوە ﴿ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفۡسِكَۚ ﴾ [٢] ، بۆیە زۆری ئیستیغفار و بەخۆداچوونەوە خاڵی یەکەمی چارەسەرن.

٢ ــ گومانی باش بەخودای پەروەردگار ببات و پشت بە خودا ببەستێت، کە چارەسەری نەخۆشییەکە لای خودای پەروەردگارە، ئەم خودایەش نەخۆشەکە نائومێد ناکات، هەرکات بۆی بگەڕێتەوە بە زۆری پاڕانەوە و ئیستیغفار.

٣ ــ بزانێت دووبارەکردنەوەی دەستنوێژ یان زیادەڕەوی لە گوتنی نییەت[٣]...هتد.

*سەرپێچین بۆ سوننەتی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) .

*ئیسرافن لە بەفیرودانی ئاو و کات.

*پێشێلکردنن لە مافی خۆی و مافی دەوروبەری.

*بەڵگەی خراپە بیرکردنەوەی عەقل، و ناشارەزایین لە شەریعەتدا [١] .

---

(١) أخرجه مسلم (٤٥٩٠ ط : مكنز).

(٢) النساء : ٧٩.

(٣) ينظر : تفسير شيخ الإسلام (٧\١١٩ ـ ١٢٠ ط: دار ابن الجوزي).

*ئەنجامی خراپیان لێدەکەوێتەوە، وەکو دواکەوتنی نوێژ، نارەحەتی دڵ و دەروون.

ئەم سیفەتە خراپانەش هەرگیز موسڵمان لەسەرەخۆی قەبوول ناکات.

٤ ــ بزانێت وەسوەسە لە شەیتانەوەیە، شەیتانیش تەنها بە زۆر زیکرکردن لە مرۆڤ دووردەکەوێتەوە، بۆیە واباشە زۆر زیکربکات و پەنا بۆ خودا ببات بەخوێندنەوەی ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾، بەتایبەت پێش کاتەکانی دەستنوێژگرتن وەك چارەسەری بۆ وەسوەسەکە.

کاتێ خاوەن وەسوەسە ئەم خاڵانە دەخاتە بەرچاوی خۆی و کاریان پێدەکات، دواهەنگاوی تەنها ئەوەدەبێت دەستهەڵگرێت لە وەسوەسەکە ﴿فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ﴾[٢] بۆی نەگەڕێتەوە[٣] .

بەڵگە:

* لە قورئانی پیرۆز:

﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾[٤] .

* لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم):

عن أبي بن كعبٍ (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) أنه قال: ((إنَّ للوضُوء شَيطَاناً يُقَالُ له : وَلهان، فاتقوا وسَاوسَ الماءِ))[١] .

---

(١) قال شيخ الإسلام (درء تعارض العقل و النقل ٨\١١): ((يقال: الوسوسة لا تكون إلا من خبل في العقل أو جهل بالشرع)). و نحو هذه المعنى للهيتمي في (الفتاوى الفقهية الكبرى١\٣٨ ط: القديمة تصوير دار صادر)

(٢) آل عمران: ١٥٩.

(٣) ينظر : فتاوى اللجنة الدائمة (٥\٢٤٤) ، فتاوى نورٌ على الدرب لإبن باز بعناية الطيار (١\٧٧).

(٤) الأعراف :٢٠٠ .

پرسیاری سێیەم:

ئایا دەستنوێژگرتن وێرد(أذكار)ی تایبەتی خۆی هەیە؟ و ئەگەر هەبێ ئایا گوتنیان واجبە؟

وەڵام:

دەستنوێژگرتن لە دەست پێك و کۆتاییدا وێردی تایبەتی خۆی هەیە، گوتنیان واجب نییە، بەڵکو سوننەتە، واتە باشتر وایە بڵێی و بە نەگوتنیان تاوانبار نابی،بە ڵکو بێبەش دەبی لە پاداشتێکی زۆر، لەو وێردانەش:

* لە سەرەتای دەستپێکردنی دەستنوێژگرتن : ((بِسْمِ اللهِ))

* لە کۆتایی دەستنوێژگرتن چەند دوعایەك هەن لەوانە[٢] : ((أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ)).

لە مەبەستەکانی وێردی پێش دەستنوێژ: دیارخستنی پشت بەستنە بە خودا لە سەرەتای ئەنجامدانی عیبادەت و لە مەبەستەکانی وێردی کۆتایی دەستنوێژ: پاککردنەوەی واتایی (معنوي)یە بۆ دڵ و دەروون، بە شەهادەی یەك خوداپەرستی (توحید)، پاش پاکبوونەوەی جەستەیی(حسي) بە ئاوی دەستنوێژگرتن.

---

(١) أخرجه ابن خزيمة في صحيحيه باب إستحباب القصد في صب الماء و كراهة التعدي فيه ، و الأمر باتقاء وسوسة الماء(١\١٠٢ رقم :١٢١). ولكن سند الحديث ضعيف .

(٢) لمعرفة المزيد من أذكار الفراغ من الوضوء ينظر : (عمل اليوم و الليلة لإبن السني بتخريج الشيخ سليم الهلالي) باب مايقول إذا فرغ من الوضوء(١\٧٢ ـ ٧٧).

بەڵگە:

* في حديث رفاعة بن رافع في قصة المسيء صلاته: ((فَتَوَضَأْ كَما أَمَرَكَ اللهُ جلَّ و عزَّ))[١] . وليس في الآية الآمرة بالوضوء: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ .... ﴾[٢] الأمر بالتسمية بخلاف آية الصيد ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِۖ﴾[٣] و آية الذكاة ﴿وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞۖ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ﴾[٤] فلو كانت التسمية في الوضوء واجبة لذكرت عند الأمر بها[٥] .

* عَنْ عُمَرَ (رضي الله عنه) قالَ: قال رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم): « مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ قَالَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ اللَّهُمَّ اجْعَلْنِى مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِى مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ فُتِحَتْ لَهُ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ »[٦].

* عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : ((كَانَ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم إِذَا تَوَضَّأَ فَوَضَعَ يَدَيْهِ فِى الإِنَاءِ سَمَّى اللَّهَ وَيُسْبِغُ الْوُضُوءَ ...))[٧] .

* عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ وُضُوءَ لَهُ وَلاَ وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ »[١].

---

(١) أخرجه أبو داود (٨٦٢) و الحديث في الصحيحين بدون هذه الجملة.

(٢) المائدة :٦

(٣) المائدة:٤

(٤) الحج: ٣٦

(٥) ينظر : منحة العلام شرح بلوغ المرام (١\٢٢٣).

(٦) أخرجه الترمذي (٥٥) و أصله عند مسلم (٢٣٤)مختصراً. و جاء في روايةٍ إعادة هذا الذكر ثلاث مرات مختصراً على الشهادتين. ينظر: المسند المصنف المعلل للمحقق بشار عواد(١\٤٤٥ـ٤٤٦) .

(٧) أخرجه ابن ماجه(١٠٦٢) .

پرسیاری چوارەم:

ئەرکەکانی دەستنوێژگرتن چین؟ ئەوانەی کاتێك یەکێکیان نەهێتەدی دەستنوێژگرتن بە هۆیەوە بەتاڵ ببێت؟

وەڵام:

ئەوەی نزیکترە لە بەڵگە بە قسەی زانایان، هەر دەستنوێژگرتنێك ئەم هەشت خاڵەی تیادا بێتەجێ تەواوە، وەئەگەر تەنها یەك خاڵ لەمانە نەهێتەجێ دەستنوێژگرتنەکە بەتاڵە، کە ئەمانەن:

١ ــ نییەت، (لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسکراوە) بۆ نمونە کەسێکی بێدەستنوێژ بۆ خۆ ساردکردنەوە دەموچاو و دەست و پێی دەشوات و سەری تەردەکات، بەمە بە دەستنوێژ ناکەوێت، ئەگەر نییەتی دەستنوێژگرتنی نەبێت.

٢ ــ شوشتنی دەموچاو، سنورەکەی دەموچاویش زانراوە.

٣ ــ دەست شوشتن بە باسك و ئانیشکەوە.

٥ ــ مەسحکردنی سەر، کە بریتییە لە گەیاندنی دەستی تەڕ بە سەریدا.

٤ ــ پێ شوشتن بە کاب(قاپە ڕەقەڵە)وە .

٦ــ ڕێزبەندی (ترتیب): چوار ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن (شوشتنی دەموچاو، لەپاشان دەست شوشتن، لەپاشان مەسحکردنی سەر، لەپاشان پێ شوشتن) یەك بەدوای یەك.

---

(١) أخرجه أحمد (٢\٤١٨) و أبو داود(١٠١) و ابن ماجه (٣٩٩). قال ابن كثير في تفسيره (٣\٤٣) أن أحاديث التسمية يشد بعضها بعضاً، و تكون من باب الحسن لغيره. وقال السهارنفوري في شرحه على سنن أبي داود: (اتفقت الأمة على أن النفي في الجملة الأولى (لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لاَ وُضُوءَ لَهُ) محمولٌ على نفي الصحة، و أما في الجملة الثانية (لاَ وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ) فاختلف فيه...) ثم رجح أنها لنفي الكمال أي لا وضوء كاملة لمن لم يذكر اسم الله عليه. ينظر : بذل المجهود في حل سنن أبي داود(١\٤٩٨ـ٤٩٩) .

٧ــ یەك بەدواییەكی لە كاتدا (موالاة): واتە بێ ئەوەی كات بكەوێتە نێوان (شوشتنی دەموچاو، دەست شوشتن، مەسحكردنی سەر، پێ شوشتن) بۆ نمونە ناكرێت دەمو چاو لە ماڵ بشۆرێت، شوشتنی پێیەكان دوابخات، تاوەكو لە مزگەوت بشوات یان شوێنی كارەكەی.

بەڵگە:

* لە قورئانی پیروز:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾[١]

* لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) :

١ ــ عَنْ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ « الأَعْمالَ بِالنِّيَّةِ ، وَلِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى»[٢] .

٢ ــ حديث جابر في صفة حجة النبـي (صلى الله عليه وسلم): ((... ثُمَّ رَجَعَ إِلَى الرُّكْنِ فَاسْتَلَمَهُ ثُمَّ خَرَجَ مِنَ الْبَابِ إِلَى الصَّفَا فَلَمَّا دَنَا مِنَ الصَّفَا قَرَأَ ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ﴾ « أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللَّهُ بِهِ » . فَبَدَأَ بِالصَّفَا ....))[٣].

٣ ــ عَنْ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ أَنَّ رَجُلاً تَوَضَّأَ فَتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ عَلَى قَدَمِهِ فَأَبْصَرَهُ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم فَقَالَ « ارْجِعْ فَأَحْسِنْ وُضُوءَكَ » . فَرَجَعَ ثُمَّ صَلَّى[٤] .

---

(١) المائدة:٦

(٢) متفقٌ عليه.

(٣) أخرجه مسلم (١٢١٨). و عند النسائي (٥\٢٣٦) بلفظ الأمر و هو شاذ بذلك اللفظ ينظر: تمام المنة(ص٨٨).

(٤) أخرجه مسلم (٢٤٣) و أبو داود(١٧٣)

پرسیاری پێنجەم:

ئایا ڕادانی ئاو بە ناو دەم (المضمضة) و لوت(الإستنشاق) بەشێکە لە شوشتنی دەموچاو (الوجه) و هەمان حوکم وەردەگرن؟

وەڵام:

نەخێر ڕادانی ئاو بەناو دەم و لوت بەشێك نییە لە شوشتنی دەمو چاو(وجه)، چونکە لە زمانی عەرەبیدا بە بەشی دیاری دەموچاو دەگوترێت (وجه)، نەك ناوەوەی دەم و لوت. هەر بۆیەش حوکمی ڕادانی ئاو بەناو دەم و لوت (المضمضة) و (الإستنشاق) کاتی دەستنوێژگرتن سوننەتە، واجب نییە، واتە باشتر وایە بیکەی، بە نەکردنیان کاتی دەستنوێژگرتن تاوانبار نابی، بەڵام لە پاداشتێکی زۆر بێبەش دەبیت، دەستنوێژگرتنەکەش بەبێ ڕادانی ئاو بەناو دەم و لوت پەسەندە.

بەڵگە:

* لە قورئانی پیرۆز:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾[1] ولا يدخل المضمضة و الإستنشاق في مسمى الوجه، إذ الوجه عند العرب : ماحصلت به المواجهة، و داخل الفم و الأنف ليس من الوجه لعدم حصول المواجهة بهما[2].

---

(١) المائدة:٦

(٢) ينظر : الموسوعة الكويتية(٣٨\١٠٣). و قال ابن فارس في كتابه معجم مقايس اللغة مادة(و ج ه) (ص١٠٤٤ ـ ١٠٤٥): الواو و الجيم والهاء أصلٌ واحد يدل على مقابلةٍ لشيء...

* لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) :

١ ــ عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ وَقَصُّ الأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ وَنَتْفُ الإِبْطِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ » . قَالَ زَكَرِيَّاءُ قَالَ مُصْعَبٌ وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ [١] . و الفطرة سنة، و ذكرهما من الفطرة يدل على مخالَفتهما لسائر الوضوء[٢].

٢ ــ قوله (صلى الله عليه وسلم) للأعرابي : ((تَوَضَأْ كَمَا أَمَرَكَ الله))[٣] .

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم

«إِنَّ حَوْضِى لأَبْعَدُ مِنْ أَيْلَةَ مِنْ عَدَنٍ وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ إِنِّى لأَذُودُ عَنْهُ الرِّجَالَ كَمَا يَذُودُ الرَّجُلُ الإِبِلَ الْغَرِيبَةَ عَنْ حَوْضِهِ»

قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَتَعْرِفُنَا؟

قَالَ: « نَعَمْ تَرِدُونَ عَلَىَّ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ لَيْسَتْ لأَحَدٍ غَيْرِكُمْ. » متفقٌ عليه

---

(١) رواه مسلم (١٢٥ مكنز).

(٢) ينظر : الموسوعة الكويتية(٣٨\١٠٣)

(٣) أخرجه الترمذي (٢\١٠٢) و حسَّنه . و ذكر هذا الحديث النووي في المجموع (١\٣٦٢ـ٣٦٥) و قال: لو كانت المضمضة واجبة لعلمه إياها.

پرسیاری شەشەم:

ئایا ڕادانی ئاو بە ناو دەم (المضمضة) سوننەتێکی تایبەتە بە دەستنوێژگرتن؟

وەڵام:

ڕادانی ئاو بە ناو دەم (المضمضة) لە سوننەتەکاتی دەستنوێژگرتنە، هەروەها سوننەتە پاش خواردن، بە تایبەت ئەگەر خواردنەکە شیر و سپیایی بێت.

بەڵگە:

١ ــ عَنْ سُوَيْدَ بْنَ النُّعْمَانِ : أَنَّهُ خَرَجَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم عَامَ خَيْبَرَ حَتَّى إِذَا كَانُوا بِالصَّهْبَاءِ وَهِيَ مِنْ أَدْنَى خَيْبَرَ صَلَّى الْعَصْرَ ثُمَّ دَعَا بِالأَزْوَادِ فَلَمْ يُؤْتَ إِلاَّ بِالسَّوِيقِ فَأَمَرَ بِهِ فَثُرِّيَ فَأَكَلَ وَأَكَلْنَا ثُمَّ قَامَ إِلَى الْمَغْرِبِ فَتَمَضْمَضَ وَتَمَضْمَضْنَا ثُمَّ صَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ [١] .

٢ ــ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم شَرِبَ لَبَنًا ، فَمَضْمَضَ وَقَالَ «إِنَّ لَهُ دَسَمًا »[٢] .

(١) أخرجه البخاري (١\٣١٢ مع الفتح) و أخرجه النسائي (١\٣٠مكنز) و اللفظ له

(٢) متفقٌ عليه.

پرسیاری حەفتەم

سوننەتەکانی دەستنوێژگرتن چین؟

وەڵام:

وا باشە دەستنوێژگرتن ئەم سوننەتانەی تیادابێت :

١ ــ بەکارهێنانی سیواك.

٢ ــ پێشخستنی ڕاستە بە سەر چەپە لە شوشتنی ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن.

٣ ــ سێ جار دەست شوشتن، پێش دەموچاو شوشتن.

٤ ــ سێ جارەیی (التثليث) لە شوشتنی ئەو ئەندامانەی شوشتنیان پێویستە.

٥ ــ سیفەتی تەواوی مەسحی سەر کە بریتییە لە ڕامالێنی هەردوو دەستی تەڕ لە پێشەوەی سەرەوە بۆ پاشەوەی سەر و گەڕاندنەوەیان. تەنها یەك جار.

٦ ــ مەسحکردنی گوێچکە.

٧ ــ ڕادانی ئاو بە ناو دەم و لوتدا، و زیادکردنی ئاو ڕادان بە ناوەوەی لوت ئەگەر بەڕۆژوو نەبێت.

٨ ، ٩ ــ دەستخستنە ناو ڕیشی چڕو پڕ(تخليل اللحية) و پەنجەکان (تخليل الأصابع). و ئەگەر بزانرێت ئاو نەگەیشتوتە ناو پەنجەکان ئەوا تەخلیلی پەنجەکان ئەوکات ڕوکنە و پێویستە بکرێت، تاوەکو ئاو بگاتە نێوان پەنجەکان.

١٠ ــ هەڵسۆڕاندنی ئاو(الدلك) بەسەر دەست و پێیەکان.

١١،١٢،١٣ ــ بەسمەلە لە پێش دەستنوێژگرتن. دوعای دوای دەستنوێژ و ئەنجام دانی دوو ڕکاعەت نوێژ دوای دەستنوێژ گرتن.

بەڵگە:

١ ــ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم: « لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ وُضُوءٍ »[١] .

٢ ــ عن حُمْرَانَ مَوْلَى عُثْمَانَ،أَنَّ عُثْمَانَ دَعَا بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ فَغَسَلَ كَفَّيْهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنَى إِلَى الْمِرْفَقِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُسْرَى مِثْلَ ذَلِكَ ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَهُ الْيُمْنَى إِلَى الْكَعْبَيْنِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَهُ الْيُسْرَى مِثْلَ ذَلِكَ ثُمَّ قَالَ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِى هَذَا ثُمَّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِى هَذَا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ ».

٣ ــ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ زَيْدٍ ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم مَسَحَ رَأْسَهُ بِيَدَيْهِ فَأَقْبَلَ بِهِمَا وَأَدْبَرَ بَدَأَ بِمُقَدَّمِ رَأْسِهِ ثُمَّ ذَهَبَ بِهِمَا إِلَى قَفَاهُ ثُمَّ رَدَّهُمَا حَتَّى رَجَعَ إِلَى الْمَكَانِ الَّذِى بَدَأَ مِنْهُ))[٢] .

٤ ــ و عن عليٍ (رضي الله عنه) في صفة وضوء النبـي (صلى الله عليه وسلم) : ((وَمَسَحَ بِرَأْسِهِ واحِدَةً))[٣]

٥ ــ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم مَسَحَ أُذُنَيْهِ دَاخِلَهُمَا بِالسَّبَّابَتَيْنِ وَخَالَفَ إِبْهَامَيْهِ إِلَى ظَاهِرِ أُذُنَيْهِ فَمَسَحَ ظَاهِرَهُمَا وَبَاطِنَهُمَا))[١] .

---

(١) أخرجه البخار ي تعليقاً(٤\١٥٨مع الفتح).

(٢) متفقٌ عليه و أخرجه أيضاً الترمذي و اللفظ له

(٣) أخرجه أبو داود(١١١)

٦ ـ عن أبي أُمامة قال قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ((الأُذُنَانِ مِنَ الرأْس))[٢]

٧ ـ عَنْ لَقِيطِ بْنِ صَبْرَةَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِى عَنِ الْوُضُوءِ قَالَ « أَسْبِغِ الْوُضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصَابِعِ وَبَالِغْ فِى الاِسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا »[٣].

٨ ـ عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ : ((أَنَّ النَّبِىَّ صلى الله عليه وسلم كَانَ يُخَلِّلُ لِحْيَتَهُ))[٤].

٩ ـ عن عبدالله بن زيد : ((أَنَّ النَّبِيَّ ـ صلى الله عليه وسلم ـ أُتِيَ بِثُلُثَيْ مُدٍّ، فتوضأ فَجَعَلَ يَدْلُكُ ذِرَاعَيْهِ))[٥] .

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :

« اسْتَقِيمُوا وَلَنْ تُحْصُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ خَيْرَ أَعْمَالِكُمُ الصَّلاَةُ وَلاَ يُحَافِظُ عَلَى الْوُضُوءِ إِلاَّ مُؤْمِنٌ »

أخرجه ابن ماجه (٢٩٠)

---

(١) أخرجه أبو داود (١٣٥) و النسائي(١\٨٨) من حديث عبد الله بن عمر و ابن ماجه(٦٧) من حديث ابن عباس و اللفظ له. و ينظر: منحة العلام (١\١٦٤ـ١٦٥)

(٢) أخرجه أحمد (٥\٢٨٥،٢٦٨،٢٦٤) و أبو داود(١٣٤) و الترمذي (٣٧)

(٣) أخرجه أبوداود (١٤٣،١٤٢) و الترمذي(٣٨)، و النسائي(١\٦٦ـ٦٩) و ابن ماجه(٤٤٨) و صححه ابن خزيمة(١٦٨،١٥٠) و الألباني (٩٢٧صحيح الجامع).

(٤) أخرجه الترمذي (٣١) وقال حديثٌ حسنٌ صحيح.

(٥) أخرجه ابن خزيمة في صحيحيه(١\١٠١).

پرسیاری هەشتەم:

ئایا ئەو ئەندامانەی دەستنوێژگرتن، کە شوشتنیان پێویستە، دەتوانین زیاتر لە سێ جار بشۆین؟

وەڵام:

شوشتنی ئەندامەکانی دەستنوێژگرتن، کە دەم و چاو و هەردوو دەست و هەردوو پێ دەگرێتەوە، زیاتر لە سێ جار سەرپێچی سوننەتی پێغەمبەرمانە(صلى الله عليه وسلم)، و کارێکی ترسناکە، چونکە بەزاندنی سنورە شەرعییەکانە بۆ ئیسراف، ئیسرافیش حەرامە بەیەکدەنگی زانایان[١] .

بەڵگە :

* لە قورئانی پیرۆز: ﴿يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾[٢] .

* لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) :

١ ــ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم مَرَّ بِسَعْدٍ وَهُوَ يَتَوَضَّأُ فَقَالَ « مَا هَذَا السَّرَفُ ؟» . فَقَالَ أَفِى الْوُضُوءِ إِسْرَافٌ ! قَالَ « نَعَمْ وَإِنْ كُنْتَ عَلَى نَهَرٍ جَارٍ» [٣] .

٢ ــ عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ مُغَفَّلٍ قال: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَقُولُ « إِنَّهُ سَيَكُونُ فِى هَذِهِ الأُمَّةِ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِى الطُّهُورِ وَالدُّعَاءِ » [١] .

---

(١) ينظر : روضة الأفهام في شرح زوائد المحرر على بلوغ المرام (١\١٠٧).

(٢) الأعراف : ٣١ .

(٣) أخرجه أحمد (٧٠٦٦) و أبو داود (٢٧٢) و ابن ماجه (٤٢٥).

پرسیاری نۆیەم:

ئەگەر سەری پیاو بە جەمەدانی بێت، یان سەری ئافرەت بە خیمار پۆشراو بێت، ئایا ئەوکات خۆ سەرکۆتکردن، پێویستە بۆ مەسحکردنی سەر؟

وەڵام:

مەسحکردنی سەر بە سەرکۆتی، یان مەسحکرنی سەر بە داپۆشراوی، یان مەسحکردن لەسەر سەر و لەسەرئەو شتەی کەسەری داپۆشیوە، هەرسێکی دروستە، بەڵام باشتر وایە مەسح بە سەرکۆتی بکرێت، کە جێگای یەکرایی زانایانە.

بەڵگە:

١ ــ عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ : ((بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم سَرِيَّةً فَأَصَابَهُمُ الْبَرْدُ فَلَمَّا قَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم أَمَرَهُمْ أَنْ يَمْسَحُوا عَلَى الْعَصَائِبِ وَالتَّسَاخِينِ))[٢] .

٢ ــ أَبِى مُسْلِمٍ مَوْلَى زَيْدِ بْنِ صُوحَانَ قَالَ كُنْتُ مَعَ سَلْمَانَ فَرَأَى رَجُلاً يَنْزِعُ خُفَّيْهِ لِلْوُضُوءِ فَقَالَ لَهُ سَلْمَانُ: ((امْسَحْ عَلَى خُفَّيْكَ وَعَلَى خِمَارِكَ وَبِنَاصِيَتِكَ فَإِنِّى رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَمْسَحُ عَلَى الْخُفَّيْنِ وَالْخِمَارِ))[٣] .

و في لفظٍ لإبن حبان [١] : ((فَإِنِّى رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم تَوَضَأَ، وَ مَسَحَ عَلى الْخُفَّيْنِ و العِمَامةِ)).

---

(١) أخرجه أبو داود (٩٦).

(٢) أخرجه أحمد (٥\٢٧٧) و أبو داود (١٤٦) و صححه الحاكم(١\١٦٩). والعصائب يعني العمائم، و التساخين يعني الخفاف. قال الترمذي : و المسح على العمائم قول غير واحٍ من أهل العلم من أصحاب النبـي (صلى الله عليه وسلم) و غيرهم... ينظر: حاشية الفقى على بلوغ المرام ص٩٣ط دار الإمتياز.

(٣) أخرجه أحمد (٥\٤٣٩) و ابن ماجه (٥٦٣) و اللفظ له.

٤ ــ عَنْ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ قَالَ: ((تَخَلَّفَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم وَتَخَلَّفْتُ مَعَهُ فَلَمَّا قَضَى حَاجَتَهُ قَالَ: « أَمَعَكَ مَاءٌ؟» . فَأَتَيْتُهُ بِمَطْهَرَةٍ فَغَسَلَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ ثُمَّ ذَهَبَ يَحْسِرُ عَنْ ذِرَاعَيْهِ فَضَاقَ كُمُّ الْجُبَّةِ فَأَخْرَجَ يَدَهُ مِنْ تَحْتِ الْجُبَّةِ وَأَلْقَى الْجُبَّةَ عَلَى مَنْكِبَيْهِ وَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ وَمَسَحَ بِنَاصِيَتِهِ وَعَلَى الْعِمَامَةِ وَعَلَى خُفَّيْهِ ...))[٢] .

٥ ــ عن عائشة (رضي الله عنها): ((أنها كانت إذا توضأت تدخل يدها تحت الوقاية، و تمسح برأسها كله))[٣] .

٦ ــ ذكر ابن المنذر بسنده في الأوسط [٤] عن أمِ سلمة أنها كانت تمسح على الخمار.

قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :

«إِنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ ، فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يُطِيلَ غُرَّتَهُ فَلْيَفْعَلْ»

أخرجه البخاري (٣٥)

---

(١) صحيح ابن حبان (١٣٤٥) و ينظر : المسند المصنف المعلل للمحقق بشار عواد (٩\٢٩٩).

(٢) أخرجه مسلم (٢٧٤)(٨٣).

(٣) أخرجه ابن وهب في المدونة (١\١٢٤). ينظر: ماصح من آثار الصحابة (١\٥٦ ـ ٥٧).

(٤) الأوسط من السنن و الإجماع و الإختلاف (٢\١٢٢ ط: دار الفلاح). و في شرح منتهى الإرادات (١\٦٠): يصح المسح أيضاً على خُمُر النساء مدارةٍ تحت حلقهن لأن أم سلمة كانت تمسحُ على خمارها ذكره ابن المنذر. وذكر شيخ الإسلام أثر أم سلمة (رضي الله عنها) في مسحها على الخمار في كتابه القواعد النورانية (ص٣٧ ط:الفقى)(ص٣٧ ط: دار ابن الجوزي) مستدلاً به. و ينظر: فتاوى الشيخ محمد بن صالح (١\١٥٢).

پرسیاری دەیەم:

ئەو ئافرەتانەی نێنوکیان بۆیە دەکەن، ئایا دەتوانن دەستنوێژ بگرن بە بێ لادانی بۆیەکە؟ ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەو جۆرە بۆیانەی بۆ نێنوك بەکاردێن نایەڵن ئاو بگاتە نێنوکەکە؟

وەڵام:

بۆیەی نێنوك یان هەربۆیەیەك ڕێگربێ لە گەیشتنی ئاوی دەستنوێژ بەو جێگایەی کەپێویستە بشۆرێت لە دەستنوێژگرتندا، یان لەغوسلی جەنابەتدا، پێویستە لابرێت پێش دەستنوێژگرتن یان غوسل کردن، ئەگەرنا ئەوا دەستنوێژگرتنەکە یان غوسل کردنەکە، ناهێتەجێ و بەتاڵە، چونکە جێی بۆیەکە نەشۆراوە [١] .

بەڵگە:

* لە قورئانی پیرۆز:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ﴾[٢]

* لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) :

عَنْ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ أَنَّ رَجُلاً تَوَضَّأَ فَتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ عَلَى قَدَمِهِ فَأَبْصَرَهُ النَّبِىُّ صلى الله عليه وسلم فَقَالَ « ارْجِعْ فَأَحْسِنْ وُضُوءَكَ » . فَرَجَعَ ثُمَّ صَلَّى[٣] .

---

(١) منحة العلام شرح بلوغ المرام (١\٢٣٣) مجموع فتاوى الشيخ محمد صالح (١١\١٤٨ ـ ١٤٩)

(٢) المائدة:٦

(٣) أخرجه مسلم (٢٤٣) و أبو داود(١٧٣)

بەشـــ(٢)ـــی دووەم : پرسیار و وەڵامی گشتی:

پرسیاری یەکەم:

ئایا فتوحاتی ئیسلامی بەڵگەی ئەوە نین کە ئیسلام بە شمشێر بڵاوبووتەوە و خۆی سەپاندووە؟! یان دەیان ئایەتی قورئان و دەقی فەرموودە کە هانی جەنگ دەدەن فەرمان بە کوشتنی سەرپێچیکاران دەکەن! بەڵگەنین بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە زەبری هێز؟! ئەگەر ئەمە وابێت، ئەوا ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام ئاینی توندڕەوییە؟!

وەڵام:

ئەمە پرسیارێك نییە بە بەڵێ، یان نەخێر وەڵام بدرێتەوە، بۆیە هەندێك بە درێژی لە سەری دەوەستین، بە پێشەکییەك دەستی پێدەکەین لە سێ خاڵدا:

یەکەمیان: شوبهەی بڵاوبوونی ئیسلام بە شمشێر شوبهەیەکی کۆنە (أبو الحسن العامری)ی کە لە ساڵی (٣٨١ ك) وەفاتیکردووە لە کیتابەکەیدا (الإعلام بمناقب الإسلام)[1] باسی دەکات، و شوبهەکە لەم سەردەمەدا پاش وروژاندنەوەی رۆژهەڵاتناسان بۆی سەرەتای سەدەی نوزدەهەم و لە پاشان دەرکەوتنی (قاعدە) و (داعش) و هاوشێوەکانیان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست ویەك زیاتر پەرەی سەند و لە کاردانەوەیدا شوبهەی نوێی بە دوای خۆیدا هێنا، گەورەترینیان شوبهەی جیهاد لە

(١) كتاب الإعلام بمناقب الإسلام للعامري مطبوع بتحقيق الدكتور أحمد عبد الحميد غراب سنة ١٩٦٧م .
ينظر: منه : (ص١٨٥ و مابعده) مبحث: القول في الشبه التي يتسلق بها المعاندون للإسلام.

ئیسلامدا تەنها بۆ بەرگرییە[١] کە هزرێکی نامو و نوێیە، هیچ زانایەکی پێشین باسی نەکردووە [٢]!

---

(١) بیری تەسکی پەکخستنی جیهاد و تایبەتکردنی تەنها بە جیهادی بەرگری لە ئیسلامدا، پاش شێخ محمد عەبدە (سەرداری قوتابخانەی عەقلانی) لە کۆتایەکانی سەدەی نوزدەم گەشەی سەند، لە ئەنجامی کاریگەری شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەسەر وڵاتانی موسڵمان. ئەم جۆرە تێگەیشتنە بەردەوامە تاوەکو ئەمڕۆ کە دکتور یوسف القرضاوي پشتگیری لێدەکات.

ینظر: (الجهاد في الإسلام مفهومه و أهدافه و أنواعه و ضوابطه دراسةٌ تأصيلية ص٢٦٧ ـ٢٩٦) تأليف ا.د عبد الله الزاحم. و (فقه التنازلات ص٤٣٩ وما بعده) تأليف: عادل الشعيبي .

ئەوەی جێی تێبینییە: کەسانێك ئەم بیرە دەدەنە پاڵ شیخ الإسلام ابن تیمیيه! ئەمەش لە بە هەڵە تێگەیشتنی چەند وشەیەکی شیخ الإسلام دروست بووە لە وانە:

*(الكفار إنما يقاتلون بشرط الحراب، كما ذهب إليه جمهور العلماء، و كما دل عليه الكتاب والسنة) (النبوات ص١٤٠).

*(و كانت سيرته أن كل من هادنه من الكفار لم يقاتله، و هذه كتب السيرة و الحديث و التفسير و الفقه و المغازي تنطق بهذا، و هذا متواتر من سيرته عليه السلام فهو لم يبدأ أحداً بالقتال ....وأما النصارى فلم يقاتل (صلى الله عليه وسلم) أحداً منهم حتى أرسل رسله بعد صلح الحديبية إلى جميع الملوك يدعوهم إلى الإسلام فأرسل إلى قيصر و إلى كسرى و إلى المقوقس و النجاشي و ملوك العرب بالشرق و الشام، فقتلوا بعض من قد أسلم، فالنصارى هم حاربوا المسلمين أولاً، و قتلوا من أسلم منهم بغياً و ظلماً، فلما بدأ النصارى بقتل المسلمين، ارسل سرية أمر عليها زيد بن حارثة...) رسالة القتال(ص١٢٥ـ١٢٦) نقلاً من مقدمه الشيخ أبو زهره لكتاب السير الكبير (١\٦١)

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو زانایانەی کە ئەم بیرە دەخەنە پاڵ شیخ الإسلام، شیخ سليمان بن حمدان نامەیەکی نووسیوە . ینظر: مقدمة بكر أبو زيد لكتاب هداية الأريب الأمجد لمعرفة أصحاب الرواية عن أحمد (ص\ي)، و مقدمة الشيخ عبدالعزيز آل حمد لكتاب(قاعدة مختصرة في قتال الكفار و مهادنتهم و تحريم قتلهم لمجرد كفرهم ـ لشيخ الإسلام ـ) (ص٦٢ ـ ٦٩) فقد فصل القول بأن عدم قتال الكافر لكفرهم عند شيخ الإسلام، لا ينفي قوله الصريح بجهاد الطلب في ثنايا كتبه و مصنفاته الأخرى ولا يضاده.

(٢) ذهب علي العلياني في رسالته (أهمية الجهاد ص٣١٨) أن مذهب إبطال جهاد الطلب في الإسلام و إنكاره بدعةٌ منكرة لم يقلها أحد من علماء المسلمين المعتبرين، و أول ماظهرت على أيدي تلاميذ المدرسة العقلية الحديثة التي من رجالها: جمال الدين الأفغاني ، و محمد عبده، و رشيد رضا، ثم أشار إلى من تأثر بهذه الفكرة وقصر الجهاد في الإسلام على الطلب فقط فعد منهم (ص٣٢٥ ـ ٣٢٦):

دووەمیان: ئەمەی باسکرا لە خاڵی یەکەمی پێشەکی، لە واقیعی ئەمڕۆماندا بە چەند شێوەیەك خۆی دەبینێتەوە لە وانە:

١ ــ ناحەزانی ئیسلام لە کافرەکان شوبهەی تیرۆر و بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە شمشێر بۆ چەند مەرامێك بەکاردێنن، گەورەترینیان پەکخستنی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بوو لە ئەوروپاو ئەمریکا، بە لکاندنی تومەتی(تیرۆر) بە ئیسلام لە ڕاگەیاندنەکانیاندا.

٢ ــ ناحەزانی ئیسلام لە ئەهلی نیفاق لە ناو موسڵماناندا ئەمەیان بە دەرفەت زانی، تاوەکو بە خەڵکی موسڵمان بڵێن: ئیسلام مانای (قاعدە) و (داعش) و سەربڕینی خەڵك و داگیرکردن و تاڵانکردنی شار و دێهاتەکانە!.

٣ ــ موسڵمانە دابڕوەکان لە مێژوو ئیسلام لە بەرامبەر ئەمانەدا بە ئەرکی وەڵامدانەوە هەستان، بەڵام ـ وەکو باسکرا ـ زۆر لە وەڵامەکانیان نازانستی و دوور لە

---

*عبدالوهاب خلاف في كتابه(السياسة الشرعية)

*محمود شلتوت في كتابه (من هدي القرآن)

*محمد أبو زهرة في كتابه(العلاقات الدولية)

*محمد عبدالله دراز في كتابه(دراسات إسلامية في العلاقات الدولية)

*محمد دروزة في كتابه(الجهاد في سبيل الله في القرىن و الحديث)

...وغيرهم من المعاصرين كثير! دون أن يكون لهم من علماء الأمة سلف! ثم ذكر العلياني نخبة من العلما الذين ردوا على هذه الشبهة المعاصرة و ذكر منهم:

*صالح اللحيدان في كتابه (الجهاد بين الطلب و الدفاع)

*سليمان بن حمدان في كتابه(دلآلة النصوص و الإجماع على فرض القتال للكفر و الدفاع)

*عبدالرحمن الدوسري في كتابه (الأجوبة المفيدة في مهمات العقيدة)

*عبد الكريم زيدان في كتابه (مجموعة بحوث فقهية)

... و غيرهم من المعاصرين كثير ممن سلكوا سبيل الصحابة و التابعين و ائمة الدين في فهم الكتاب والسنة .

ينظر: (الجهاد في الإسلام ص٢٦٧ ـ٢٩٦) للزاحم.

بەڵگەبوون و بنەمای وەڵامەکانیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە ئیسلام شمشێر تەنها بۆ بەرگری هەڵدەگرێت نەك بۆ بڵاوبوونەوە، بە واتایەکی دیکە ئیسلام (جهاد الطلب)ی تێدانییە، تەنها (جهاد الدفع)ی تێدایە! ئەمەش وەڵامدانەوەی هەڵەیە بە هەڵە، کە دەرهاوێشتەی داگیرکردنی بیری مادی خۆرئاوایە(الغزو الفکری) بۆ هزری مروڤی موسڵمان بیرکردنەوەی[1].

سێیەمیان : بۆ ئەوەی دوورکەوینیەوە لەم جۆرە هەڵانە، ڕزگارمان بێت لەو شوبوهاتانە دژی ئیسلام دەوروژێنەوە و بە جوانی لە ئیسلام تێبگەین، ئەمەی باسکرا بە دوو خاڵ پوختی دەکەینەوە، کە بریتین لە ئاگادارکردنەوەی موسڵمان لە دوو هەڵە:

---

(١) قال الدكتور أكرم ضياء العمري في كلامٍ له بصدد منطق التبرير كأساس لتفسير تأريخ صدر الإسلام: ((إن هذا المنطق أثر للقهر النفسي و الفكري الذي أحدثه الغزو الفكري في عقولنا، و من ذلك الأسلوب الإعتذاري الذي يستخدمه بعض المؤرخين المسلمين المعاصرين في الكلام عن الجهاد في الإسلام و حركة الفتوح الإسلامية و إعتبارها دفاعاً عن حدود شبه جزيرة العرب أمام تحركات الفرس و الروم، بل إن غزوات الرسول (صلى الله عليه وسلم) لم تسلم من هذا الأسلوب التبريري و جعلها دفاعاً عن دولة المدينة المنورة (دراسة العلامة محمد شبلي النعماني عن السيرة مثلاً فهو على فضله وقع في هذا الخطأ). بل إن بعض المؤرخين المسلمين ذهب إلى نفي روايات صحيحة عندما عجز عن التبرير الذي يريده فقد نفى أحد الكتاب ـ (وهو الدكتور وليد عرفات في بحث قدمه في مؤتمر السنة و السيرة بقطر، و قبل ذلك في المؤتمر الدولي للتأريخ ببغداد) ـ روايات ابن إسحاق حول قتل مقاتلة بني قريظة، و هي ثابة في كتب الحديث و السيرة و التأريخ. و كأنه يشك في عدالة قتلهم! فالتفسير الإسلامي إذاً ليس دفاعاً تبريرياً بل ينطلق من إعتقاد أن الإسلام حق وما عداه باطل، و أن ما شرعه الإسلام من الجهاد و غيره حق لا يحتاج إلى إعتذار أو تبرير، حتى لو بدا ذلك غريباً أمام الذهنية المهيمنة على الناس في قرن العشرين، لأننا لا نطوع (الإسلام و تأريخه) لأذواق الناس واتجاهاتهم الفكرية في (عصر معين) فما يحبذه الناس في عصر قد ينكرونه في عصر آخر و ما يحسبه أبناء بلدةٍ حسناً، يراه سواهم منكراً، و الحكم لله و لشرعه، وليس لأذواق الناس و أهوائهم و الله غالبٌ على أمره)) (السيرة النبوية الصحيحة ـ محاولة لتطبيق قواعد المحدثين في روايات السيرة النبوية ١\٣٧ ـ ٣٨ ط العبيكان).

هەڵەی یەکەم: دەقەکانی فەرمانکردن بە جیهاد لە قورئان و فەرموودەدا، بەبێ لێکدانەوەی مەصالح و مەفاسد تەماشا بکرێن و دوور لە ڕاو بۆچوونی زانایانی ئیسلام و پسپۆران، جێبەجێبکرێن لە واقیعدا (التنزيل في الواقع). ئەمەش مەزهەبی خەوارجەکانە[١] پێویستە موسڵمان لێی ئاگادار بێت.

هەڵەی دووەم: لە وەڵامی هەڵەی یەکەمدا بگوترێت: دەقەکانی فەرمانکردن بە جیهاد تایبەتن بە بەرگریکردن، نەك هێرشبردن، ئەمەش وەڵامدانەوەی هەڵەیە بە هەڵە پێویستە موسڵمان لێی ئاگادار بێت.

هەرلە بەر ئەمە بۆ دروست تێگەیشتنی بابەتی جیهاد لە ئیسلامدا، لەسەر چەند تەوەرەیەك دەوەستین:

---

(١) مەزهەبی خەوارج هیچ ئیعتیبارێك بۆ مەصالح و مەفاسد دانانێت، ئەمەش سەلماندنی ڕاستی وەسفی پێغەمبەرمانە (صلى الله عليه وسلم) بۆیان، کە دەفەرمێت : ((سفهاء الأحلام))(متفقٌ عليه) واتە: گەمژەن بیرناکەنەوە.

قال شيخ الإسلام: (....من يريد أن يأمر و ينهي إما بلسانه و إما بيده مطلقاً، من غير فقهٍ و حِلمٍ و صبر و **نظرٍ فيما يصلح من ذلك و ما لا يصلح** وما يقدر عليه وما لا يقدر...فيأتي بالأمر و النهي معتقداً أنه مطيعٌ في ذلك لله و رسوله و هو معتدٍ في حدوده، كما انتصب كثير من أهل البدع و الأهواء كالخوارج و المعتزلة و الرافضة و غيرهم ممن غلط فيما آتاه من الأمر و النهي و الجهاد على ذلك و **كان فساده أعظم من صلاحه**...) مجموعة الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (٢٨\١٢٨) و ينظر: كتاب(داعش العراق والشام في ميزان السنة و الإسلام ص٦٧ ـ ٧١) لشيخ على الحلبي و كتاب (الخوارج نشأتهم، فرقهم، صفاتهم، و الرد على أبرز عقائدهم ص٣٥ ـ ٤٠) تأليف : أ.د سليمان بن صالح الغصن.

تەوەرەی یەکەم :

جیهاد لە ئیسلامدا بە هەردوو ماناکەی (بەرگریکردن ، هێرشبردن) واجبێکی کەفائییە، لە کات و باری دیاریکراو بە پێی مەرجەکانی .

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە جیهاد بەهەردوو ماناکەی (بەرگریکردن ، هێرشبردن) واجبێکی کەفائییە(فرضٌ كفائي)[١] بێجگە لە چەند حالەتێکی نائاسای نەبێت کە دەبێتە (فرض عین) [٢] لە شەش ڕوویەوە باس دەکەین:

١ ـ قورئانی پیرۆز.

٢ـ فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) .

٣ ـ ئیجماع

٤ ـ ئینجیل (العهد الجديد).

٥ ـ تەورات (العهد القديم)

٦ـ عەقل.

بە پشت بەستن بە خودا، یەك بە یەك لەسەریان دەوەستین:

---

(١) مانای (الفرض الكفائي) : ئەرکێکە ئەگەر کەسانێك بکەن، ئەوا ئەرکەکە لەسەر ئەوانی تر لادەچێت، ئەگەر کاتی پێویست کەس بە ئەرکەکە هەڵنەستا ،ئەوا کۆمەڵەکە گشتی تاوانبارە. (الفرض العين)یش بەمانای واجب بوون دێت لەسەر گشت تاکەکەسێك کە مەرجەکانی تێدابێت. ينظر: الوجيز في أصول الفقه لعبدالكريم زيدان ص٣٥ـ٣٧.

(٢) للمزيد ينظر: (رسالة الإرشاد إلى بيان الحق في حكم الجهاد ص٤٤ وما بعده) تأليف النجمي و تقريظ صالح الفوزان.

یەکەم: قورئانی پیرۆز :

فەرمانکردن بە جیهاد لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەتدا هاتووە و بە چەندین قوناغدا تێپەڕیوە، بە پێی بەرەو باشترین بردنی کاروانی بانگەواز بۆ پەیامی یەك خودا پەرستی، ئەمانەش چەند ئایەتێکن سەبارەت بە قوناغە کۆتایەکانی واجب بوونی جیهاد:

* ﴿لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَـٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُو۟لِى ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَـٰعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَـٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَـٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَـٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ (١) .

* ﴿۞ وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ (٢)

* ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾(٣)

---

(١) النساء: ٩٥ ـ ٩٦.

(٢) التوبة: ١٢٢.

(٣) التوبة :٥

* ﴿قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَـٰغِرُونَ﴾[١]

* ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافٗا وَثِقَالٗا وَجَـٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾[٢]

* ﴿قَـٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾[٣]

پوختەی ئەم ئایەتانە فەرمانکردنە بە هەڵگرتنی چەك و جیهاد کردن، لە دوا قوناغەکانی ژیاننامەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەم ئایەتانە نەسخی قوناغەکانی پێشەخۆیاندەکەن، وەکو چۆن ئایەتەکانی دواقوناغی حوکمی عەرەق خواردنەوە ئایەتەکانی پێشەخۆیان نەسخ دەکەن و حوکمەکەیان لادەدەن، ئەمانە دوو بابەتی جیاوازن.

بابەتی جیهاد کارکردنە بە هەموو ئەو قوناغانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا باس لە جیهاد دەکەن بە پێی ئەو بارودۆخەی کە موسڵمانان تیادا دەژین[٤]. بەڵام

---

(١) التوبة:٢٩.

(٢) التوبة:٤١.

(٣) التوبة:١٤.

(٤) حول مراحل فرض الجهاد ينظر: المبسوط لسرخسي(١٠\٢)، زاد المعاد لإبن القيم(٣\١٥٨ـ ١٦١) وقد شرح الشيخ عبد الله الزاحم في كتابه (الجهاد...ص١٢٧ ـ ١٤٩) ثم ختم شرحه قائلاً: (و هذه المراحل التي مربه تشريع القتال في سبيل الله، و التي انتهت إلى قتال الناس كافة، ليست على أساس أن كل مرحلة ناسخة للتي قبلها، كألشأن في تحريم الخمر، و إنما هي أنواع من حالات القتال حسب ظروف المسلمين و قوتهم)

بابەتی عەرەق خواردنەوە ـ وەکو نمونە ـ کە بەچەند قوناغێك حەرام کراوە، کار تەنها بە دواقوناغی دەکرێت کە حەرامکردنی یەکجارەکییە ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾[1] کە قوناغەکانی پێشەخۆی نەسخ دەکات. بەهەمان شێوە سەبارەت بە دەقەکانی فەرموودە، ئایەتەکانی جیهاد بە هەموو قوناغێکەوە کاریان پێدەکرێت بە پێی مەصالح و مەفاسد:

دووەم: فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) .

*قال رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ « أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّى دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ »[2].

واتە: (فەرمانم پێکراوە، کە بجەنگم تاوەکو خەڵك دان بە (لاإله إلا الله محمد رسول الله) بنێن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەگەر ئەمەیان ئەنجامدا، ئەوا سەر و ماڵیان پارێزراوە، بەمەرجێك تاوانێك ئەنجام نەدەن حەقی ئیسلامیان بکەوێتە سەر بە قیصاص، و تەنها خودا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات لە قیامەتدا).

* قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ((بُعِثْتُ بين يدي السَّاعةِ بالسَّيف، حتى يُعْبَدَ اللهُ وحده لا شريك له، و جُعِلَ رزقي تحت ظِلِّ رُمْحي، و جُعِلَ الذِّلَّةُ و الصَّغارُ عَلى مَن خالَفَ أمْري، و مَنْ تشبَّهَ بِقَومٍ فهو مِنْهُم))[1] .

---

(١) المائدة:٩١ .

(٢) متفقٌ عليه.

واتە : (لە بەرەبەرەی قیامەتا خودا منی ناردووە بە شمشێر، تاوەکو خودا بەتەنها بپەرستریت کەس هاوبەشی بۆ دانەنێت، خودا ڕزقی منی خستووتە ژێر سێبەری ڕمەکەم، ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی من دەکەن خودا سەر شۆڕ و ڕیسوایان دەکات، ئەوەی لاسایی خەڵکانێك بکاتەوە لە ئایندا، ئەوا لەو خەڵکانەیە)[٢] .

* قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ - رضى الله عنه - قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَصَامَ رَمَضَانَ ، كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ جَاهَدَ فِى سَبِيلِ اللَّهِ ، أَوْ جَلَسَ فِى أَرْضِهِ الَّتِى وُلِدَ فِيهَا » . فَقَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلاَ نُبَشِّرُ النَّاسَ . قَالَ « إِنَّ فِى الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِى سَبِيلِ اللَّهِ ، مَا بَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ ، فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ ، أُرَاهُ فَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ، وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ »[٣] واتە: (پێغەمبەرمان ـ صلى الله عليه وسلم ـ دەفەرمێت: ئەوەی بڕوا بە خودا و پێغەمبەرەکەی بهێنێت، نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێت، ئەوا خودا لە سەرەخۆی واجبکردووە کە بیباتە بەهەشت، جا چ جیهادی کردبێ لە ڕێگای خودادا، یان نەیکردبێ و لەو شوێنە مردبێ کە لێی لە دایك بووە... لە پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باس لە پلە بەرزەکانی ئەوانە دەکات کە جیهادیان کردووە).

---

(١) رواه أحمد (٥١١٥)(٥٦٦٧)و صححه الشيخ أحمد شاكر

(٢) بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان بۆ ئەم دەقانە وەکو خەوارج و قوتابخانەی عەقلی نەبێت، بڕوانە تەوەرەی سێیەم و چوارەمی باسەکەمان.

(٣) أخرجه البخاري (٢٨٢٨)(٧٥١٢).

سێیەم: یەك ڕایی(إجماع)ی زانایانی ئیسلام:

لەوانەی کە (إجماع)یان گێڕاوەتەوە لەسەر ئەوەی کە جیهاد (فرض كفائي) یە:

* ابن قطان الفاسي في كتابه : (الإقناع في مسائل الإجماع)(٣\١٠١٣ فقرة:١٨٨٨).
* ابن رشد الحفيد في كتابه: (بداية المجتهد)(٢\١٤٣).
* فخر الرازي في تفسيره: (مفاتيح الغيب)(٦\٣٨٤).
* ابن عطية الأندلسي في تفسيره: (المحرر الوجيز)(١\٢٨٩).
* فخر الدين الزيلعي في كتابه: (تبيين الحقائق)(٤\٨٠).

مەبەست لێرەدا جیهاد کردن (فرض كفائي)یە لەکات و باری دیاریکراو کە زانایان بڕیاری لەسەردەدەن، چونکە هەندێك جار لە هەندێك شوێن دەبێتە (فرض عين) لەبەر هەبوونی ترسناکی لەسەر ژیان و وڵاتی موسڵمانان، هەندێك جار لە هەندێك شوێن بە مانای شەڕکردن نامێنێت لەبەر هەبوونی پەیمان(عهد) لەگەڵ کافرەکان یان نەهاتنە جێی مەرجەکانی جیهاد، وەك لە ژیاننامەی پێغەمبەرماندا (صلى الله عليه وسلم) ئەمە بە ڕوونی دیارە. بەمە لە تێگەیشتنی خەوارج دووردەکەوینەوە، کەچی ئینکارکردنی قوتابخانەی عەقلی بۆ ئەم ئیجماعە[1]! یان بۆ ئیجماع! جێی ئاوڕدانەوە نییە، چونکە ئیجماعەکە گواستراوەتەوە و ئیجماعیش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی شەرعییە.

(١) بۆ لادانی چەند شوبهەیەك لەسەر (إجماع)ە گواستراوەکە بڕوانە: فقه التنازلات ص٤٥٧ ـ ٤٧٤

چوارەم: ئینجیل (العهد الجدید).

ئەمە لاپەڕەیەکی چاپێکی کۆنی ئینجیلە کە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە[1] ، لە بڕگەی (٣٤)ی لاپەرە (١٨)ی بەرگی (٣) عیسی (علیه السلام) دەفەرمێت: (وا مەزانن من هاتووم ئاشتی لەسەر زەوی بچەسپێنم! من نە هاتووم ئاشتی بچەسپێنم بەڵکو هاتووم شمشێر بچەسپێنم!).

١٨ إنجيل ربنا يسوع المسيح بالقديس متى

أهل بيته. ۞ فلا تخافوهم فإنه ليس خفي إلا سيظهر ولا مكتوم إلا سيعلن. ۞ الذي أقوله لكم في الظلمة قولوه في النور والذي تسمعونه في الأذن اكرزوا به على السطوح. ۞ ولا تخافوا ممن يقتل الجسد ولا يستطيع أن يقتل النفس بل خافوا ممن يقدر أن يهلك النفس والجسد في جهنم. ۞ أليس عصفوران يباعان بفلس ومع ذلك فواحد منهما لا يسقط على الأرض بدون أبيكم. ۞ وأنتم فإن شعر رؤوسكم جميعه محصى ۞ فلا تخافوا فإنكم أفضل من عصافير كثيرة. ۞ فكل من يعترف بي قدام الناس أعترف أنا به قدام أبي الذي في السماوات. ۞ ومن ينكرني قدام الناس أنكره أنا قدام أبي الذي في السماوات. ۞ لا تظنوا أني جئت لألقي على الأرض سلاما لم آت لألقي سلاما لكن سيفا. ۞ أتيت لأفرق الإنسان عن أبيه والابنة عن أمها والكنة عن حماتها. ۞ وأعداء الإنسان أهل بيته. ۞ من أحب أبا أو أما أكثر مني فلن يستحقني. ومن أحب ابنا أو بنتا أكثر مني فلن يستحقني. ۞ ومن لا يحمل صليبه ويتبعني فلن يستحقني. ۞ من وجد نفسه يهلكها ومن أهلك نفسه من أجلي يجدها. ۞ من قبلكم فقد قبلني ومن قبلني فقد قبل الذي أرسلني. ۞ من قبل نبيا باسم نبي فأجر نبي ينال. ومن قبل صديقا باسم صديق فأجر صديق ينال. ۞ ومن سقى أحد هؤلاء الصغار كأس ماء بارد فقط باسم تلميذ فالحق أقول لكم إنه لا يضيع أجره

الفصل الحادي عشر

۞ ولما أتم يسوع وصيته لتلاميذه الاثني عشر انتقل من هناك ليعلم ويكرز في مدنهم. ۞ ولما سمع يوحنا وهو في السجن بأعمال المسيح أرسل اثنين من

(١) طبع في مطبعة المرسلين اليسوعيين في بيروت في ثلاث مجلدات بين سنوات (١٨٧٦م ـ ١٨٩٩م) و في مقدمة المترجمين إعترافات خطيرة حول مدَ البروتستانين للأسفار بالتحريف و الحذف! . ينظر: (١\٥ ـ ٨)منه.

پێنجەم: تەورات (العهد القديم).

لە تەورات دا نزیکەی چل ئایەت باسی (جیهاد) دەکەن، تەنها ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین[١] لەوانە:

* سفر العدد ـ الإصحاح (١٣).
* سفر صموئيل الأول ـ الإصحاح(٤)(٢٣)(٢٥).
* سفر الملوك الثاني ـ الإصحاح(٣).
* سفر حزقيال ـ الإصحاح(٢١).
* سفر يوشع ـ الإصحاح(٢٣).
* سفر القضاة ـ الإصحاح(١)(١٨).
* سفر التكوين ـ الإصحاح(١٤)(٣٤).
* سفر العدد ـ الإصحاح(١٥)(٢١)(٣٣).
* سفر المزامير ـ المزمور(١٨).

ئاماژەمان بۆ تەورات و ئینجیل کرد وەکو سەلماندنێك بۆ ئەمڕۆمان کە خەڵکانێك وا تێدەگەن جیهاد تایبەتە بە ئاینی ئیسلام، نەخێر ئاینی گشت پێغەمبەرانە، زۆر لە لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆز ئاماژە بە جیهادی پێغەمبەرانی پێشین دەکەن، لەوانە:

*بەسەرهاتی (داود ـ عليه السلام ـ) لەگەڵ (جالوت) لە ئایەتەکانی (٢٤٦ ـ ٢٥١) سورەتی (البقرة): ....﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ

(١) ينظر: كتاب حقائق الإسلام في مواجهة شبهات المشككين ص٤٢٠ـ٤٢٦ ط المجلس الأعلى لشؤن الإسلامية بمصر

وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُۗ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾. واتە: (بە فەرمانی خودا لەشکری طالوت بە سەر دوژمنانیدا سەرکەوت و داود ـ علیه السلام ـ جالوتی کوشت، خودا پاشایەتی و دانایی و زانایی بە داود ـ علیه السلام ـ بەخشی، ئەگەر خودا هەندێك لە خەڵکان بە هەندێکی دیکە لەناونەبات، ئەوا زەوی بۆگەندەبێت بە جۆرەها تاوان، بەڵام خودا فەزڵ و ڕێزی هەیە بۆ گشت ئادەمیزاد).

*بەسەرهاتی سولەیمان ـ علیه السلام ـ و بەلقیس لە ئایەتەکانی(٢٠ ـ٤٤) سورەتی (النمل):...﴿ٱرۡجِعۡ إِلَيۡهِمۡ فَلَنَأۡتِيَنَّهُم بِجُنُودٖ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخۡرِجَنَّهُم مِّنۡهَآ أَذِلَّةٗ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ﴾[1].

واتە: (ئەی نوێنەری بەلقیس بگەڕێوە بۆ لایان، ئێمە بە لەشکرێکەوە دێینەسەریان کە هیچ توانایەکی بەرگرییان نەبێت، زەلیل و سەرشۆڕ و شاربەدەریان دەکەین).

ئەمەی کە پێغەمبەران (علیهم السلام) پێهاتوون لە هەبوونی هێز بۆ پاراستن و بڵاوکردنی پەیامی خودا ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە لە هەموو ئاینێکی ئاسمانی و لای هەموو مرۆڤێکی ژیر، وەك لە خاڵی شەشەمدا دێتە بەرچاومان:

(١) النمل:٣٧

شەشەم: بەڵگەی عەقل لەسەر ڕەوایی جیهاد:

هیچ عەقلێکی ساغلەم دژایەتی ئەوە ناکات، کە:

یەکەم: دادپەروەری پێویستە بپارێزرێت.

دووەم : پێویستە بڵاوبکرێتەوە.

یەکەمیان: (جهاد الدفع) نمونەی وەکو پاراستنی تەندروستییە، دژی هەر ترسناکییەك کە تووشی مرۆڤ ببێت. پەروەردگار دەفەرمێت : ﴿ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾[1] . واتە : (ئەگەر خودا بە خەڵکانێك کە خاوەن حەقن، شەڕی خەڵکانێکی دەستدرێژکار نەکردبا، ئەوا پەرستگاکانی جولەکە و نەصارای ئەهلی زیمە، هەروەها مزگەوتی موسڵمانان ـ کە زۆر زیکری خودای تێدا دەکرێت ـ کاوڵدەکران، خودا کەسانێك بۆ سەرکەوتن هەڵدەبژێرێت، خودا خاوەن توانایە و بالادەستە).

دووەمیان: (جهاد الطلب) نمونەی لە مانای ئەم ئایەتەدا دەردەکەوێت: ﴿وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِ﴾[2] واتە : (هاوبەشی دانان بۆ خودا، لە کوشتن گەورەترە) ماناکەشی ئەمەیە ئەگەر پزیشکێك ئەندامێکی هەڵوەریوی نەخۆشێك ببڕێت، تاوەکو هەڵوەرینی ئەندامەکە تەشەنە نەکات بۆ گشت جەستەی و بیکوژێت، ئایا پزیشکەکە کارێکی ناڕەوادەکات!؟، بێگومان نەخێر، ئەمەش مانای ئایەتی: ﴿وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِ﴾ە.

---

(١) الحج:٤٠.

(٢) البقرة:١٩١.

ئەم نمونەیەش زیاتر دێتە بەرچاومان کاتێك، سەرانی وڵاتێك ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەکەن، نایەلن خەڵکەکەیان ئاشنا بێت بە بیروباوەڕی ئیسلام و مانابەرزەکانی یەك خوداپەرستی، ئەو کات لێدانی ئەم سەرانە تاوەکو ئیسلام بگاتە خەڵکەکەیان وەکو بڕینی بەشی هەڵوەریوی جەستەی مرۆڤی نەخۆشن، چونکە ئەم سەرانە ڕێگرن لە چارەسەری میللەتێك لە نەخۆشی هاوبەشیدانان بۆ خوداو چەندین شێوازی بەدڕەوشتی، کە تاکە چارەسەرییان ئیسلامە، بۆیە ئەوانەی ڕێگری لەم ئیسلامە دەکەن، هەڵگری تاوانی خۆیان و خەڵکەکەیانن، پێویستە لابدرێن، ئەم مانایەش لە نامەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بۆ گەورەی ڕۆم (هرقل) دیار دەکەوێت کاتێك بە (هرقل) دەفەرمێت: « بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مِنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللَّهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ سَلاَمٌ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّى أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الإِسْلاَمِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ **وَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الأَرِيسِيِّينَ** وَ ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ﴾...))[1] واتە ئەگەر تۆ ئەم بانگەوازە قەبوول نەکەیت، ڕێگری لێبکەیت، ئەوا تاوانی جوتیارانی وڵاتەکەت هەڵدەگری.

---

(١) متفقٌ عليه

تەوەرەی دووەم:

هەبوونی ئەرکی جیهاد لە ئیسلامدا، هیچ کات مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام بە شمشێر بڵاوبووتەوە.

ئیسلام ئایینە، ئاینیش پەیوەندی بە دڵی مرۆڤەوە هەیە، بە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوە، و شتێکی بەڵگە نەویستە کە بڕیاری وەرگرتنی شتێکی خوشەویست بۆ دڵ، یان ڕەتکردنەوەی شتێکی ناپەسەند بۆ دڵ، بە سەر دڵدا ناسەپێنرێت.

کەواتە نەك تەنها ئیسلام، بەڵکو هیچ ئاینێك یان هزرێك، ناتوانرێت بەلێدان و توقاندن بخرێتە دڵی خەڵکەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەڵامێکە زیادەی ناوێت، بۆ کەسانێك کە شوبهەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بۆ قورئان ناگەڕێننەوە، بەڵکو بۆ شمشێر دەیگەڕێننەوە.

بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە زیاتر لە بەرچاومان ڕوون بێت لە سەر چەند خاڵێك دەوەستین:

یەکەمیان : موسڵمانە یەکەمینەکان، لە مەککە بە گوێبیستنی قورئانی پیرۆز، ئیسلامیان چووتە ناودڵ، لە پێناو ئەم ئیسلامەدا، لە ژێر لێدان و توقاندنی سەرانی مەککە ئارامیان کێشاوە، هەیانە شەهید بووە لە ژێر ئازاردان، بەڵام لە بیروباوەڕی خۆی پاشگەزنەبووتەوە و لە پێناو نووری ئیسلام لە دڵیدا، قوربانی بە هەموو شتێکی داوە [(١)].

دووەمیان: پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بە قورئان و ئیمان دەوڵەتی دروستکردووە لە مەدینە پێش ئەوەی جیهاد واجب ببێت[(٢)]. هەر بۆیە بنەماکانی دامەزراندنی شارستانیەتی ئیسلام و موسڵمانان بۆ زانستێك دەگەڕێتەوە کە بە هۆیەوە مرۆڤ پەروەردەدەکرێت ، نەك هێزێك کەخۆی بەسەرکۆمەڵگادا بسەپێنێت.

---

(١) ينظر: كتاب رحيق المختوم ص ٨٥ ـ ٩١ و قصص الإضطهادا في مكة .

(٢) قال ابن القيم في معرض رده على من زعم أن قيام الدين كان بالسيف : و هذا جهلٌ قبيح .... ان الدين إنما قام بالوحي و مدينة النبي (صلى الله عليه وسلم) إنما فتحت بالقرآن و لم تُفتح بالسيف. ينظر : زاد المعاد (١\١٨٣ ـ بإختصار ـ).

سێیەمیان: پاش واجب بوونی جیهاد ئایەتی ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ﴾[١] دابەزیوە، واتە : (ئاین بە زەبر و زۆری ناخرێتە دڵی خەڵکەوە، چونکە ڕێبازی ڕاست و دروستی ئیسلام ڕوون و ئاشکرابووە و جیابووتەوە لە ڕێبازی گومڕایی) ،دابەزینی ئەم ئایەتەش پاش واجب بوونی جیهاد بۆ ئەوەیە تاوەکو بزانرێت کە مەبەست لە جیهاد ئەوە نییە خەڵك بەزۆر بکرێتە ئیسلام، وەك لە(سبب نزول)ی ئایەتەکەدا دیارە:

أخرج أبوداود[٢] عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ : كَانَتِ الْمَرْأَةُ تَكُونُ مِقْلاَتًا فَتَجْعَلُ عَلَى نَفْسِهَا إِنْ عَاشَ لَهَا وَلَدٌ أَنْ تُهَوِّدَهُ فَلَمَّا أُجْلِيَتْ بَنُو النَّضِيرِ كَانَ فِيهِمْ مِنْ أَبْنَاءِ الأَنْصَارِ فَقَالُوا لاَ نَدَعُ أَبْنَاءَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ﴾. واتە : (لە کاتی نەفامی ئافرەتانێکی ئەنصاری لە مەدینە منالەکانیان دەمردن، بۆ ئەوەی نەمردبان ، لە سەرەخویان نەزر دەکرد ئەگەر منالەکانیان بمێنن بیکەنە جولەکە، و پاش دەرکردنی (بَنُو النَّضِيرِ) لە ناو جولەکەکاندا کوڕانی ئەنصاری هەبوون، ئەوانەبوون کە دایکیان بە جولەکە کردبوون، تاوەکو بمێنن وەکو بیروباوەڕێکی نەفامی پێش موسڵمان بوونی دایکانیان، بۆیە پاش ئیسلام بوونی دایکانیان و دەرکردنی (بَنُو النَّضِيرِ) داوایان لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کرد، کە کوڕەکانیان ئەوانەی بەجولەکە کرابوون بمێننەوە و بەزۆر بە ئیسلام بکرێنەوە، خودای پەروەردگار لە وەڵامیاندا ئایەتی ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ﴾ دابەزاند)).

---

(١) البقرة : ٢٥٦.

(٢) السنن(٢٦٨٢) و سنده صحيح ينظر: تمام تخريجها في كتاب : الإستعاب في بيان الأسباب (١\١٩٥ ـ ١٩٦).

چوارەم : بەشی زۆری موسڵمانانی دونیا لە خۆرهەڵاتی ئاسیا دەوڵەتەکانی مالیزیا و ئەندەنوسیا لەڕێی بازرگانانی موسڵمان ئیسلامیان پێگەیشتووە[١]، چەندین دەوڵەت وەکو تەتارییا و بشکیریا ـ خاکی بولقار کە بەشێك بوون لە دەوڵەتی سوڤیەتی جاران ـ لەساڵانی (٣٠٩ ـ ٣١٠ هـ) داوایان لە خەلیفەی ئەمەوی جعفر المقتدر بالله کردووە، کە زانایان بۆیان بنێرن، تاوەکو موسڵمان بن، خەلیفەش کارەکەیان بۆ ئەنجام داوەو ئەوانیش موسڵمان بوون و تاوەکو ئەمڕۆش شانازی بە ڕۆژی موسڵمان بوونیان دەکەن[٢]. لە مە سەرنجڕاکێشتر موسڵمان بوونی مەغولەکان بە ئارەزووی خۆیان، پاش ئەوەی کۆمەڵکوژی موسڵمانانیان ئەنجامدا و پایتەختەکەیان ـ بغداد ـ سووتاند [٣]! ئەمەش کاتێك جوانی ئیسلامیان بینی پاش ئەوەی ئەو هەموو تاوانانەیان ئەنجامدا.

تەنانەت پاش شکاندنی (فارس) و (ڕۆم)ەکان کە دوو زلهێزی گەورەی ئەوکات بوون لە لایەن موسڵمانانەوە، خەڵکەکەیان ـ دانیشتووانی شام و عێراق و ئێران ـ بە زۆری موسڵمان نەکردن، بەڵکو خۆیان کاتێ جوانی ئیسلامیان بینی موسڵمان بوون کەمێکیشان تاوەکو ئیستا لە سەر ئاینی خۆیان ماونەتەوە و بەو پەڕی ئاسوودەیی لە ناو موسڵمانانەوە دەژین. پێشتریش بەرامبەر سەرانەیەك کە لەو زەکاتە کەمترە کەلە موسڵمانان وەردەگیرێت، لە بەر سێبەری ئیسلام بە ئاسوودەیی دەژیان و بەرگرییان

---

(١) ينظر : الموسوعة العربية العالمية (٣\٢٤٤ـ ٢٤٥) مادة أندنوسيا ، مبحث وصول الإسلام.

(٢) ينظر: الإسلام و المسلمون في البلاد السوفياتيية للمفتي ضياء الدين خان (ص١٥ ـ ١٦) و رحلة ابن فضلان إلى بلاد الخزر و الترك و الروس و الصقالبة بتحقيق سامي الدهان (ص٢٢ ومابعده ط المجمع الدمشقي)

(٣) ينظر : ماسطره المستشرق الإنكليزي: توماس أرنولد بهذا الصدد في كتابه الشهير:
(الدعوة إلى الإسلام Preaching of Islam) حيث يبدي استغرابه من عظمة الإسلام! كيف حول الإسلام المغول الغاصبين لبلاد الإسلام، الشرسون القتلة للمسلمين، إلى معتنقين للإسلام و عقيدته!!

لێدەکرا ﴿ وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّهُدِّمَتۡ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٞ وَصَلَوَٰتٞ وَمَسَٰجِدُ يُذۡكَرُ فِيهَا ٱسۡمُ ٱللَّهِ كَثِيرٗاۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ (١) .

پێنجەم: ئەگەر گریمان وامان دانا کە خەڵکانێك بە شمشێر موسڵمان بوون، بڵاوبوونی ئیسلام بە زەبری هێز بووە، ئەی بۆچی ئەمڕۆ- لە سایەی دیموکراتییەتدا! - ئەو خەڵکانەی دوێنێ بە شمشێر موسڵمان بوون ئەمڕۆ بۆ ئاینە کۆنەکانیان ناگەڕێنەوە؟ یان بۆچی ئەمڕۆ - لە سایەی دیموکراتیەتدا! - خەڵکانێك بە لێشاو لە ئەمریکا و ئەوروپا موسڵمان دەبن!؟ سەرەڕای ئەو هەموو پیلانانەی دادەڕێژرێن بۆ ناشرینکردنی ئیسلام لە دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیدا.



(١) الحج: ٤٠

تەوەرەی سێیەم:

لە ئیسلامدا هەمووکات پەیمان بەستن لەگەڵ دەوڵەتە کافرەکان بە مەرجێك ڕێگری لە بانگەوازی ئیسلام نەکەن، باشترە لە جیهادکردن لەگەڵیان، ئەمە ئەگەر دەوڵەتی موسڵمانان توانای جیهادیشی هەبێت!.

ـ ئەم تەوەرەیە یەکێکە لەو تەوەرانەی کە مەرجە ڕەچاوبکرێت لە تێگەیشتنی دەقەکانی فەرمانکردن بە جیهاد ـ

ئەم تەوەرەیە بە پاڵپشتی خودا لە چەند ڕوویەکەوە باس دەکەین لەوانە:

یەکەمیان: ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و صولحی حودەیبییە وەکو نمونە.

لە صولحی حودەیبییەیدا ساڵی(٦هـ)، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) سەرەڕای هەبوونی توانای جیهادکردن، لە پێناو ئاشتی و ئازادی بانگەواز بۆ خودا، بە مەرجە قورسەکانی کافرە مەککییەکان ڕازی بوو[1] لەوانە :

* ڕازی بوو نەنووسێت (بسم الله الرحمن الرحيم) و لەجیاتی بنووسێت (باسمك اللهم).
* ڕازی بوو نەنووسێت (محمدٌ رسول الله) و لەجیاتی بنووسێت (محمد بن عبدالله).
* ڕازی بوو بگەڕێتەوە بۆ مەدینە و نەچێتە مەککە، بۆ ئەنجامدانی (عومرە)کەی.

ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە بەهۆیەوە دیاردەکەوێت ئیسلام بە ئاشتی بڵاودەبێتەوە نەك بە جەنگ و خۆسەپاندن، هەر بۆیە پەروەردگار وەسفی صولحی حودەیبییە دەکات بە: ﴿فَتۡحًا مُّبِينًا﴾ کە بە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: ﴿إِنَّا فَتَحۡنَا لَكَ

---

(١) ڕووی قورسی مەرجەکان ئەوەیە کە ئیسلام پەیامە(الرسالة) و ڕەحمەتە(الرحمة): ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧) کافرەکانی مەککە نەیان هێشت ئەم دوو ناوەڕۆکە لە صولحەکەدا بنووسرێن!.

فَتۡحًا مُّبِينًا ﴾[١] وەکو ئاماژەیەك بۆ موسڵمانان کە صوڵحی حودەیبییە لە زۆر ڕوویەوە لە فەتحی مەککە گەورەترە! چونکە فەتحی مەککە تەنها بە ﴿ٱلۡفَتۡحِ﴾ وەسف دەکات، کە دەفەرمێت: ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ﴾[٢]، بەڵام صوڵحی حودەیبییە بە ﴿فَتۡحًا مُّبِينًا﴾ وەسف دەکات.

دووەمیان: باسی شەڕ و چەکداری لە دوا ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا.

لە سورەتی(المائدة)دا کە دوا سورەتە لە ڕێزبەندی دابەزیندا[٣]، پەروەردگار باس لە خراپی جولەکە دەکات بەوەی کە ئاگری جەنگ هەڵدەگیرسێنن! دەفەرمێت: ﴿ كُلَّمَآ أَوۡقَدُواْ نَارًا لِّلۡحَرۡبِ أَطۡفَأَهَا ٱللَّهُۚ﴾[٤] واتە: (هەرکات ئاگری جەنگیان هەڵگیرساند، خودا ئەی کوژێنێتەوە)، ئەمەش بە ڕەوانی ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاگەیاندنی جەنگ خۆی لە خۆیدا لە ڕووی ئیسلامەوە کارێکی خراپە، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت، کە دواچارە بێت بۆ گەیاندنی ڕووناکی ئیسلام بە خەڵکانێك، تاوەکو ڕزگار بکرێن لە بەندایەتی

---

(١) الفتح :١ . قال البراء (رضي الله عنه) : (تعدون أنتم الفتح فتح مكة، و قد كان فتح مكة فتحاً، و نحن نعد الفتح بيعة الرضوان يوم الحديبية...)أخرجه البخاري في صحيحه كتاب المغازي باب غزوة الحديبية (٤١٥٠) و ينظر: تفسير ابن كثير (٧\٣٢٧ ـ ٣٢٨ط دار الحديث)

(٢) النصر: ١.

(٣) عن جبير بن نفير قال حججتُ فدخلتُ على عائشة فقالت لي: ((يا جبير ، أتقرأ المائدة؟ فقلتُ نعم. فقالت: أما إنها آخر سورة نزلت، فما وجدتم فيها من حلالٍ فاستحلوه، و ما وجتم فيها من حرامٍ فحرِّموه)) أخرجه الحاكم في المستدرك(٢\٣١١) و قال : حديثٌ صحيحٌ على شرط الشيخين و لم يخرجاه، و وافقه الذهبي.

(٤) المائدة: ٦٤.

مەخلوق بۆ بەندایەتی خالق، و لە ستەمی گشت ڕژێمێك بۆ دادپەروەری ئیسلام، و لەبیری تەسکی ئاواتەکانی دونیا بۆ بەرفرەوانی ئاواتەکانی دونیا و قیامەت[١].

سێیەمیان: قورئانی پیرۆز و فەرمانکردن بە موسڵمانان کە ملکەچی ئاشتی بن هەرکات دوژمنانیان ئاشتیان داواکرد.

خودای پەروەردگار فەرمان بەموسڵمانان دەکات بە ملکەچبوون بۆ ئاشتی هەرکات کافرەکان داوای بکەن: ﴿۞ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾[٢] واتە : (ئەی محمد ـ صلی الله علیه وسلم ـ هەرکات دوژمنان داوای ئاشتی و وەستاندنی جەنگیان کرد، لێیان قەبوول بکە، پشت بە خودا ببەستە، ئەو لە پیلانی دوژمنان ئاگادارە)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە زیاتر بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام ئاینی ئاشتییە، و بە ئاشتی بڵاودەبێتەوە، چونکە تەنها جوانی ماناکانی بیرو باوەڕی ئیسلام و ئەو ڕەوشت بەرزییەی کە ئیسلام پێی هاتووە بۆ مرۆڤایەتی، کیفایەتە کە مرۆڤی خاوەن ئینصاف دڵی بە ئیسلام شاد بێت، ئەم جوانییەی ئیسلامیش، لە ئاشتی و ئارامیدا زیاتر دەبینرێت، بۆیەش ئیسلام لە ئاشتی و ئارامیدا زیاتر بڵاودەبێتەوە، نەك لە باری نائاسایی[٣] .

---

(١) قال ربعي بن عامر في مقابلته لرستم القائد الفارسي : (إن الله ابتعثنا لنخرج من نشاء من عبادة العباد إلى عبادة الله، و من ضيق الدنيا إلى سعتها، و من جور الأديان إلى عدل الإسلام ...) البداية و النهاية (٩\٦٢٢ ط التركي) و ينظر: الكامل في التأريخ (٢\٢٩٨) و تأريخ ابن خلدون(٢\٥٣٠).

(٢) الأنفال: ٦١.

(٣) قال الشيخ عبد الرحمن السعدي عند عَدِّهِ لِفوائد(آية الأنفال ٦١) (ص٣٩٣تفسير السعدي): و منها ـ أي من فوائد الآية ـ أنكم إذا أصلحتم و أمِنَ بعضكم بعضاً، و تمكن كلٌ من معرفة ما عليه الآخر، فإن الإسلام يعلوا ولا يعلى عليه، فكل من له عقل و بصيرة إذا كان معه إنصاف فلا بد أن يؤثره على غيره من الأديان،

تەوەرەی چوارەم:

بڕیاری ئەرکی جیهاد لە ئیسلامدا، لە دەست زانایانە، هەروەها ئەنجامدانی ئەرکی جیهاد پەیوەندی بەتاکە کەسانەوە نییە، بەڵکو تایبەتە بە دەوڵەتانی موسڵمانان، ئەمەش خاڵی سەرەکی جیاوازیکردنە لە نێوان جیهادی ئیسلام و تیرۆری خەوارج.

ـ ئەمەش یەکێکە لەو تەوەرانەی کە مەرجە ڕەچاوبکرێت لە تێگەیشتنی دەقەکانی فەرمانکردن بە جیهاد ـ

سەبارەت بە بڕیاردانی جەنگ و هەڵسەنگاندنی ڕاستی و ناڕاستی بڕیارەکانی جەنگ و جیهاد، شیخ الإسلام ابن تیمیه لە کتێبەکەی(منهاج السنه)دا دەفەرمێت: (**وفي الجملة فالبحث في هذه الدقائق من وظيفة خواص أهل العلم**)[1] واتە: باسکردنی جەنگ و هەڵسەنگاندنی وردەکاری مەصلەحە و مەفسەدەی بڕیاری جەنگ، کاری چینێکی تایبەتی زانایانە نەك هەموو زانایەك!. ئەمەش وشەیەکی زۆر بەنرخە لە ئایەتی (٨٣)ی سورەتی (النساء) وەرگیراوە، کە پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ

لِحُسنه في أوامره و نواهيه، و حُسنه في معاملته للخلق، و العدل فيهم، و أنه لا جور فيه و لا ظلم بوجه، فحينئذٍ يكثر الراغبون فيه و المتبعون له، فصار هذا السلم عوناً للمسلمين على الكافرين.

(١) منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة و القدرية (٤\٥٠٤). و بهذا الصدد يقول الإمام حسن البصري واصفاً حال العالم و الجاهل : (إن هذه الفتنة إذا أقبلت عرفها كلّ عالم و إذا أدبرت عرفها كل جاهل) ينظر: طبقات ابن سعد (٩\١٦٦ ط الخانجي) .

و للجاظ كلامٌ جميل في هذا الشأن في مستهل رسالته في المعاش و المعاد (ص٧٣ضمن رسائل الجاحظ ط: المهنا) ننقله لأهميته، قال: (أما بعدُ فإنَّ جماعات أهل الحِكمة قالوا: واجبٌ على كل حكيم أن يحسن الإرتياد لموضع البغية، و أن يبين أسبابَ الأمور، و يمهِّد لعواقبها، فإنما حُمِدت العلماءُ بحسن التثبت في أوائل الأمور و استشفافهم بعقولهم ما تجيء به العواقب، فيعلمون عند استقبالها ما تَؤولُ به الحالات في إستدبارها. و بقدر تفاوتهم في ذلك تستبين فضائلهم).

يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ واتە:

(پێویستە خەڵك كاتی ڕووداوێك، كە پەیوەندی بە خۆشی و ناخۆشی موسڵمانانەوە بێت، لە خۆیەوە بڕیارنەدات و هیچ كارێك ئەنجام نەدات، بەڵكو بۆ كەسانی شارەزا لە بوارەكەدا بگەڕێنەوە، ئەمانە دەتوانن هەڵسەنگاندنی كات و شوێن و جۆری ڕووداوەكە بكەن، حوكمە شەرعییەكەی لە دەقەكان وەربگرن، و بزانن چۆن خێر و بێری موسڵمانانی تیادایە بەو شێوەیە دەقەكان جێبەجێ بكەن لە واقیعدا[١]. ئەگەر چاكەی خودا نەبێت لەگەڵمان لە بارە ناسكەكاندا پشت لە خەڵكی شارەزا دەكەین و شوێن ڕێچكەی شەیتان دەكەوین).

لەم خاڵەدا واتە: جێبەجێكردنی دەقەكان لە واقیعدا (خەوارجەكان ـ داعشی ئەمڕۆ) شوێن ڕێچكەی شەیتان كەوتوون، چونكە بە هەواو هەوەسی خۆیان دەقەكان بەكاردێنن بەبێ ئەوەی بۆ زانایان و پسپۆران بگەڕێنەوە.

خەوارجەكان بە درێژایی مێژووی دەركەوتنیان، وەكو گرۆپێكی چەكدار كە بۆ نزیكەی هەزارو چوارسەد ساڵ دەگەڕێتەوە[٢] تاوەكو ئەمڕۆ هیچ زانایەكی موسڵمانانی لەگەڵیان

---

(١) قال ابن القيم رحمه الله في كتابه زاد المعاد (٥\٤٧٢): و الفقه تنزيل المشروع على الواقع . و ينظر : كتاب (البعد التنزيلي في التنظير الأصولي عند الإمام الشاطبي) تأليف : بلخير عثمان.

(٢) كان ظهور الخوارج ككيان قتالي منظم ضد عليٍ (رضي الله عنه) في شوال سنة (٣٧هـ) لما بايعوا عبدالله بن وهب الراسبي في بيته على قتال عليٍ (رضي الله عنه) . ينظر: الخوارج للغصن ص١٥ـ٣٤ . أما ظهور داعش و مبايعة أبو بكر البغدادي على قتال أهل السنة بعربهم و كردهم كما هو الواقع! فكان سنة (١٤٣٥هـ). ينظر: كتاب داعش العراق و الشام في ميزان السنة و الإسلام.

نەبووە[١]، بەڵکو زانایان یەکڕان لە دژایەتی کردنیان و هۆکاری دەرکەوتنیان زانایان بۆ لاوازی دەوڵەتی موسڵمانان و نەبوونی جیهاد دەگەڕێننەوە.

کەواتە تیرۆر بەناوی ئیسلامەوە دەکرێت، بەڵام ئیسلام نییە، هۆکارەکەی لاوازی موسڵمانان و دەوڵەتی موسڵمانانە، یان بە ناوی جیهادەوە دەکرێت بەڵام جیهاد نییە، هۆکارەکەی نەبوونی جیهادە کە ئەمڕۆ پێویستبوو لە بەرەیەکی گەورەی نێوان دەوڵەتانی موسڵماناندا خۆی پیشاندابا بە تەکنەلوجیایەکی پێشکەوتوو و هێزێکی شارەزا.

نەبوونی ئەم هێزە وادەکات، هەر چەند ساڵێك کەسێکی نەناسراو ببێتە خەلیفە[٢]! و ناحەزانی ئیسلام بیکەنە پاساو بۆ کوشتن و دەربەدەرکردنی خەڵکانی موسڵمان و وێرانکردنی گوندو شارەکانیان بە فروکە جەنگیەکانیان، هەروەك دەبینین.

---

(١) احتج على بطلان مذهبم ابن عباس (رضي الله عنهما) عند مناظرته لهم في خروجهم الأول: بأنه ليس معهم ـ أي الخوارج ـ أحد من أصحاب النبـي (صلى الله عليه وسلم) ! و هم ـ أي الصحابة ـ أعلم الناس بالكتاب و السنة! فبهتوا، و عاند من عاند. ينظر نص المناظرة في : مصنف عبد الرزاق(١٠\١٥٠رقم: ١٨٦٧٨) و السنن الكبرى لنسائي (٧\٤٧٩ رقم : ٨٥٢٢) و المعجم الكبير لطبراني (١٠\٢٥٧ رقم:١٠٥٩٨ط: حمدي السلفي) و مستدرك الحاكم(٢\٤٩٦ رقم:٢٧٠٣ط علوش) و غيرها.

(٢) و صدق الشاعر :

في كلِ عشرين سنة
يأتي إلينا نرجسيٌّ عاشقٌ لذاته
ليدعي بانه المهديُّ و المنقذُ
و الواحدُ و الخالدُ
و الحكيمُ و العليمُ و القديس
و الإمام....
في كل عشرين سنة
يأتي إلينا رجلٌ مقامرٌ

هەروەها ئەهلی نیفاق دەمی خۆی لە ئیسلام بکاتەوە، داعش و هاوشێوەکانیان لە خەوارجەکانی سەردەم بیکەنە پاساو بۆ بڵاوکردنەوەی شوبوهات دژی قورئان و ئیسلام، بۆیەش بە درێژایی مێژوو، سێگۆشەی (الخروج، النفاق، الكفر) گەورەترین ترسناکی بووە لەسەر ئاسایشی موسڵمانان، زۆرجار ترسناکی(خەوارجەکان ـ داعشی ئەمڕۆ ـ) لە ترسناکی (مونافقەکان) گەورەترە، هەروەها زۆرجار ترسناکی(مونافیقەکان) لە ترسناکی (کافرەکان) گەورەترە [١] !.

لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ محمد رسول ٱللَّهُ

ليرهن البلاد و العباد و التراث
و الشروق و الغروب
و الذكور و الإناث
الأمواج و البحر
على طاولةِ القمار
في كل عشرين سنة
يأتي إلينا رجلٌ معقدٌ
يحملُ في جيوبه أصابع اللغام....

(١) لشيخ الإسلام كلامٌ خطير في هذا الشأن تجده في (منهاج السنة ٥\٢٤٨) ننقله هاهنا لأهميته، قال رحمه الله: (...أنهم ـ أي الخوارج ـ شرٌ على المسلمين من غيرهم، فإنهم لم يكن أحد شراً على المسلمين منهم: لا اليهود ولا النصارى، فإنهم كانوا مجتهدين في قتل كل مسلم لم يوافقهم، مستحلين لدماء المسلمين و أموالهم و قتل أولادهم، مكفرين لهم، و كانوا متدينين بذلك لعظم جهلهم، و بدعتهم المضلة!) و ينظر: (مدارك النظر في السياسة بين التطبقات الشرعية و الإنفعالات الحماسية) لرمضاني ص٧١ـ٧٣.

تەوەرەی پێنجەم:

بەرزی خۆڕەوشتی جەنگاوەری موسڵمان، هۆکاری موسڵمانبوونی خەڵك بووە، نەك شمشێرەکەی.

باسمانکرد مەبەست لە جیهاد ئەوە نییە خەڵك بەزۆر موسڵمان بکرێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە پەردەڕەشەکان لابدرێن، تاوەکو خەڵك جوانی ئیسلام ببینێت. ئەمەش ڕاستییەکی بەڵگەنەویست دیاردەخات، کە خەڵك لەترسی شمشێر ئیسلامیان وەرنەگرتووە، کاتێك شمشێرەکە پەردە ڕەشەکانی بڕیوە، بەڵکو لەبەر خۆڕەوشتی خاوەن شمشێرەکە ئیسلامیان وەرگرتووە! چونکە ئیمان بە ڕەوشت بەرزی دەچێتە ناو دڵان، نەك بە زۆری و خۆ سەپاندن. بۆ ئەم مەبەستە لە سەر دوو خاڵ دەوەستین:

یەکەمیان: شاهێدی دانی خەڵکی بیانی و ڕۆژهەڵاتناسان (المستشرقین) لەسەر بەرزی خۆڕەوشتی موسڵمانان بەرامبەر خەڵکانی تر.

* مێژووناسی فەڕەنسی غوستاف لوبون لەباسی هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئیسلام دەڵێت: (مێژوو دەسەلمێنێت، کە ئایینەکان بە هێز ناسەپێنرێن، بۆیە ئیسلام بە شمشێر بڵاونەبووتەوە، بەڵکو تەنها بە بانگەواز بۆ پەیامەکەی، و تەنها بەم بانگەوازە گەلان ئیسلامیان وەرگرتووە، وەکو تورك و مەغول.

پەیامی قورئان هیندیشی گرتەوە لە کاتێکدا کە عەرەبەکان[1] لەوێ تەنها ڕێبوار بوون، بەڵکو هیچ سەربازێکی عەرەب چینی نەبینیوە، کەچی ئیسلامێکی زۆر لە وێ بڵاوبووتەوە)[2].

---

(١) ڕۆژهەڵاتناسەکان، وەکو نەریتێك وشەی (عەرەب) لە جیاتی (موسڵمان) بەکاردەهێنن!

(٢) حضارة العرب لغوستاف لوبون ص\١٢٨ـ١٢٩

*خاوەنی (قصة الحضارة) ول ديورانت دەڵێت: (مەسیحیەکان زۆر جار حوکمی موسڵمانانیان بە باشتر دەزانی لە حوکمی خۆیان)[١] و(ئەهلی زیمە لە مەسیحیەکان و زەردەشتییەکان و جولەکە و سابئییەکان، بە ئازادی و لێبوردەیی دەژیان لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئەمەوی، هاوشێوەی ئەمە لەناو مەسیحیەتدا ئەمڕۆ نابینرێت)[٢].

*مێژووناسی نەصرانی (هـ. سانت. ل. موس) لە کتێبەکەیدا: (میلاد العصور الوسطی) دەڵێت: (موسڵمانان و عەرەبەکان هاتنە ناو میسر بێ ئەوەی دڵوپێك خوێن بڕێژرێت، یان دیوارێك بڕۆخێنرێت، بەڵکو بە ئاشتی جڵەوی کاریان لە میسر گرتە دەست و لە میسردا خاوەن دەوڵەتێکی لێبوردەبوون، بەڵکو لێبوردەییەکی ڕەهایان لەگەڵ ئاینەکانی دیکەدا هەبوو، کە لەگەڵیان دەژیان بەرامبەر بەخشینی سەرانە[٣]، بەهێزیش بیروباوەڕەکانیان بەسەر خەڵکدا نەدەسەپاند، ئەمە وایکرد کە نەصرانییەکان وردە وردە موسڵمان بن .... ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەتی بیزەنتی کوشتارگەی بۆ جولەکەکان دادەنا، تاوەکو بە زۆر بیانکەنە نەصرانی.

پێشتریش هیرەقل ویستی بیروباوەڕی (ڕۆما) کە دوو سروشت بۆ مەسیح (علیه السلام) دادەنێن بەسەر نەصرانییەکانی میسر و شامدا بسەپێنێت، کە یەك سروشت بۆ مەسیح (علیه السلام) دادەنێن، و کاتێك ئەمەیان قەبوول نەکرد تووشی گەورەترین سزابوون، بۆیە نەصرانییەکانی ڕۆژهەڵات دڵیان پێخۆشبوو کاتێك موسڵمانان بەسەر لەشکری

---

(١) قصة الحضارة (١٣\٢٩٧).

(٢) قصة الحضارة (١٣\١٣١،١٣٠).

(٣) سەرانە(الجزیه) لە خەڵکی ئاینەکانی تر وەردەگیرێت بەرامبەر پارێزگاری لێکردنیان، و لەو زەکاتە کەمترە کە لە موسڵمانان وەردەگیرێت، هەروەك لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا باسی دەکەین ـ إن شاء الله ـ

(ڕۆما)دا سەرکەوتن، نەصرانییەکانی شامیش دەیانگوت ئەمە سزای ئاسمانە بۆ ستەمی (ڕۆما)...)[١] .

*کارێل ئارمسترونگ لە پەرتوکەکەی: (القدس ص٦٧١،...)دا دەڵێت: (بەدرێژایی مێژووی خوێناوی شاری قودس، ئەم شارە ئاشتی بە خۆیەوە نەبینیوە، دووجار نەبێ: جاری یەکەم کاتێك موسڵمانان بە سەرکردایەتی عومەری کوڕی خەتتاب فەتحیان کرد، و دووەم جاریش کاتێك موسڵمانان بە سەرکردایەتی صلاح الدين الأيوبي دووبارە فەتحیان کردەوە.... و ئەم شارە پیرۆزە جولەکە تەنها دوو جار توانیویەتی بێتەناوی بە بێ ڕێگری لە سەردەمی عومەر و سەردەمی صلاح الدين!)[٢] .

*(لیوتی)[٣] لە وەڵامی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەدا، کە بە خراپە باسی ئیسلامیان کردووە دەڵێت: (ئەگەر کەسانێك کە خاوەن ئاواتی خواروخێچن، نییەت پاك نین لە گواستنەوەی مێژوو، وابزانن کە ئیسلامەتی ئایینێکە هاندەدات بۆ تێکدان و دەمارگیری و فەوزا، ئەوا من وەکو کەسێك کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ موسڵمانان ژیاوم لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، بەوە نەوەستاوم کە ئیسلام تەنها لە خوێندنەوەی پەرتووکەکانەوە بناسم ، شاهێدی دەدەم، ئەوەی کەسانێکی ڕۆژهەڵاتناس بە خراپ لەسەر ئیسلام بڵاودەکەنەوە دوورە لە ڕاستی)[٤] .

---

(١) ينظر: ملتقى أهل الحديث و مقال : هل انتشر الإسلام بحد السيف.

(٢) المصدر السابق.

(٣) قال محمد كرد: ليوتي من أعظم رجال فرنسا الذين عرفوا الشرق معرفة حقيقية. ينظر: الإسلام والحضارة العربية (١\٣٩)

(٤) الإسلام و الحضارة العربية (١\٣٩). و ينظر: منه (١\٦٩ ـ ٧٨) و المزيد.

دووەمیان: خستنەڕووی چەند نمونەیەکی مێژوویی لەسەر ڕەوشت بەرزی جەنگاوەری موسڵمان.

أ ـ وەسیەتی أبو بکرالصدیق(رضي الله عنه) بۆ لەشکری ئوسامە (رضي الله عنه) :

ئەمە وەسیەتی یەکەم سەرکردەی موسڵمانە پاش مردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)کرابێت و پوختەی ئەدەبی جەنگاوەری موسڵمان دەخاتە ڕوو:

(أيها الناس، قفوا أُصيكم بعشرٍ فاحفظوها عني: لا تخونوا، و لا تَغُلُّوا، ولا تغدِروا، ولا تُمَثِّلوا، ولا تقتلوا طفلاً صغيراً، و لا شيخاً كبيراً، و لا امرأةً، ولا تعقروا نخلاً، ولا تحرِّقوه، و لا تقطعوا شجرةً مثمرة، و لا تذبحوا شاةً ولا بقرةً، ولا بعيراً إلا لمأكلة، و سوف تمرون بأقوامٍ قد فرَّغوا أنفسهم في الصوامع فدعوهم، و ما فرَّغوا أنفسهم له، و سوف تقدمون على قومٍ يأتونكم بآنيةٍ فيهاألوان الطعام، فإذا أكلتم منها شيئاً بعد شيء، فاذكروا اسم الله عليها، و تلقون أقواماً قد فحصوا أوساط رؤوسهم و تركوا حولها مثل العصائب فاخفقوهم بالسيف خفقاً)[1] .

واتە: (خەڵکینە بوەستن دە ئامۆژگاریتان لێ دەکەم کاریان پێ بکەن:

١ـ خیانەت مەکەن واتە: ڕاست بن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دوژمنانیشتان، نییەتتان پاك بێت بۆ خودا، لە سوننەت دەرمەچن ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَـٰنَـٰتِكُمۡ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾[2]

(١) تأريخ الطبري (٣\٢٢٦ ـ ٢٢٧). و كتاب أبو بكر الصديق لعبدالستار الشيخ ص٤٩٧ ـ ٤٩٨.

(٢) الأنفال: ٢٧.

٢ـ غلول مەکەن واتە: ئەگەر شەڕتانکرد و سەرکەوتن بەسەر دوژمنانتان، دەست بەناحەق بۆ غەنیمەی شەڕ درێژ مەکەن ﴿وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ ۚ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾[١]

٣ـ غەدر مەکەن واتە: ئەگەر لەگەڵ دوژمنانتان پەیمانتان بەست پەیمانشکێن نەبن ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ﴾[٢] .

٤ـ جەستەی کوژاروان مەشێوێنن واتە: بێ ڕێزی بەرامبەر لاشەی کوژراوی دوژمنان مەکەن((و لا تمثلوا))[٣].

٥ـ کوشتنی بەناحەق مەکەن واتە: ژن و منال و پیرەمێرد مەکوژن.((ما كانت هذه لتقاتل ـ قاله (صلى الله عليه وسلم) لما رأى إمرةً مقتولة في بعض مغازيه، ثم نهى عن قتل النساء ـ))[٤] .

٦ ، ٧ ـ کشتوکاڵ و پەلەوەر مەفەوتێنن واتە: تەنها ئەوەنەبێت کە بۆ پێویستی بەکاردێت ﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِىَ ٱلْفَـٰسِقِينَ﴾[٥] ((إن قامت على أحدكم القيامة و في يده فسيلة فليغرسها))[٦].

---

(١) آل عمران : ١٦١.

(٢) الأنفال: ٥٨.

(٣) أخرجه الترمذي (٣\٧٤ط بشار) و أصله في الصحيحين

(٤) أخرجه أبو داود(٤\٣٠٤ ط الأرنوؤط).

(٥) الحشر: ٥.

(٦) أخرجه أحمد (٢٠\٢٥١ ـ ٢٦٩ط المؤسسة).

٨ ، ٩ ، ١٠ ـ سێ جۆر خەڵك لە ڕێگاتاندا دەبینن:

* خەڵكانێك پشتیان لە دونیا كردووە، دوور لە خەڵك شیرك ئەنجام دەدەن، لایان وایە خوداپەرستییە، لێیان گەڕێن، چونكە ئەمانە شەڕی ئێوە ناكەن.

* خەڵكانێك پێشوازیتان لێدەكەن بە جۆرەها خواردن، ئەوكات خودا لە بیرنەكەن (بسم الله) بڵێن پێش خواردن.

* خەڵكانێك خۆیان ئامادەكردووە بۆ شەڕی ئێوە و وەستاندنی كاروانەكەتان، ئەمانە بیان تۆقێنن بە شمشێر، چونكە نابێت ڕێگری بەرامبەر ڕووناكی ئیسلام هەبێت ﴿ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾[1] .

ئەمە ڕەوشت بەرزی موسڵمانانە كاتی شەڕ، ئەی كاتی ئاشتی! و تەنها ئەم ڕەوشت بەرزییە ئیسلامی بڵاوكردەوە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای دونیا، نەك شتێكی تر.

ب ـ لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە تۆڵەسەندنەوە و هەڵوێستی (صلاح الدين الأيوبي) بەرامبەر نەصارای (بيت المقدس) پاش ئەوەی بەسەریاندا سەركەوت.

لە ساڵی(٤٩١هـ) خاچپەرستەكان شاری (قودس)یان داگیركرد، بە هەزاران موسڵمانیان بە دڕندەترین شێوە كوشت و ئافرەتەكانیان بە سەبایا بردن، پاش كەمتر لە سەد ساڵ لەم ڕووداوە، كە هەرگیز موسڵمانان لە بیری ناكەن، صلاح الدين فەتحی (قودس)ی كردەوە، خاچپەرستەكان داوای (ئەمان)یان كرد! صلاح الدين لە نێوان دانی (ئەمان) و تۆڵەسەندنەوە لە خاچپەرستان (ئەمان)یان پێدەبەخشێ، بەرامبەر سەرانەیەكی كەم، بیر لە تۆڵەسەندنەوەی جاران ناكات، بەڵكو لە خەڵكانێكی زۆری خاچپەرست دەبۆرێت لە

(١) التوبة: ٣٦.

سەرانەکە، و براکەی (الملك العادل) سەرانە بۆ دووهەزار خاچ پەرست دەدات، ئەمە لەگەڵ ڕێزگرتنێکی زۆر لە ئافرەتەکانیان[١]، و دەوڵەمەندەکانیان ماڵێکی زۆر لە زێڕ و کەرستەی گرانبەها لەگەڵ خۆیان برد، زۆر لە سەرکردە موسڵمانەکان داوایان لە (صلاح الدین)کرد، کە ڕێنەدات ئەم سەرمایە زۆرە لەگەڵ خۆیان ببەن، چونکە شەڕی موسڵمانانی پێدەکەنەوە، بەڵام (صلاح الدین) بەمە ڕازی نەبوو. بۆچی؟

محمد کرد علی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە :

(**كان يريد بما فعل تعليم الصليبيين درساً في مكارم الأخلاق و سماحة الإسلام**...) واتە: صلاح الدین ویستی بەمە وانەیەکی ڕەوشت بەرزی پیشانی خاچ پەرستەکان بدات، فێریان بکات کە ئیسلام چەند لێبوردەیە ...

بۆیە تاوەکو ئەمڕۆ، ئەورووپییەکان بەچاوێکی بەرزەوە تەماشای (صلاح الدین) دەکەن، کە سەرکردەیەکی ئیسلامە و قورئان دروستی کردووە، ئەم بینینەی ئەمڕۆی ئەورووپییە خاچپەرستەکان بۆ کەسایەتی(صلاح الدین)، ئیسلام لە ئەوروپا بڵاودەکاتەوە، نەك شمشێرە نازدارەکەی (صلاح الدین)، کە لەگەڵ جەنازەکەی نێژراوە[٢] ...

---

(١) هیچ پیاوێکی نەکوشت و هیچ ئافرەتێکی نەکردە کۆیلە! کەچی ئەگەر ئەمەی کردبا، ئەوا ئەوکات هاوکێشەکە لە نێوان موسڵمانان و خاچپەرستان لە قودس دەبووە یەك بەیەك!. بەڵکو مێژوو باس دەکات کەچەندین شاژنی ئەورووپی بە دارودەستە و سەرمایەی زۆرەوە ئازادکران و بەوپەڕی ڕێزەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەوان دەیان ویست. ینظر: خطط الشام (٢\٦٢) حیث ذکر محمد کرد بعضهن.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە صلاح الدین و براکەی الملك العادل هاو سوز بوون لە گەل دوژمنانی ئیسلام قال شیخ الإسلام: (و صلاح الدین ـ یعني الأیوبي ـ و أهل بیته ما کانوا یوادُّن النصاری، ولم یکونوا یستعملون منهم أحداً في شيء من أمور المسلمین أصلاً، و لهذا کانوا مؤیدین منصورین علی الأعداء مع قلة المال و العدد! و إنما قویة شوکة النصاری و التتار بعد موت العادل أخي صلاح الدین....) مجموعة الفتاوی(٢٨\٦٣٩)

(٢) قال بعض من دفنوه : سأضعُ سیفَك في كَفَنِك، و سیعرفك الله، فأنت سیفه! (من غلاف کتاب صلاح الدین بطل الإسلام تألیف جنڤیاڤ شوڤێل باللغة الفرنسیية) و ینظر: خطط الشام مبحث الدولة الصلاحیة (٢\٤٧ـ٧٢)

ج ـ بەرگریکردن لە خەڵکی ئاینەکانی دیکە و هەڵوێستی (شيخ الإسلام ابن تيميه) بەرامبەر ئەسیرەکانی نەصارا لە دەست تەتەرەکان.

ئەمەی خوارەوە چەند وشەیەکی (شيخ الإسلام ابن تيميه)ن لە نامەیەکیدا بۆ سرجواس شای قوبرس:

(... فإنا كنا نعامل أهل ملتكم بالإحسان إليهم و الذب عنهم، و قد عرف النصارى كلهم أني لما خاطبت التتار في إطلاق الأسرى، و أطلقهم غازان و قطلوشاه و خاطبتُ مولاي فيهم فسمح بإطلاق المسلمين، قال لي لكن معنا نصارى أخذناهم من القدس، فهؤلاء لا يطلقون، فقلتُ له بل جميع من معك من اليهود و النصارى الذين هم أهل ذمتنا فإنا نَفتكهم ولا ندعُ أسيراً، لا من أهل الملة و لا من أهل الذمة، و اطلقنا مِن أُسارى النصارى مَن شاء الله، فهذا عملنا و إحساننا و الجزاء على الله ...)[١].

(ابن تيمية ـ رحمه الله ـ) لەم چەند وشەیەیدا باس لەوە دەکات کە موسڵمانان بەوە ڕازینەبوون، تەتەرەکان تەنها ئەسیری موسڵمان ئازادبکەن، بەڵکو ئەمەیان قەبوولنەکرد، تاوەکو لەگەڵ ئەسیرە موسڵمانەکان ئەسیری نەصرانی و جولەکەش ئازاد بکرێن، چونکە موسڵمانان و ئەهلی زیمە[٢](نەصارا و جولەکە)، کە پێکەوە دەژین و پێویستە پێکەوە ئازاد بکرێن!.

---

(١) الرسالة القبرصية لشيخ الإسلام (ص٢١ ـ ٢٢)، و هي ضمن مجموعة الفتاوى(٢٨\٦٠١ ـ ٦٣٠)

(٢) و بلغ احترام المسلمين لأهل الذمة، ما ذكره ابن عساكر في سيرة ابن فاتك الذي شهد فتح دمشق، أنه تولى قسمة الأماكن بين أهلها بعد الفتح، فكان يترك الرومي في علو، و يترك المسلم في الأسفل لئلا يضر الذمي!. ينظر: الإسلام و الحضارة العربية لمحمد كرد علي (١\٤٠).

بەم خۆرەوشتە بەرزە و بە خامەی زانایانی ئیسلام خەڵك موسڵمان بووە و موسڵمانیش دەبن، نەك بە زەبری شمشێر!.

ئەمەی باسکرا لە نمونەی (صلاح الدين) و (ابن تيمية) و دەیان نمونەی دیکە، کە ڕەنگدانەوەی پەروەردەکردنی قورئانی پیرۆزە بۆ کەسانێك کە ئەگەر قورئان نەبووایە، کەس ناویانی نەدەزانی، و ئەگەر خودای پەروەرۆدگار ئەوانی نەکردبانە هەڵگری پەیامی قورئانی پیرۆز، ئەوا ملیونەها کەس تا ئیستاش لە تاریکستانی کوفردا دەژیان، بێ ئەوەی مانای ژیانیان بزانیبا.

زانینی مانای ژیانیش ڕاستی ئیسلامە و ناوەڕۆکەکەی ڕەحمەتکردنە بە مرۆڤایەتی، چونکە ئیسلام تاکە پرۆسەی چاکسازییە بۆ ناخی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتی. ئەم ڕاستییەی کە باسکرا لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە خۆڕەوشتی قورئان کە موسڵمانان هەڵیانگرتبوو، وەکو ڕەحمەتێك بە مرۆڤایەتی چ ئەم موسڵمانانە بازرگان بن، یان زانابن، یان جەنگاوەر....هتد. هەموو کات جێی شانازی ئەو خەڵکانەن کە لەسەر دەستیان موسڵمان بوون و بە خۆڕەوشتی ئەوان ئیسلامیان بینیوە، ئەمە ڕاستییەکە واقیع شاهێدی بۆ دەدات، بەڵکو یەکەم کەس دانی پێنابی گەورەزانا و سەرکردەی خاچپەرستان: قەیسەری ڕۆم (هرقل)بوو، کاتێ پرسیاری خۆڕەوشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە (أبوسفيان) دەکات، بۆی دەردەکەوێت کە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) مرۆڤێکی ڕەوشت بەرزە و پەیامەکەی ڕەوشت بەرزییە ، بە (أبو سفيان) دەڵێت: (**فإن كان ماتقوله حقاً فَسَيَملِكُ موضِعَ قَدَميَّ هاتين... فلو كنتُ أعلم أني أخلصُ إليه لَتَجَشَّمْتُ لقاءهُ، و لو كنتُ عندهُ لغسلتُ عن قدميه...**)[1] واتە : ئەگەر

(١) صحيح البخاري (١\٩ ط :استنبول).

ئەوەی تۆ باستکرد لە وەڵامی پرسیارەکانمدا ڕاست بێت، ئەوا جێی پێیەکانم دەگرێت، ئەگەر بمزانیبا پێم دەکرێت، هەموو شتێکم دەکرد بۆ بینینی ئەو، ئەگەر ئێستا لای ئەو بام هەردوو پێیەکانی ئەوم دەشوشت!.

ئەو دانینا بە ڕاستییەکەی، بەڵام شوێنی نەکەوت، ئێمەش دوعا و نزا بۆ گشت مرۆڤێك دەکەین، کە دان بەڕاستی ئیسلام بنێت و شوێنی بکەوێت، ئەگەر ئەمڕۆ دوژمنی ئیسلام بیت، سبەی ببێتە دوست و لایەنگر و بانگخواز بۆ ئیسلام....آمین.

پرسیاری دووەم:

ئایا وەرگرتنی سەرانە لە جولەکە و نەساراو مەجوسەکان، بەپێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز[1] و فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)[2] خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ناعەدالەتی کۆمەڵگای موسڵمانان نییە؟ ئایا ئەمە پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی نییە لە ناو کۆمەڵی موسڵمانان و دەوڵەتەکەیان؟

---

(١) ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ﴾ (التوبة:٢٩).

(٢) كان رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يوصي أمراء جيشه عند الغزوات بأن يأخذوا الجزية عمن أبى الإسلام، فإن أبوا الإسلام و الجزية كانت القتال، أما نصوص الأمر بالقتال دون ذكر الجزية فهي محمولة على قبل نزول سورة التوبة، و الجزية من حيث الجملة ليست من المسائل الخلافية بل انعقد عليها الإجماع نقله غير واحد من أئمة الإسلام . ينظر: أدلة ذلك في صحيح مسلم (١٣٥٦ـ١٣٥٨)، و المغني لإبن قدامة(٨\٤٩٥)، الموسوعة الفقهية الكويتية (١٥\١٥٦ـ ١٥٧). و هناك إجتهادات معاصرة تنحوا و تميل إلى إنتهاء مفعول هذا الحكم الشرعي! مستدلين ببعض الشبهات لا تستحق الذكر، تجدها مع الجواب عليها في كتاب : (المصالحات و العهود في السياسة الشرعية ص٢١٢ ـ ٢٢٢ ط دار طيبة) إعداد: محي الدين إبراهيم عسى.

وەڵام:

بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستیمان بە خوێندنەوەیەکی مێژوویی هەیە، ئەویش بە دوو تەوەرە :

یەکەمیان: سەرانە(الجزیە) کە بریتییە لە بڕێك پارە لە کەسانی کافر وەردەگیرێت ـ بێجگە لە ژن و منال و بێچارە هەژارانیان ـ کە لە ناو موسڵماناندا دەژین، ، لە جیاتی پاراستنیان و بەرگری لێکردنیان[١]، زانایانی ئیسلام ئەم حوکمە شەرعیە بە چەندین شێواز پێناسەی دەکەن، کە مانای لەوەی باسمانکرد دەرناچێت[٢]، بە پێی ئەم پێناسەیەش لە چەند حالە تێکی تایبەتدا حکومی سەرانە لەسە پەکدەکەوێت لەوانە:

١ ــ هەرکاتێك موسڵمانان نەیانتوانی بەرگری لە شارو دێهاتی ئەم کافرانە بکەن لە مەترسی دەرەکی، بۆیان نییە سەرانەیان لێوەربگرن، بەڵکو پێویستە ئەوەی لێیان وەرگرتووە بۆیان بگەڕێننەوە.

شاهێدی مێژوو لەسەر ئەمەی باسمانکرد:

(سەرکردەی موسڵمانان : أبو عبیدە بن الجراح [٣]، کاتێك سوڵح لەگەڵ خەڵکی شام دەکات لەسەر جزیە و ئەوانیش وەفاداری موسڵمانان دەبینن لەگەڵیان، پاڵپشتی

---

(١) نص القرافي و ابن حزم على أن من حق حماية أهل ذمتنا إذا تعرض الحربيون لبلادنا، و قصدوهم في جوارنا أن نموت في الدفاع عنهم... (الإسلام و حضارة العربية لمحمد كرد علي ١\٤١).

(٢)

(٣) قال الذهبي مفتتحاً بترجمته كتابه (سير أعلام النبلاء): عامر بن عبدالله بن جراح ...أحدُ السابقين الأولين...شهد له النبي (صلى الله عليه وسلم) بالجنة و سماه أمين الأمة! (١\٣ـ٢٦ ط: المعارف ـ ذخائر العرب ١٩ ـ بتحقيق صلاح الدين المنجد و تصدير طه حسين و ١\٢٣ ط: مؤسسة الرسالة بتحقيق شعيب الأرنؤط وحسين الأسد و تقديم بشار عواد) وفي ترجمته أنه شهد بدراً و قتل يومئذ أباه! وسكت عن هذا الخبر هؤلاء المحققين العمالقة! وهذا خبرٌ منكر كما حرره الحافظ ابن حجر في (تلخيص الحبير ٤\١٠٢ رقم : ١٨٥٩ ط: السيد

موسڵمانان دەکەن دژ بە ڕۆمەکان، ئەویش بەناردنی جاسوس بۆ ناو ڕۆمەکان و گواستنەوەی هەواڵە نهێنییەکانی جەنگ بۆ سەرکردەی موسڵمانان (أبو عبيدة بن الجراح ـ رضي الله عنه ـ) لە ڕێگای ئەو میرانەی کە (أبو عبيده) لەسەر شار و دێهاتەکانیان داناون.

جارێکیان هەواڵەکان زۆر ترسناك دەبن، لە گشت ئەم شار و دێهاتانە هەواڵ بۆ سەرکردەی موسڵمانان بەڕێدەکرێت، کە ڕۆم بەهێزێکی یەکجار زۆر لە ئامادەباشیدایە کە ئەم شار و دێهاتانەی شام بە زەبری هێز بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

(أبو عبيدة ـ رضي الله عنه ـ) کاتێك دەزانێت بەرگریکردن لەم شار و دێهاتانە زۆر قورسە، پێش شەڕکردن فەرمان بەمیرەکانی دەکات، کە ئەو سەرانەیەی لە خەڵکی ئەم شار و دێهاتانە وەرگیراوە بۆیان بگەڕێنرێتەوە، کاتێك خەڵکەکە ئەمە دەزانێت، دەست بە پاڕانەوەدەکەن لە خودا، کە موسڵمانان بە سەر ڕۆمدا سەرکەون! شەڕەکە ڕوودەدات موسڵمانان سەردەکەون، هەواڵی سەرکەوتنەکە و دادپەروەری موسڵمانان بە شارو دێهاتەکانی تری شام دەگات، دەبێتە هۆکارێك لە هۆکارە گەورەکانی ئاشنابوون و ئاشتبوونی کافرەکانی ئەم شار و دێهاتانە، لەگەڵ ئیسلام و موسڵمانان)[(١)] .

عبدالله هاشم اليماني و ٦\٢٩٠٠ ـ ٢٩٠١ رقم : ٦١٣٤ ط أضواء السلف) و ذكر عن الواقدي أن والد أبو عبيدة مات قبل الإسلام!.

ذكرنا ما ذكرنا لبيان أن الإرث التأريخي للأمة لايزال بحاجة إلى مزيد تحقيق.

(١) كتاب الخراج للقاضي أبي يوسف يعقوب بن إبراهيم صاحب الإمام أبو حنيفة (ص١٣٩ـ١٤٠ بإختصار). و هذا الكتاب إقترح على أبو يوسف إنشاءه و تصنيفه كبير ملوك الأرض في عصره : هارون الرشيد أمير المؤمنين.

و ينظر : شرح كتاب الخراج الموسوم بـ(فقه الملوك و مفتاح الرِتاج المرصد على خزانة كتاب الخراج) تأليف: عبد العزيز محمد الرحبي(٢\١٨٧ ـ ١٩٧ط: الأوقاف العراقية) و ينظر أيضاً: الإسلام و الحضارة العربية لمحمد كرد على (١\٤٠).

٢ ــ ئەگەر کەسێك کە سەرانەی لە سەردەکەوێت، ویستی لە لەشکری موسڵماناندا بەشداری بکات و بە ئەرکی سەربازی خۆی هەڵسێت لە بەرگری کردندا، ئەوا سەرانەی لێ وەرناگیرێت.

شاهێدی مێژوو لەسەر ئەمەی باسمانکرد:

عوتبەی کوری فەرقەد کە سەرکردەیەکی موسڵمانە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا(رضي الله عنه)، لە پەیمانەکەیدا لەگەڵ ئەهلی ئازربیجان،پاش سەرکەوتنی بەسەر بەهرام فرخزازی فارسیدا، بە موسڵمانان ڕادەگەیێنێت، کە پاش ئەم سەرکەوتنە لەگەڵ ئەهلی ئازربیجان ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی هەر کەسە لەوانەی کە سەرانەیان لەسەر دەکەوێت بە پێی توانی خۆیان پێویستە سەرانە بدەن، و هەرکەسێکیش لەمانە ویستی لە ساڵێکدا لەگەڵ لەشکری موسڵمانان بەشداری جیهاد بکات ئەوا لەو ساڵەدا سەرانەی لێ وەرناگیرێت[١] .

(١) وهذا نص معاهدة عتبة بن الفرقد مع أهل أذربيجان كما نقله الطبري في تأريخه (٤\١٥٥ ط محمد أبو الفضل إبراهيم): ((بسم الله الرحمن الرحيم هذا ما أعطى عُتبة بن فرقد عامل عمر بن الخطاب أمير المؤمنين أهلَ أزربيجان ـ سهلها و جبلهاو حواشيهاو شفارها و أهل مللها ـ كلهم الأمانَ على أنفسهم و أموالهم و مللهم و شرائعهم، على أن يؤدوا الجزية على قدر طاقتهم، ليس على صبيٍ ولا إمرأةٍ ولا زِمنٍ ليس في يده شيءٌ من الدنيا، و لا متعبدٍ متخلٍ ليس في يده من الدنيا شيء، لهم ذلك و لمن سكن معهم، و عليهم قرى المسلم من جنود المسلمين يوماً و ليلة و دلالته، و من حُشِرَ منهم في سنةٍ (أي: شارك في قتال) وضع عنه جزاء تلك السنة، و من أقام فله مثل ما لمن أقام، ومَن خرج فله الأمان حتى يلجأ إلى حِرزه. و كتب جندب و شهد بكير بن عبد الله الليثي و سماك بن خرشة الأنصاري ، و كتب سنة ثمان عشرة)) .

دووەمیان: ئەم سەرانەیە(الجزیه) لە زەکاتی موسڵمان کەمترە[1] و کەسێکی أهلی زیمە ئەگەر هەژاربێت لێی وەرناگیرێت، بەڵکو دەوڵەتی موسڵمانان بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەخێوی بکات و سەرپەرشتیشی بکات، نەك سەرانەی لێ وەربگرێت!

شاهێدی مێژوو لەسەر ئەمەی باسمانکرد:

عمر(رضي الله عنه) هەژارێکی پیری نابینا لە کۆڵانەکانی مەدینە دەبینێت، کە سوالّ دەکات، ئەویش ملی دەگرێت پێی دەفەرمێت : توکێی؟! بۆچی سوالّ دەکەیت؟! هەژارەکەش دەفەرمێت: جولەکەم و خاوەن پێویستیم و پێویستە سەرانەش بدەم، بۆیە سوالّ دەکەم!

---

(١) وفي ذلك رد على من زعم أن ترك الملل لدياناتهم في الدولة الإسلامية و إعتناقهم للإسلام ماكانت بسبب إعتقادهم بصحة الدين الجديد بل كان هروباً من الجزية! ... فتدبر تناقضات أعداء الإسلام فعلى حد قولهم هربوا من تكاليف الجزية إلى تكاليف الزكاة و الكفارات وهي أكثر! أضف إلى ذلك هؤلاء الذين يطعنون في القرآن لإن فيه حكم الجزية على غير المسلمين يتغافلون عن العهد القديم و الجديد و فيها حكم الجزية أيضاً! وللمزيد ينظر: إنتشار الإسلام في كردستان دراسة تأريخية تحليلية ص٢٤ ـ ٢٧ لدكتور أحمد ميرزا ميرزا.

و شهادات أهل الكتاب و غيرهم من الملل تشهد للإسلام بما ذكرنها من تلك الشهادات:

شهادة لورافيشيا فاغليري حول المعاهدات التي وقعها المسلمون مع الذميين، قالت : الإتفاقيات التي وقعها المسلمون مع الشعوب التي تعيش معهم (الذميين) منحت تلك الشعوب حرية الإحتفاظ بأديانها القديمة و تقاليدها القديمة، شرط أن يدفع الذين لايرضون الإسلام دينا ضريبة عادلة إلى الحكومة تعرف بالجزية ، لقد كانت هذه الضريبة أخف من الضرائب التي كان المسلمون ملزمين بدفعها إلى حكوماتهم نفسها، وقابل ذلك ، منح أولئك الرعايا "المعرفون بأهل الذمة" حماية لا تختلف في شيء عن تلك التي تمتعت بها الجماعة الإسلامية نفسها ، ولما كانت أعمال الرسول والخلفاء الاشدين قد أصبحت فيمابعد قانونا يتبعه المسلمون ، فليس من الغلو أن تصرَ على أنَ الإسلام لم يكتف بالدعوة إلى التسامح الديني ، بل تجاوز ذلك ليجعل التسامح جزءاً من شريعته الدينية .

عمر(رضي الله عنه) دەستی دەگرێت و پێویستییەکانی بۆی خەرج دەکات، فەرمان دەکات هەرکەس وەکو ئەم جولەکەیە بێت لە ئەهلی زیمە، نابێت سەرانەیان لێ وەربگیرێت، بەڵکو پێویستییەکانی ژیانیان لە (بیت المال) بۆیان دابین دەکرێت[١].

ئەگەر ئەم ڕەوشت بەرزییەی موسڵمانانمان زانی سەبارەت بە سەرانە (الجزية)، کە حوکمێکی شەرعییە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سەرانە یەکێك بووە لە گەورەترین هۆکارەکانی موسڵمانبوونی ئەهلی زیمە، چونکە لەڕێی وەرگرتن و وەرنەگرتنی سەرانە، موسڵمانان توانییان جوانترین خۆڕەوشت بە جولەکەو نەصارا و مەجوس و صابئی ....هتد پیشانبدەن[٢].

(١) الإسلام و الحضارة العربية (١\٤٠). وقال ول ديورانت في موسوعته قصة الحضارة: (و يعفى منها- أي الجزية - الرهبان، و النساء، و الذكور الذين هم دون البلوغ ، و الأريقاء، و الشيوخ، و العجزة و العمى، و الشديد الفقر). ينظر: إنتشار الإسلام في كردستان ص٢٦ لدكتور أحمد ميرزا ميرزا.

(٢) قال القرافي في الفروق(٣\٢٣): (إن قاعدة الجزية من باب إلتزام المفسدة الدنيا لدفع المفسدة العليا و توقع المصلحة، و ذلك هو شأن القواعد الشرعية. بيانه: أن الكافر إذا قتل انسدت عليه باب الإيمان، و باب مقام سعادة الإيمان، و تحتم عليه الكفر و الخلود في النار، و غضب الديان، فشرع الله الجزية رجاء أن يسلم في مستقبل الأزمان، لا سيما بإطلاعه على محاسن الإسلام). و ينظر : الموسوعة الفقهية الكويتية (١٥\١٣) مبحث (الجزية وسيلة لهداية أهل الذمة).

شەڕە بوختان بە ئەهلی ئیسلام،

ناڕاستی و ناپاکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زانستیدا

هێزی زانستی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) وای کردووە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام زانستیانە شتێکی ئەستەم بێت لای ناحەزانی ئیسلام، بۆیە دەبینین زیاتر پەنا بۆ چەواشەکردن دەبەن بە ڕێگای چەواشەکار، لە گەورەترین قەلغانەکانیان لەم بارەیەوە دەستگرتنیانە بە چەند هەڵەیەك لە مێژووی موسڵماناندا، وەکو بەهەڵە بەکارهێنانی میرێك یان سەرکردەیەك، یان زانایەك بۆ دەقێکی شەرعی، تاوەکو لە ڕێگای هەڵەی میرەکە، یان سەرکردەکە، یان زاناکەوە هێرش بکەنە سەر دەقە شەرعییە پیرۆزەکە، و لە ڕێگای دەقە شەرعییەکەوە ـ کە بە هەڵە لێك دەدەنەوە ـ سەرچاوەکەی چەواشە بکەن و بیشێوێنن، بێ ئەوەی جیاوازی بکەن لە نێوان هەڵەی میرێك یان سەرکردەیەك یان زانایەك، کە بە هەواو هەوەسی خۆی چەند دەقێکی شەرعی وەکو پاساو بۆ شەرعییەتدان بە هەڵسوکەوتە ناشەرعییەکانی بەکاردێنێ، لەگەڵ ڕاست تێگەیشتنی دەقە شەرعییەکە، وەکو چۆن پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) و لە پاشان خەلیفە ڕاشدینەکانی (رضي الله عنهم) لە پاشان زانایانی ئوممەت تێگەیشتوون و کاریان پێکردووە لە کات و ساتی پێویستی کارپێکردن. بەمە زوڵم و ستەمی خۆیان دەنوێنن بەرامبەر سەرچاوەکانی شەریعەت، بەم ڕێگایە ناپاکە! ئەمە لە کاتێکدا هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێت بەهەڵە بەکارهێنانی دەق، هەڵەی بەکارهێنەرە نەك هەڵەی خاوەن دەقەکە!

بەڵام جێی مەبەست لەم بابەتەدا ئەمە نییە، چونکە زۆر جار زوڵم و ستەم تەنیا لە دەقە شەرعییەکە نەکراوە بە پاساوی هەڵەی موسڵمانێك، بەڵکو زوڵم و ستەم لە خودی موسڵمانەکە کراوە بە بوختان، ئێمەش وەکو بەرگرییەك لە ئیمانداران ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ﴾[١] دوو نمونە دەخەینە ڕوو:

یەکەمیان: بوختانکردن بە (أبو بكر الصِّديق ـ رضي الله عنه) کە کەسێکی بە ئاگر سووتاندووە!

ئەم هەواڵە لە کتێبی (فتوح البلدان ١\١٤٤)ی ئیمامی بلازری (١٨٥ ـ ٢٧٩ هـ) و (تأريخ الرسل و الملوك ٣\٤٢٩ـ٤٣٠)ی ئیمامی طبري(٢٢٤ ـ ٣١٠ هـ) دا هاتووە، بەڵام هەردووکیان (بلاذري و طبري) بە (سَنَد)[٢] هەواڵەکەیان گواستووتەوە، تاوەکو خوێنەریان بزانن کە هەواڵەکە دوورە لە ڕاستی، چونکە لە ڕێگای کەسێکەوە بەناوی (عُلوان بن داود) گواستراوەتەوە، کە جێی متمانە نییە لە گواستنەوەی هەواڵەکان لای زانایانی ئیسلام، بەڵکو تۆمەتبارە بە بەدڕەوشتی و دزیکردن[٣] ! و لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا قسەی زانایانی ئیسلام لە سەری دەبینرێت [٤] .

---

(١) الحج: ٣٨

(٢) (سند) بریتییە لە ڕێزبەندی ئەو کەسانەی هەواڵ دەگێڕنەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئیسلام، زانایانی پێشین بۆ پاکڕاگرتنی کتێبەکانیان لە هەواڵی نادروست (سند)یان بەکاردەهێنا، کە لەڕێی (سند)ەکەیەوە بە خوێنەرانیان دەڵێن هەواڵەکە ڕاستە یان هەڵەیە. دەیان فەرموو: ئەوەی (سند)ی باس کرد، ئەوا گەردەنتازایی وەرگرت لە گێڕانەوەی هەواڵ (من ذكر السند فقد بريئت ذمته) و ينظر : مقدمة صحيح مسلم و السلسلة الضعيفة(١١\٨١٥) .

(٣) ليس المراد سرقة الحديث كما هو في علم المصطلح بل كان سارقاً بمعنى السرقة المتبادر!

(٤) من أقوال أهل العلم في علوان بن داود:

دووەمیان: بوختانکردن بە (عمر بن الخطاب ـ رضي الله عنه) کە کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی سووتاندووە!

کتێبخانەی ئەسکەندەریە، لە پێش زایین لە لایەن (بتلمیوس)ەوە دامەزرابوو، کوڕەکەی (فیلادلفوس) گەورەی کردبوو تەواوی کردبوو، بەڵام لە ساڵی(٤٨پ.ز) بەدەستی (یولیوس القیصر) سووتێنرا، لە پاشان ئاوەدانکراوەتەوە، تاوەکو لەساڵی (٣٨٩ ز) بە فەرمانی قەشە (سیوفیلوس) سووتێنراوەتەوە.

لە فەتحی ئیسلامی (٢١ هـ) بۆ ئەسکەندەرییە هیچ شتێك بەناوی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە نەبووە، بە درێژایی شەش سەدە هیچ مێژوونووسێکی ئیسلامی یان نا ئیسلامی باسی لە کتێبخانەیەك نەکردووە کە لە ئەسکەندەرییە هەبێت!

تاوەکو مێژوونووس عبداللطیف البغدادي (لەساڵی ٦٢٩هـ) کۆچی دوایی کردووە هەواڵێکی بێ بنەما لە کتێبەکەیدا (الإفادة و الإعتبار) بڵاودەکاتەوە، تیادا هاتووە،

---

* قال العقيلي (ت: ٣٢٢هـ) (الضعفاء ٥\٤٠ ـ ٤٤ ط السرساوي): عُلوان بن داود و يقال علوان بن صالح : لايتابع على حديثه، و لا يعرف إلا به ....و أخبرنا يحيى بن عثمان أنه سمع سعيد بن عفير يقول: كان علوان بن داود زاقولِيّاً من الزَّواقيل. أ هـ والزاوقيل: اللصوص كما في تاج العروس مادة (ز ق ل). و سعيد بن عفير هذا الذي اتهم علوان باللصوصية قال فيه الدارقطني (العلل ١\٢١٥ ط طيبة): سعيد بن عفير من الحفاظ الثقات.

* قال البخاري (ت ٢٥٦ هـ) صاحب الصحيح : علوان بن داود البجلي و يقال علوان بن صالح: منكر الحديث (الضعفاء للعقيلي ٥\٤٠)(ميزان الإعتدال ٥\١٣٥ ط العلمية) (لسان الميزان ٥\٤٧٢ ط أبو غدة).

* و ذكر ابن شاهين (ت: ٣٨٥ هـ)في كتابه (تأريخ أسماء الضعفاء و الكذابين ص١٣١ ت: القشقري) إنه سُئل أحمد بن صالح عن حديث علوان الذي بصدد حرق أبو بكر الصديق (رضي الله عنه) لبعضهم فقال: هذا الحديث موضوعٌ كذب لا ينبغي أن يكتب و لا يقرأ و لا يحدث به. و كأني رأيت علوان عنده متروكاً هو و حديثه، و قال هذا باطلٌ موضوع.

کە عومەری کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) فەرمانی بە عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنه) کردووە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بسووتێنێت!

ڕۆژهەڵاتناسەکان پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەیشتنە ئەوەی کە ئەمە هەڵەیە و ئەسکەندەرییە هیچ کتێبخانەیەکی لێنەبووە کاتی فەتحی ئیسلامی، دانی تۆمەتی سووتاندنی کتێبخانەیەکی وا بە عومەری کوڕی خەتتاب و عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنهما)کارێکی بێ بنەمایە... لە ئەنجامی هەندێك لێکدانەوەی هەڵە دروستبووە، کە بەدرێژایی باسیان لێوەکردووە[1] لێرە دووبارەکردنیان پێویست نییە.

پوختەی ئەوەی باسکرا دوو هەنگاوی ناپاکی شەڕی دژی ئیسلام دێتە بەر چاومان:

یەکەمیان: ژماردنی هەڵەی موسڵمانێك لە سەر ئیسلام!

دووەمیان: بوختانکردن بە موسڵمانێك لە پاشان ژماردنی بوختانەکە بە سەر ئیسلام ـ کە بابەتەکەمانە ـ!

بەڵام ئەمڕۆ و لەم شەڕە ناپاکەدا دژ بە ئیسلام هەنگاوی سێهەمیشی دەبینین، ئەویش کاتێ دەبینین دەستەیەکی شەڕانگێزی، وەکو داعش خەڵك دەسووتێنێت و موزەخانەکان کاوڵدەکات، دەڵێن: ئەمە فەرهەنگی ئیسلامە! فەرهەنگی (أبوبکر)ە کە خەڵکی دەسووتاند! فەرهەنگی(عمر)ە کە فەرمانی بە سووتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەریەی کرد! بەڵام ئەمە لە ڕاستی دوورە، ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئەمە فەرهەنگی ئەودەستانەی هەواڵگەرییە کە لە پشت داعش و خەوارجەکانن، بیری توندوتیژی خاچ پەرستە ئەوروپی و ئەمریکیەکان هەڵدەگرن کە لە ڕۆژگاری دوێنی ژن و منداڵی ئەندەلوسیان دەسووتاند، ئاهنگیان دەگێڕا بە بۆنەی سووتاندنی کتێبخانەکانیانەوە! بە ناوی ئاینی

(١) ينظر: أسباب سوء النقل للخبر في مجلة المجمع اللغوي الدمشقي (٤\٤٦٤ ـ ٤٦٧)

عیسی (علیه السلام)! و لە ژێر دروشمی خاچ پەرستی و شەڕی پیرۆز (الحرب المقدسه)دا! و بە بڕیاری دەزگافەرمییەکانی ئەوکات لە ئاستی پاپای ڤاتیکان[1] ئەم تاوانانەیان ئەنجامدەدا بە شێوەیەکی فەرمی.

کەچی ئەمڕۆ هیچ دەزگایەکی فەرمی ئیسلامی نییە، بڵێت داعش و هاوشێوەکانی نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن یان جیهاد دەکەن، یان لەسەر ڕێبازی (محمد)ن (صلی الله علیه وسلم)، بەڵکو گشتیان هاودەنگن لەگەڵ ئەوەی کە داعش و هاوشێوەکانی دەزگای

---

(١) قال محمد كرد علي (الإسلام و الحضارة العربية ١\٢٧٠) : (لما أراد الإفرنج القضاء على الدولة الموحدة بالأندلس (٦٠٥ هـ) **نادى البابا بالحرب المقدسة** فخفت جيوش النصرانية من إيطاليا و فرنسا و ألمانيا و اتحدت قواتها بإسبانيا و تم للإسبان ما أرادوا)

وقال في سياق كلامه عن مدينة المسلمين في الأندلس (الإسلام و حضارة العرب ١\٢٦٧): (... و منذ سنة ١٤٩٩م بدأ عهد الإضطهادات، فاخذوا ـ أي الإسبان ـ يُعَمَّدون أبناء العرب بقوة، مدعين أن العرب كانوا نصارى، و سيقوا إلى ديوان التحقيق الديني فأحرق منهم من استطاع أن يحرقه، و سار هذا العمل ببطء للصعوبة في إحراق عدة ملايين أنفس. فاقترح الكردينال رئيس الأساقيفة لتطهير أرض أسبانيا من العنصر العربي ـ و كان هذا الكردينال الحاكم المتحكم في ديوان التحقيق في المملكة من كبار أهل الصلاح و التقوى! ـ أن يقتل بالسيف جميع العرب الذين لم يدينوا بالنصرانية في جملتهم النساء و الأطفال.

و كان الدومنيكي بليدا أشدُّ قسوة، فقضى أن يقتل العرب بدون استثناء، لأنه رأى أنه لايتأتى أن يعلم إذا كان جميع المهتدين هم نصارى في قلوبهم، و لاحظ و هو على حق فيما يلاحظ أنه من السهل على المولى (الله) أن يميز في الدار الآخرة بين من يستحقون عذابه ومن لا يستحقون!

يقول فولتير: لما فتحت العرب إسبانيا لم يرغموا قط النصارى الوطنيين على إنتحال الإسلام، و لما استولى الإسبان على غرناطة أراد الكردينال كسيمنس ان يُنَصِّر كل العرب، دفعته إلى ذلك الغيرة الدينية، أو طموح إلى إنشاء شعب جديد يخضع لصولته، و أرغم خمسين ألف عربي على أن يحملوا رمز دينٍ لايؤمنون به....).

و قال الدكتور عبد الرحمن الحجي في كتابه(الكتب و المكتبات في الأندلس ص٢٠٣) متحدثاً عن حال المكتبات الإسلامية بيد الإسبان: و الوسيلة التي اتُّبعت في الكتب هي الحكم بالإعدام الذي أصدره رئيس الكنيسة الإسبانية المطران فرانسيسكو خمنس دي ثسنيروس سنة ١٥٠٠م وكان الأمر جمع كل ما يمكن من الكتب في رحبة ـ ساحة ـ باب الرملة أكبر ميدان في غرناطة و احتفل بإحراقها في حفل من أعمال الإيمان!)

ناشەرعین و هزری بەکافردانانی موسڵمانانن، بۆ دژایەتی ئیسلام بەکاردێنن بەناوی ئیسلام.

ئەمە لەگەڵ ڕێزێکی زۆر بۆ هەر ئینسانێکی ئەوروپی یان ئەمریکی یان هەر ئینسانێك هەر ڕەگەزێك بێت، کە بە چاوی ئینصاف تەماشای مێژووی ئینسانیەت بکات، پرسیار لە خۆی بکات ئایا کەی زیاتر خوێنی ئینسانیەت ڕژاوە؟ بەتایبەت خوێنی ئافرەت و منداڵ کاتێ موسڵمانان حوکمیان دەکرد؟ یان کاتێ موسڵمانان دوورکەوتن لە مەیدانی حوکمکردن؟ جلەوی دونیا کەوتەدەست ئەوانەی کە لەم سەدەیەدا دەیان بینین کە پاش دوو جەنگی گەردوونی، توانییان چ کۆمەڵکوژییەك لە بۆسنە و هێرسك ئەنجام بدەن لە پاشان ئەفغانستان و عێراق و شام کاوڵ بکەن[1] ....؟!

ئەمە بەردەوامی شەڕی تیرۆرە دژ بە ئیسلام و بەردەوامی شەڕێکە کە پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ﴾[2] واتە: (شەڕی کوفر دژ بە ئیمان بەردەوام دەبێت لە پێناو لادانی ئەهلی ئیمان لە ئیمانەوە بۆ کوفر! ـ واتە : بابەتەکە ئابووری نییە ـ) و دەفەرمێت: ﴿وَإِن يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ لَا يَرۡقُبُواْ فِيكُمۡ إِلّٗا وَلَا ذِمَّةٗۚ﴾[3] واتە: (ئەگەر کافرەکان پێتان وێران، ئەوا ئەوکات نە خودا دەناسن، نە پەیمان دەپارێزن، ئەوەی ستەم بێت بەرامبەرتان ئەنجام دەدەن). ئەوەی ئەمڕۆش دەبینرێت لە ڕژانی خوێنی موسڵمانان، ئەو دیمەنانەن کە ئەم دوو ئایەتە پێش زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ ئاماژەیان بۆ کردووە.

---

(١) لمزيد بيانٍ بهذا الصدد ينظر: كتاب ماذا خسر العالم بإنحطاط المسلمين لندوي ـ رحمه الله ـ.

(٢) البقرة :٢١٧.

(٣) التوبة: ٨.

سێیەمیان: بوختانکردن بە (ابن تیمیة ـ رحمه الله) کە لە بابەتی (الأسماء و الصفات) خالق بە مەخلوق دەشوبهێنێ !.

گەڕیدەیی و گەڕیدەکان و نووسراوەکانیان، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە شتێکی بەرچاو نین، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکی گەورەی کلتۆری مرۆڤایەتین. لە ناو ڕۆشنبیرە موسڵمانەکان ئەگەر باسی گەڕیدەیی کرا، ئەوا یەکەم بابەتی باسەکە (ابن بطوطة)[١] یە، کە لە ماوەی گەشتێکی بیست و حەفت ساڵیدا (١٣٢٥ ـ ١٣٥٢م) ، لە ڕۆژئاواوە لە (طنجة) لە سەر زەریای ئەتلەسی بۆ ڕۆژهەڵات لە (شەنگهای) لە سەر زەریای هادی! و لە باشورەوە لە (سفالە ـ ئەفریقیا) لەسەر زەریای هیندی بۆ باکور لە (ئودیسە) لە باکوری دەریای ڕەش[٢] گەڕاوە و سوڕاوە، لە زەمانێکدا کە ناوی شەمەندەفەر نەدەزانرا و کەس فڕۆکەی نە بینیبوو! هەر بۆیەش ڕۆژهەڵاتناسەکان ناحەق نین کە ئەم گەڕیدەیە بە میری گەڕیدە موسڵمانەکان بژمێرن Prince of moslems travellers[٣]. بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێویستە مرۆڤ بە نازناوی

---

(١) هو محمد بن عبد الله بن محمد اللواتي الطنجي رحالة و مؤرخ توفي ٧٧٩هـ الموافق ١٣٧٧م . ينظر ترجمته في الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة للحافظ ابن حجر (٣\٤٨٠ ـ ٤٨١ تصوير دار الجيل) و تاج العروس (١٩\١٥٩ ط: الكويت) و الأعلام لخير الدين الزركلي (٦\٢٣٥ـ ٢٣٦).

(٢) ينظر خارطة رحلاته الثلاث في الموسوعة العربية(السورية) (٥\١٨٠).

فائدة: قد وجدت روايات ابن بطوطة في المصادر الصينية و في اسفار ماركو بولو، نبه على ذلك الباحثة اليابانية ياماموتوYamamoto كما تجده في كتاب: تأريخ الأدب الجغرافي العربي لأغناطيوس يوليانوڤتش كراتشكوڤسكى(١\٤٢٩ ط: لجنة التأليف و الترجمة).

(٣) ينظر الأعلام لخير الدين الزركلي(٦\٢٣٦).

گەورە هەڵنەخەڵەتێت، چونکە زۆر لە گەورەزانایانمان لە ڕاستگۆیی ئەم گەڕیدەیە بە گۆمانن[١] !.....

ئێمە بەرگری لە (ابن بطوطة) ناکەین، بەڵکو وەکو بەرگرییەك لە گەورەزانایان، شاهێدیەکی ناڕاستگۆیی ئەم گەڕیدەیە دەخەینە ڕوو.

لە لاپەڕە (٧٩)ی کتێبەکەی(رحلة ابن بطوطة)[٢] دەڵێت: ((**و وصلتُ يوم الخميس التاسع من شهر رمضان المعظم عام ستة وعشرين إلى مدينة دمشق...**)) واتە : (لە پێنج شەممەی ،(٩)ی ڕەمەزانی ساڵی ٧٢٦هـ گەیشتم بە شاری دیمەشق). پاش ئەوەی هەندێك باسی دیمەشق دەکات لە لاپەڕەی (٩٠ـ٩١) دەڵێت : ((**وكان بدمشق من كبار فقهاء الحنابلة تقي الدين بن تيمية كبير الشام.....حضرته يوم الجمعة، و هو يعظ الناس على منبر الجامع و يذكرهم فكان من جملة كلامه أن قال: إن الله ينزل إلى سماء الدنيا كنزولي هذا، و نزل درجة من درج المنبر**)) واتە : (تقى الدين ابن تيميه گەورە پیاوی شام و لە گەورە فوقەهای مەزهەبی حەنبەلی لە دیمەشق بوو .... لەڕۆژی هەینی ئامادەی وتارەکەی بووم، لە مزگەوتی ئەمەوی، کە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، لەو

---

(١) ممن طعن في ابن بطوطة ومال إلى تكذيبه معاصره ابن خلدون في مقدمته(ص١٨١ـ١٨٢ الطبعة القديمة تصوير مؤسسة الأعلمي) و لسان الدين الخطيب في الإحاطة بأخبار غرناطة (٣\٢٧٣ ط الخانجي) ودافع عنه ابن مرزوق كما في الدرر الكامنة(٣\٤٨٠ ـ ٤٨١) و كراتشكوفسكي في كتابه (تأريخ الأدب الجغرافي العربي ص٤٣٠ ـ ٤٣١) حيث أوَّلَ كلام ابن خلدون عن ابن بطوطة بتأويلٍ متعسف و ينظر : (ابن بطوطة و صناعة أدب الرحلة نسيج الواقع و الخيال ص١١ ـ ١٤ رسالة ماجستير من إعداد شادي حكمت ناصر).

(٢) اشتهر كتابه برحلة ابن بطوطة، و عنوانها: ((تحفة النظار في غرائب الأمصار و عجائب الأسفار)) أملاه ابن بطوطة على محمد بن جزيٍّ الكلبي سنة (٧٥٧ هـ) بمدينة فاس. و محمد بن جزيٍّ الكلبي هو ابن صاحب التفسير الموسوم بـ: التسهيل في علوم التنزيل ينظر: الأعلام لزركلي (٦\٢٣٦) (٧\٣٧) و تكملة المعاجم العربية (١\٣٤) و الدرر الكامنة(٤\١٦٥).

قسانەی کە لەم وتارەیەدا کردی فەرمووی: وەك چۆن من لەم مینبەرە دادەبەزم ـ پایەیەك هاتە خوار ـ ئاوا خودای پەروەردەگار بۆ ئاسمانی دونیا دادەبەزێت!).

ئەمەی کە ئەم گەڕیدەیە داویەتە پاڵ (ابن تیمیة ـ رحمه الله)، شوبهاندنی خالقە بە مەخلوق و گەورەترین سەرپێچی پەیامی قورئانی پیرۆزە، کە لەباسی ناو و سیفەتەکانی پەروەردگاردا دەفەرمێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾[١] واتە(خودا بیسەر و بینایە، هیچ شتێك نییە لە ئەو بچێت) و ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ﴾[٢] واتە : (هیچ شتێك نییە هاوتاو هاوشێوەی ئەو بێت). کەواتە تۆ بڵێی (ابن تیمیە) ئەوەندە نا ژیرو نەزانبێت ئەم قسەیە بکات؟! بێگومان هەرکەس کتێبەکانی (ابن تیمیە) بخوێنێتەوە بە تایبەت (شرح حدیث النزول)[٣] بۆی دەردەکەوێت کە ئەمە بوختانە بە (ابن تیمیە)، بۆ خستنەڕووی ئەم ڕاستییەش دوو شاهێد بەسن:

یەکەمیان: مێژوو!

ئەو مێژوویەی کە (ابن بطوطة) باس دەکات کە هاتووتە دیمەشق(٩\ڕەمەزان\٧٢٦هـ) لە پاشان ئامادەی وتارەکەی ابن تیمیە بووە! ئەو کات ابن تیمیە نزیکەی یەك مانگ بووە زیندانیکرابوو[٤]! هەر لە ناو زیندانیشدا مردووە، بێ ئەوەی دەربێت!

---

(١) الشوری:١١

(٢) الإخلاص:٤

(٣) مطبوع مراراً و من أفضل طبعاته طبعة دار العاصمة بتحقيق و تعليق محمد بن عبدالرحمن الخميس.

(٤) قال ابن حجر في الدرر الكامنة (١\١٥٩): قاموا(أي خصوم ابن تيمية) عليه مرة أخرى في شعبان سنة ٧٢٦هـ بسبب مسألة الزيارة و اعتقل بالقلعة ولم يزل بها إلى أن مات. وقال ابن بطوطة في رحلته(ص٧٩): ((و وصلتُ يوم الخميس التاسع من شهر رمضان المعظم عام ستة وعشرين إلى مدينة دمشق...)).

دووەمیان: نووسراوەکانی ابن تیمییە!

کە لە دەیان لاپەڕەدا سەبارەت بە بیروباوەڕی موسڵمانان وەڵامی ئەوانە دەداتەوە، کە خالق بە مەخلوق دەشوبهێنن [١] .

ئەمە بێجگە لە ابن بطوطة خۆی ـ علی إعتبار صدقە ـ! کە باس لەوە دەکات، کە ئەو کاتەی ئەو لە دیمەشق بووە ئیمامی مزگەوتی ئەمەوی (الجامع الأموي) شافعی مەزهەب بوو، ناوی (جلال الدین بن عبد الرحمن القزوینی)[٢] بووە. بێجگە لەوەش کە (ابن تیمیة) پێش بخرێتە زیندانەوە وتاری نەدەدا لە سەر مینبەر، بەڵکو کورسی وانەگوتنەوەی هەبوو لە مزگەوتی ئەمەوی، کە ڕۆژانی هەینی[٣] وانەی تەفسیری دەگوتەوە. بێجگە لە شاهێدی سەدان زانای ئەم ئومەتە کە بەرگری لە ابن تیمیە دەکەن دژ بە بوختانی تەشبیهو دەیان بوختانی دیکە، کە نەیارانی پێوەی دەلکێنن بە بێ بەڵگە، هەروەها شاهێدی ئەوە دەدەن کە موجتەهید و زانا و دانایە[٤].

---

(١) قال ابن تیمیة رحمه الله : ((و الذي اتفق علیه الرسل و اتباعهم، ما جاء به القرآن و التوراة: من أن الله موصوفٌ بصفات الكمال، و أنه لیس كمثله شيْ فلا تمثل صفاته بصفات المخلوقین، مع إثبات ما اثبته لنفسه من الصفات)) (الجواب الصحیح لمن بدل دین المسیح ٤\٤٣٢) و للمزید ینظر: كتاب دعوى المناوئین لشیخ الإسلام عرض و نقد (ص١٢٥ ـ ٢٠٠ أليف عبدالله الغصن ط: دار ابن الجوزي). و دفائق التفسیر الجامع لتفسیر الإمام ابن تیمیة (١\٦٠ ـ ٦٦ ط: مؤسسة علوم القرآن)

(٢) رحلة ابن بطوطة ص٨٨.

(٣) ینظر: مقدمة شرح حدیث النزول لمحققه محمد الخمیس ص٣٦ـ٣٧. و ابن تیمیة رد مفتریات و مناقشة شبهات تألیف خالد عبدالقادر ص١٠٢.

(٤) ینظر : كتاب جلاء العینین في محاكمة الأحمدین ـ ابن تیمیة و ابن الهیتمي ـ تألیف خیر الدین بن نعمان الآلوسي ص٣٣٣ـ٣٩٥ ط منیر آل زهوي. و كتاب ابن تیمیة حیاته و عصره و آراءه الفقهیة تألیف الشیخ أبو زهرة ص٢٢٦ ـ ٢٧٧ ط: دار الفكر العربي. و كتاب ابن تیمیة المجتهد تألیف الأدیب العلامة عمر فروخ ص١٥١ ـ١٩٩ ط دار لبنان للطباعة و النشر. و كتاب الرد الوافر لشیخ ابن ناصر الدین الدمشقي الشافعي ط المكتب الإسلامي.

دوا بابەت

بەرەو یەکتر قەبوولکردن لە پێناوی خودادا

زۆرجار گوڕانکاری لە مانای وشەکاندا ڕوودەدات، کاتێك جێگوڕکێیان پێدەکرێت، بۆ نمونە: (كلمة التوحيد) ماناکەی: (لا إله إلاالله) یە، بەڵام (توحيد الكلمة) ماناکەی: یەکڕێزی موسڵمانانە....

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) کاتێك یەکێ لە هەڤاڵانی بۆ یەمەن دەنێرێت بۆ بانگەوازی ئیسلامەتی پێی دەفەرمێت: بانگەوازەکەت بە (كلمة التوحيد)دەست پێبکە (لتكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله)، بە هەمان شێوەش کاتێك دوو هەڤاڵی خۆی جارێکی دیکە بۆ یەمەن دەنێرێت پێیان دەفەرمێت: (تطاوعا ولا تختلفا) یەکڕابن و دووبەرەکی لە نێوانتان نەبێت، واتە(توحيد الكلمة) بپارێزن. بەم دوو مەرجە بانگەوازی ئیسلامەتی لە یەمەن سەرکەوتووبوو، تەنانەت پاش چەند ساڵێکی کەم بەرەکەتی ئەم بانگەوازە وای کرد هەژاری لە یەمەن نەمێنێت، یەمەنییەکان زەکاتی خۆیان بۆ دەرەوەی یەمەن بنێرن! لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرکەوتنی موسڵمانان لە بانگەوازدا دەرئەنجامەکانی ئاسوودەبوونی دونیایە پێش قیامەت، مەرجی ئەم سەرکەوتنەش لە (كلمة التوحيد) و (توحيد الكلمة) دایە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زیاتر پێویستیمان بەم دوومەرجەی سەرکەوتن هەیە، خۆش بەختانەش وەدەست هێنانی ئەم دوو مەرجە زیاتر بۆمان ڕەخساوە، بە تایبەت پاش پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی، تەنانەت ئەو فەرموودەیەی پێویستبوو ڕێگای یەك مانگ ببڕدرایە، تاوەکو دەستبکەوێت، ئەمڕۆ بە کلیکێك دێتە

پێشت، ئەمە لەکاتێکدا زانایانمان ئەمڕۆ سەرەڕای جیاوازی قوتابخانە فیکرییەکانیان، تەفسیری (ابن كثير) دەخوێنن، دەشزانن (ابن كثير) پەروەردەی دەستی (ابن تيميه)ی سەلەفییە، و (فتح الباري)ی ابن حجر دەخوێنن، دەشزانن (ابن حجر) پەروەردەی دەستی (ابن الملقن)ی صوفییە، چونکە میللەتی ئیسلام بە جیاوازی قوتابخانە فیکرییەکانەوە بۆ کانگای (قورئان، فەرموودە، ئیجماع) دەگەڕێنەوە، هەروەها یەکڕان لەسەر بنەماکانی (ئیسلام) و(ئیمان). بۆیە ئیمامی شافعی (رحمه الله) کاتێك لە بابەتێکی ئیجتیهاد دا ڕای جیاواز دەبێت لەگەڵ یەکێ لە زانایان، دەستی زانایەکە دەگرێت، پێی دەفەرمێت: دەکرێ لە مەسەلەیەکی ئیجتیهادیدا یەکڕا نەبین، بەڵام ناکرێت برای یەکتر نەبین!.

ئەگەر ئەوکات سەرەڕای دەسەڵاتداری موسڵمانان بەسەر دونیادا، برایەتییان پێویست بووبێت، ئەوا جێی گومان نییە کە ئەمڕۆ لەبەر دەسەڵاتداری دوژمنانی موسڵمانان زیاتر برایەتیمان پێویستە، ئەم برایەتییەش کە (توحيد الكلمة)یە، تەنها بە کۆبوونەوەی موسڵمانان دەبێت، لەژێر چەتری (كلمة التوحيد) یەك خوداپەرستیدا. ئەگەر نا چۆن داوا لە خەڵکێك بکەین پەیامی ئیسلام لە ئێمە قەبوول بکەن، لە کاتێکدا ئێمەی موسڵمان یەکتر قەبوول نەکەین! دژایەتی یەکتر بکەین لەسەر چەند مەسەلەیەکی لاوەکی دوور لە بنەماکانی ئیمان و ئیسلام! پەروەردگار ئەم خاڵە گرنگە دەخاتەوە یادمان، کە دەفەرمێت: ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا﴾ (آل عمران:١٠٣). واتە: چاکەی خوداتان لە یادبێت، کە ئێوە دوژمنی یەکتربوون، خودا بە قورئان و ئیمان دڵەکانتانی یەك کرد، کردوونی بە برای یەکتر، دەفەرمێت: ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴾ (الأنفال:٤٦).

واتە: گوێڕایەلی خودا و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەن، ناکوك نەبن، ئەگەر نا دونیاش ئەدۆڕێنن و شکۆداریتان نامێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شکۆداری دونیاو قیامەت لە گوێڕایەلی خودا و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)دایە گۆڤارەکەشمان تەنها هەنگاوێکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەم شکۆدارییە بە پشتیوانی خودا.

الحمدُ للهِ الذي بنعمتهِ تتمُ الصالحات

بۆ خوێندنەوەی ژمارەکانی گۆڤاری ئەیووبی سەردانی لاپەڕەی فەیسبووکی ئەیووبی بکەن، لە ڕێگەی ئەم لینکەی خوارەوە، بو ئەم مەبەستەش سوود لەم بارکۆدانە وەربگرن.